# حیزبی دێموکراتی کوردستان و پرسی قانوون

عومەر باڵەکی



# حیزبی دێموکراتی کوردستان و
# پرسی قانوون

عومەر باڵەکی

کوردستان، ٢٠١٦

■ **نێوی کتێب:** حیزبی دێموکراتی کوردستان و پرسی قانوون

■ **ناوی نوسەر:** عومەر باڵەکی

■ **چاپ:** چاپی یەکەم

■ **چاپخانە: کوردستان**

■ **ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارە (      ) دراوەتێ.**

■ **ساڵی چاپ:** ٢٠١٦ - کوردستان

| | |
|---|---|
| پێشەکی بەرێز عەبدوڵلا حەسەن‌زادە | ٧ |
| پێشەکی نوسەر | ١١ |
| حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و پرسی قانوون | ١٥ |
| کۆماری کوردستان و ئیدارەی وڵات | ١٩ |
| کورتە باسیک لەسەر گەڵاڵەی کۆمیسیۆنی قەزایی‌و قانوونی سزادانی گشتی ساڵی٦٠-٦١ | ٦٩ |
| گەڵاڵەی کۆمیسیۆنی قەزایی‌و قانوونی سزادانی گشتی | ٨٣ |
| حیزبی دێموکڕات و سپاردنی دەسەڵاتی بەڕێوەبەری بە شووڕاکان | ١١٧ |
| گەڵالەی شوڕاکان | ١٢٥ |
| سەرچاوەکان | ١٣٢ |

هەنگاوێکی بەسوود
خوێنەرە بەڕێزەکان!
تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان!

ئــەم کتێبە، یان نامیلکەیەی بەر دەســتتان هەوڵێکی ســەرەتایی، بەڵام بەســوودی هاوڕێی تێکۆشــەرمان کاک عومــەر باڵەکی‌یە بۆ ئاشــناکردنی خوێنــەری خــۆی دەگــەڵ گیانــی قانوون‌دۆســتی‌و بــاوەڕ بە دەســەڵاتی قانــوون لەنێو حیزبی دێموکڕاتی کوردســتان‌دا. نووســەر لــەم نامیلکەیەدا بــە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی «کوردســتان»ی ســەردەمی کۆماری کوردستان زۆر بڕیاری ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکڕات و سەرۆکایەتیی کۆمار و بەگشــتی دامودەزگا سەلاحیەتدارەکانی ئەو ســەردەمەی دەسەلاتداریی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردســتانمان وەبیر دێنێتەوە، کــە هەموویان لەو بڕگە زەمانی‌یەدا حوکمی قانوونیان هەبووە.

جگە لەوانەش، نووســەر کــە خاوەنی بڕوانامەی لیســانس لە قانوون‌دایە بــە حوکمی ئۆگریی خۆی بە قانوون‌و قانوون‌پــەروەری زۆرجاری دیکە بڕیارو

پەسـندکراوەکانی حیزب و کۆماری لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتـی، ئابـووری، پەروەردەیـی و تەنانـەت تەشـکیلاتیدا، هـەر بە پشـکنینی ژمارەکانی «کوردسـتان» وەبیر هاوڕێکانی هێناوەتەوەو بەڕاستی لەوبارەیەوە جێگەی سوپاسە.

کاک عومەر بۆ نیشاندانی ئەو ڕاستییە کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لـە قۆناغەکانـی دوای کۆماریشدا هـەر قانوونپـەروەر و قانوونپارێز بووە، چاوێکی بەسەر بڕیارو پەسندکراوەکانی حیزب لە دەورانی دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینـی گەلانی ئێرانیشدا گێڕاوە و بەشـێک لەوانیشـی کە هەرچەند لە دەزگایەکـی قانووندانەرەوە دەرنەچـوون، بەڵام ناوی قانوونیـان لێنراوە و حوکمـی قانوونیان هەبووە هێناوەتەوە. لەوانە قانوونی سـزادانی گشـتی و گەڵاڵەی شووراکان.

بە باوەڕی مـن هەموو ئەوکارانەی کاک عومەر ئۆگریـی ناوبراو بە قانوون و بـەو دەرسـەی لە زانکـۆ خوێندوویەتـی نیشـان دەدەن و ئەم کارەشـی هەنگاوێکی بەسـوودە و لـەو بارەیـەوە بەشبەحاڵی خۆم دەستخۆشـیی لێدەکـەم و هەوڵەکەی بە بایەخەوە هەڵدەسـەنگێنم. بەڵام هیوادارم لێم قەڵـس نەبێ ئەگەر بڵێـم ئەوە بەس نیەو کار بەوەندە تـەواو نابێ. هەروەک بۆخۆی لەم نووسـینەدا هێناویەتی، لە سـاڵانی دوای دەسـتپێکردنەوەی خەباتی ئاشـکرای حیزبی دێموکراتەوە زۆرجار تەنانەت پاش نەمانی ناوچە ڕزگارکراوەکانیش خەڵکی کوردستان بۆ چاری گیروگرفت و ناکۆکییەکانیان هاتوونە لای دەزگاکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردسـتان و بەینی خۆمان بێ ئێستاش هەر دێن.

جا بۆ ئەوەی لەو جۆرە حاڵەتانەدا هەر بەرپرسەی بە سەلیقەی خۆی حوکم نەکاو بڕیار نەدا، هەق وایە کاک عومەر و هەموو ئەوانەی وەک ئەو قانوونیان تەواو کردوە، پێکەوە یان بە هەوڵی تاکەکەسی جۆرە قانوون یان ڕێنوێنی‌یەکی قانوونی دابنێن کە دوای پەسندکرانی لەلایەن ڕێبەریی حیزبی دێموکڕاتەوە، لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیان‌دا کاری پێ‌بکرێ و ببێتە مەرجەعێک بۆ هەموو ئەو دامودەزگا حیزبی‌یانەی خەڵک ڕوویان تێ‌دەکەن.

ئەوە هەر قسەیەک بوو بۆ دڵی خۆم کردم. ئەگینا هەقی ڕێنوێنی و ڕیش‌سپیگەری بەخۆم نادەم و کاک عومەر و هاوپیشەکانی بۆخۆیان باشتر دەزانن دەبێ چبکەن.

باشووری کوردستان- کۆیە
عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە
١٣٩٤/ ١٠/٠٣
(٢٠١٥/١٢/٢٤)

# پێشەکی !

قانوون کۆمەڵێک دەبێ و نابێ یە «باید و نباید» کە شێوەی رەفتاری مرۆڤ لە ژیانی کۆمەلایەتی‌دا دیاری دەکا. ئەوەی نەزم و تەرتیب لە کۆمەڵگادا پێک دێنێ و دەبێتە هۆی ئەمنیەت و ئاسایشی خەڵک، قانوونە.

بوونی قانوون بۆ کۆمەڵگا پێویستە بەو مانایە کە تاکەکانی کۆمەڵگا دەبێ سنووری ئازادیی کرداروو رەفتاری خۆیان لە کۆمەڵگا دا بزانن هەتا هەموو کەس بتوانێ بە شێوەی دلخواز و شایستە لە ژیانی خۆی لە بواری «مادی و معنوی»دا بەهرەمەند بێ. ئەگەر ئەو سنوورانە کە قانوون دیاریی کردون تێک بڕووخێن، بەو مانایە قانوون حاکم نەبێ کۆمەڵگا ناتوانێ بە ئامانجەکانی خۆی بگا ، هەر بۆیە قانوون بە یەکێک لە کۆڵەکە گرینگەکانی ژیانی هەر کۆمەلگایەک دادەنرێ.

کوردستانیش وەک هەموو کۆمەلگایەکی مروڤایەتی لە پێویستیی بە بوونی قانوون بە دەر نەبووە و نیە و نابێ، بۆیە گەلی کورد هەر کاتێک هەلی

بۆ ڕەخســابێ هەوڵی داوە قانوون بە مانای راســتەقینەی وشە لە کۆمەلگای خۆی دا پیادە بکا و خۆی لە دەست بێ‌سەرەبەرەیی لەلایەک و ئەو زوڵموزۆر کە دەسەڵاتدارانی زاڵ بە سەر کوردستان دا بە ناوی قانوون بەڕێوەیان بردوە لەلایەکــی دیکە، ڕزگار بکا. چونکە بە پێی مانای قانوون کە لە ســەرەوە زۆر بە زمانێکی ســادە و ساکار باســمان کرد، دەبێ نەزم وتەرتیب لە کۆمەلگا دا دروســت بێ و بەمجۆرە تاک تاکــی کۆمەڵ لە ژیانکی دڵخواز و شایســتە و ئەمنیەت بەهرەمەند بن. قانوونی فەرمانڕەوایانی زاڵ بەسەر کوردستان دا پتر لــەوەی لەخزمەتی بەختەوەری و خۆش گوزەرانی بــۆ کۆمەلگای کوردەواری بە گشــتی و تاکی کورد بە تایبەتی‌دا بێ لەخزمەتی چەسپاندنی دەسەڵاتی ستەمکارانەی ئەوان‌دا بووە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لەقۆناغی جیاوازدا بە دەرکی ئەو راستی‌یە لە دەرفەتی بە دەســتەوە گرتنی بەریوبەریی بەشــێک لە خاک و کۆمەلگای کوردستان‌دا هەوڵی داوە بۆ ڕێکخستنی نیاز و پێوەندییە کۆمەڵایەتی‌یەکانی کۆمەلگای کوردســتان بۆ هەر بابەتێک بڕیارو ڕاسپاردەی خۆی هەبێ کە لە سەردەم و جیگای خۆی دا وەک قانوون کاریان پێ کراوە.

حیزبی دیموکراتی کوردســتان بە هەست کردن بە ئەرکی مێژوویی خۆی لە وەدەست‌هێنانی مافی زەوت کراوی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان‌دا ، چەند مانگ دوای بەڕێوچوونی یەکەم کۆنگرەی خۆی، کۆماری کوردستانی دامەزرانــد و لــە کۆبوونەوەیکی ٢٠هەزار کەســی‌دا (روژنامەی کوردســتان ژمارە ٨) بە خەلکی کوردســتان راگەیاندو پشــتیوانیی خەڵکی کوردستانی بــۆ دامەزراندنی کۆمار لەو کۆبونــەوە جەماوەری‌یە وەرگرت و بە دوای ئەوەدا هەیئەتی دەوڵەت ڕێک‌خرا و کەوتنە پڕ کردنەوەی بۆشایی دەسەڵاتی سیاسی و راگەیاندنی کۆمەلێک ڕێوشوێن بۆ ڕێکخستنی ژیانی رۆژانەی خەڵک ولەو کاتەوە هەتا ئیستا ئەم حیزبە هەر کاتێک هەل و دەرفەتی بۆ ڕەخسابێ بێجگە

لـــەوە کە لە بەرامبەر پەلاماری نەیار و دوژمنانی کورددا راوستاوە،هەوڵیشـــی داوە لە ڕێگای دانان و پاراستنی قانوونەوە نەزمی کۆمەڵگا ڕێک بخا.

خوێنــەری خۆشەویســت! ئــەو نوسراوەیەی بەردەســتتان بە مەبەســتی ناساندنی زیاتری حیزبی دێموکراتە لە بواری پاراستنی قانوون و بەڕێوەبەریی وڵاتدا. بێ‌شک هەر کارێک لە سەرەتادا دەستی پێ‌دەکرێ بێ کەموکوڕی نابێ بــە تایبەتی بۆ کەســی وەک مەمانان کە زۆرترین کاتــی تەمەنمان بە ڕاپەڕاندنی ئەرکی پیرۆزی پێشمەرگایەتی تێپەڕ کردوە. دەش‌زانین کە کاری لەوشــێوەیە پێویستیی بە لێکۆلینەوەی وردی زانستی‌و سەرچاوە و ئارشیوی دەوڵەمەنــد هەیە. بەڵام مــن وەک ســەرەتایەک بۆ ئۆگرانی شــارەزایی لە مێژووی حیزب کە بەشێکی گرینگی مێژووی رۆژهەلاتی کوردستانە ویستوومە پەنجەرەیەک بکەمەوە و هیواخوازم کەسانی شارەزا و بەتوانا ئەو ئەرکە گرینگە لە ســەردەمی ئیستادا وە ئەســتۆ بگرن و هەوڵ بدەن ئەم بابەتە دەولەمەند بکەن. لێرە پێویســتە ئیشــارە بەو راســتی‌یە بکــەم کە من زیاتر ویســتوومە لایەنە باشــەکانی کاری حیزبی دیموکرات لە بواری پاراستنی قانوونەوە زەق بکەمەوەو کەمتر هەوڵم داوە ماددەو بڕگە قانوونی‌یەکان لە قۆناغی جیاوازی ژیانی حیزبدا هەڵ‌سەنگێنم و رەخنەو کەموکوڕی‌یەکان دەست‌نیشان بکەم ،ئەوەیان بە شــارەزایانی بواری داڕشتنی برگە قانوونی‌یەکان دەسپێرم کە بە پێی زەمان ومەکان هەڵی‌سەنگێنن و نەزەری خۆیانیانی لەسەر دەربرن.

بەپێویســتی دەزانم سپاسی ماموستا عبدواڵلاحەســن زادە بکەم لەگەل ئەوەدا کاری زۆر بوو کاتی بۆ خویندەنەوەی ئەو کتیبە تەرخان کردوبەرێنوینی کانــی یارمەتی دا زیاتر بەکــەم وکورتیەکان دابێمــەوە ولەهەمان کات دا بە نووسینی ئەو پێشــەکییە جوانە هەم کتیبەکەی دەولەمەندکردوهەم ئەرکی زیاتری خستۆتە سەر شانی من وهاورییانم بۆ درێژەدانی ئەو ئەرکە پیرۆزە.

لێرەدا جێی خۆیەتی سپاسی هاوڕێ‌یانی بەشی چاپەمەنیی حیزب بکەم

که هاوکارم بوون بۆ تایپ کردنی بەشـــی بەرچاوی دوکۆمێنیتەکان وهەروەها سپاسی کادری لەمێژینەی حیزب قاسمی سوڵتانی بکەم بۆ هاوکاری کردنی لــە دیتنەوەی گەڵاڵــەی شــووراکان وگەڵاڵەی زەوەی وزارو دەستخۆشـــی لەهــاوری وهاوکارم کاک عەلــی بوداغی بکەم بۆ پێداچوونــەوەی ئەم دەقە لەبواری ڕێنووس و ڕێزمانەوە.

لە کۆتایی دا هیوادارم توانیبێتم لەو ئەرکە گەورەیەی بزاڤی ئازادیخوازانەی کورددا بەردێک لە ســەر بەردێک دابنێم و داواکاریشم لە کەم وکورتییەکانم ببوورن.

باشووری کوردستان- کۆیە
عومەر باڵەکی

١٣٩٥/ ٠٢/ ٠١

# حیزبی دێموکراتی کوردستانو پرسی قانوون

دەسپێک:

یەکێک لە پرسە گرینگەکانی ژیانی مرۆڤایەتی ڕێکخستنی پێوەندییەکان لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا لە لایەکو لە نێوان کۆمەڵگایەک لە گەڵ کۆمەڵگایەکی دیکە لە لایەکی دیکەوەیە، ڕێکخستنی ئەوپێوەندییانەش پێویستیی بە کۆمەڵێک قاعیدەو قانوونو پێبەندیی تایبەت هەیە.

پێ بەپێی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی قانوون گەشەی کردوەو دیارە مرۆڤ دوای پێوانی ڕێگایەکی پڕهەورازونشێو گەیشتۆتە ئەو ڕادەیە لە پێشکەوتن کە بشێوی و بێ سەرەوبەرەیی وەلا بنێو، گوێڕایەڵی قانوون بێ. ئەو دەسکەوت و ئەزموونە هەروا ئاسانو بەخۆڕایی وەدەست نەهاتوە. ئەگەر لە دالانی تەنگو تاریکی مێژوو بڕوانینو ڕۆچنەیەک بدۆزینەوە بۆ ڕوانین لە ڕابردوو، ئەوی دەیبینین زیندان، ئەزیەت و ئازار، کوشتار، تاڵانو بڕۆ و هەموو ئەو کوێرەوەرییانەیە کە مرۆڤ بۆ گەیشتن بە کەسایەتیو پلەو

پایەی کۆمەڵایەتی، بەختەوەری و ئازادیی خۆی پێیان دا تێپەڕیوە. مرۆڤ هەموو ئەو ئەزیەت و ئازار و قوربانیدان و ئاوارەیی و دەربەدەرییانەی لەپێناوی دامەزراندنی حکوومەتی قانوون و نەهێشتنی زوڵم و زۆر و دابین کردنی دادپەروەری و یەکسانیدا قبووڵ کردوە.

ئەو کۆمەڵە بنەمایە کە تەوافوقی کۆمەڵگای لەسەر بێ لە سەردەمی ئەمڕۆدا بە قانوون دەناسرێ و ڕادەی پێشکەوتوویی هەر کۆمەڵگایەک لە بواری شارستانەتییەوە پێش هەموو شتێک بە ڕادەی پابەندبوونی تاکەکان بەو قانوونانە دیاری دەکرێ. لە یەک قسەدا بەختەوەریی هەر کۆمەڵگایەک بەستراوەتەوە بە نیزامی قانوونیی ئەو کۆمەڵگایە. واتە ئەوە کە نیزامی قانوونیی وڵاتێک چەندە بواری ڕەخساندوە بۆئەوەی کەسایەتیی مرۆڤەکان بە قانوون پارێزراو بێ و لەبەرامبەردا تاکی ئەو کۆمەڵگایە چەندە ئامادەیە لە چوارچێوی قانووندا هەڵس و کەوتی خۆی ڕێک بخا. ئەوە روونە کە هەر ئەندازە ڕادەی پابەندبوونی تاکەکانی کۆمەڵگا بە قانوون ڕوو لە زیاد بوون بێ، بەو ڕادەیەش ئەوکۆمەڵگایە بەرەو ئارامی و ئەمنیەت و سەقامگیری هەنگاو دەنێ و زۆریش سروشتییە کە لە کۆمەڵگایەکی ئارام و سەقامگیردا هەنگاونان بەرەو پێشکەوتن و گەشە کردنی ئابووری و سیاسی خێراتر دەبێ.

کۆمەڵگای کوردەوارییش لەو قانوونە بەدەر نیە، بەڵام باش دەزانین کە کورد هەتا ئێستاش ئەو دەرەتانەی بۆ نەڕەخساوە کە خۆی حوکمی خۆی بکا. بەخۆشییەوە ئێستا هەرێمی کوردستان -عێراق ئەو قۆناغەی هەتا ڕادەیەک بڕیوە، بەڵام لەماوەی نزیک بە سەد ساڵی رابردوودا هەرکاتێک دەرفەتێک ڕەخسابێ، یەکەم شت کە بیری لێ کرابێتەوە ڕێکخستنی کۆمەڵگا بووە کە دیارە ئەوبابەتە زۆرتر لە لایەن حیزبەکانەوە ڕەچاو کراوە و بڕیاری لەسەر دراوە، چونکە حیزبەکان ڕێبەریی جووڵانەوەکانیان کردوە و ئەو ڕێبەری کردنەش تەنیا لە بەرەکانی شەڕ لە گەڵ دوژمندا کورت نەبۆتەوە، بەڵکوو لایەنی دیکەی

وەک دروســت کردنی فەرهەنگی پێشکەوتوو و ســەردەمی‌یانەو ڕێکخستنی کۆمەڵگا لە بواری جۆراوجۆردا لە دەستووری کاریان‌دا بووە و ئەوانەیان وەک ئەرک بۆ خۆیان دەستنیشان کردوە.

حیزبــی دێموکراتــی کوردســتان لە مــاوەی ٧ دەیە تێکۆشــانی خۆی‌دا ڕێگایەکی پڕ لە هەورازو نشــیوی لە مەیدانی خەبات‌دا تێپەڕ بریوە و گەلێک شانازیی لە مێژووی کورددا بۆ خۆی تۆمار کردوون. لە چەند قۆناغی جیاوازی مێژوویی‌دا بەڕێوەبەریی بەشــێک لە وڵاتی کەوتۆتە ســەر شان (سەردەمی کۆمــاری کوردســتان، دوای ڕووخانی نیزامی پاشــایەتی‌و هاتنە ســەرکاری کۆماری ئیسلامی)و لە هەرکام لەو قۆناغانەدا ئەم حیزبە کۆمەڵێک ڕێوشوێن بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگا داڕشتوە و کۆمەڵگای کوردستانی پێ ئیدارە کردوون.

# کۆماری کوردستان و ئیدارەی وڵات

کۆماری کوردستان لە بواری جیاجیادا توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی زۆری لەسەر کراوەو بە سەدان وتارو بابەتی لەسەری نوسراون، بەڵام ئەوەی تا ئێستا ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە یان بە کەمی باسی کراوە شێوەی بەڕێوەبەریی وڵات لە کۆماری کوردستان‌دا بەهۆی قانوونەوەیە، بەواتایەکی دیکە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردستان‌دا چۆنی توانیوە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆی بەڕێوە بەرێ و بەتایبەتی دەزگای دادوەری چۆن توانیویەتی کێشەو گیروگرفتی خەڵک چارەسەر بکا.

لە حاڵێک‌دا کۆماری کوردستان هەل‌و دەرفەتی ئەوەندی لە بەردەست‌دا نەبووە کە بتوانێ بە هەڵبژاردنێکی گشتی لە نێو خەڵک‌دا ناوەندێکی قانوون‌دانان پێک بێنێ‌و لە ڕێگای ئەو ناوەندە وە کە پارلمانە، لە بواری جیاوازدا کۆمەڵە قانوونێک بۆ ئیدارە و پێشخستنی کۆمەڵگا پەسەند بکا و لە ڕێگای دەزگای ئیجرایی‌یەوە لە نێو کۆمەڵگادا بەڕێوەیان بەرێ، لە کتێبی «کورد لە سەدی نۆزدە وبیست‌دا» نووسینی کریس کۆچێرادا هاتووە: پێشەواقازی مەحمەد گرینگیی ئەو بریار و پەسندکراوانەی بۆریکخستنی کۆمەلگا لە لایەن کۆماری کوردستانەوە دەرچوون لە وتوویژ لەگەڵ فڕانس پریس‌دا لە سێ خاڵ‌دا دەستەبندی دەکا.

*١-ئەگەر دەوڵەتی ناوەندی بیەوێ قانوونی بەڕاستی دیموکراتی لەهەموو وڵاتدا جێبەجی بکا ودان بەو قانوونانەی کوردستاندا بنێ ،واتە خوێندن بە زمانی کوردی و ئوتونومیی دامودەزگای بەڕێوەبردن و سوپای ناوچە بە رەسمی بناسێ، کوردەکان رازی دەبن،ئێمە بەو چارەسەرە شاد دەبین و ئامادەین سەرلەنوێ پێوەندیی خۆمان دەگەل تاران ئاسایی بکەینەوە.*

*٢-دەوڵەتی ناوەندی جارێ ناتوانێ ئەم قانوونانە جێبەجێ بکا .*

*٣-ئیمە دەمانەوێ هەتا زووە هەڵبژاردنی ئەنجومەن بەڕێوە بچێ ،بەو مەرجە کە بەئازادی و بەدەرلە گوشاری سوپای ئێران ئەنجام بدرێ.*

د.قاسملوو لە کتێبی «چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی»دا بەم شێوەیە باس لە دابینکردنی ئەمنیەت لە کۆماری کوردستاندا دەکا: «دابینکردنی ئەمنیەتو ئاسایشی خەڵک سەرکەوتنێکی بەرچاوی کۆماری کوردستان بوو، لە کاتێکدا هەزاران کەس چەکدار بوون، لە ماوەی یازدە مانگدا تەنیا یەک کەس کوژرا. دزی هەر نەمابوو، بەرتیل خواردن کە لە زەمانی شادا دیاردەیەکی زۆر بڵاو بوو، لە کۆماری کوردستاندا بە تاوانیکی گەورە دەزانرا». هەروەها حامید گەوهەری لە کتێبی «کۆماری کوردستان«دا بەم شێوەیە باسی قانوونپاراستن لە *کۆماری کوردستاندا دەکا:* «لە کۆماری کوردستاندا، وەک هەموو دەوڵەتانی سەربەخۆ و کۆماری ئازەربایجان یاسا پەیرەو دەکرا، بەڵام بەپێچەوانەی دەوڵەتانو کۆماری ئازەربایجانەوە، کۆماری کوردستان دەزگای یاسادانەری نەبوو، واتە پارلمانی نەبوو، هەروەکی پێشتر بینیمان حیزبی دیموکراتی کوردستان خۆی حکوومەتی راگەیاندو مەلا حوسینی مەجدیی کرد بە بەڕێوەبەری دەزگای دادوەریی کۆماری کوردستان».

جەعفەر عەلی لە کتێبی «ناسیونالیزم وناسیونالیزمی کوردی»دا دەڵێ: «پاش ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، قازی محەممەد وەک سەرکۆمار دیاری کراو، لە١١ی فێوریەی ١٩٤٦ یش‌دا بڕیاری پێکهێنانی دامودەزگای حکوومەت درا، کابینەیەکی وەزیران کە بە هەیئەت‌رەئیسەی میللی دەناسرا، بە سەرۆکایەتیی حاجی بابەشێخ پێک‌هێنرا. ئەو هەیئەت‌رئیسە میللی‌یە دوای سەرکۆمار بە بەرزترین دەزگاو دەسەڵات دادەنرا. حکوومەتی کوردستان وەک دەسەڵاتێکی دیفاکتۆ بە مەبەستی پڕکردنەوەی ئەو بۆشایی‌یە لە کاروباری ئیداری ناوچەکەدا دروست ببوو دامەزرێندرا، لەجیاتی بەکارهێنانی زاراوەکانی وەزیرو وەزارت بەگشتی دەربرینەکانی «ئیدارە» و «سەرۆکی ئیدارە» بەکار دەهێنرا، بۆئەوەی هیچ ناکۆکی‌یەکیش لەگەڵ دەستووری ئیرانی‌دا دروست نەبێ. حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆی بەرپرسی قانوون‌دانان بوو، نەک کۆماری کوردستان».دوکتۆر مارف عومەر گوڵ لە کتێبی «کێشەی کەسایەتیی یاسایی نیونەتەوەیی گەلی کورد»دا دەڵێ: قازی محەممەد کرا بە سەرکۆمار و ڕێبەرانی دیکەی حیزبی دیموکراتی کوردستان ،وەکوو سەرۆکایەتیی حکوومەت ئیش وکاریان بە سەر دا دابەش کرا. ئەگەر چی پارلمان پێک‌نەهینرابوو، بەلام بڕیارەکان بەناوی سەرۆکی کۆمارەوە دەردەچوون. هەر وەها«نجفقلی پسیان» لە کتێبی «لە مەهابادی خوێناوی‌یەو هەتا لێوارەکانی ئاراس»دا لەبارەی دەسەڵاتداریی پێشەوا و بەڕێوەبەریی وڵاتەوە ئاوا دەنووسی: «قازی محەممەد لە دەورەی دەسەڵاتداریی خۆی لە مەهاباددا ڕێکاری تایبەتیی گرتە بەر بەوشێوەیە ئیزنی نەدا لە شاردا تاڵان و بڕۆ و کوشتن روو بدا.ئەوشێوە کارکردن و بەڕێوەبەری‌یە وای کرد کە ئەمنیەت هەبێ. لە ماوەی دووساڵ دەسەلاتداریی قازی محەممەددا تەنیا یەک کەس کوژرا و دابین‌کردنی ئەو ئەمنییەتە وای کردبووکە خەڵک هۆگری‌یەکی تایبەتی‌یان بە قازی محەممەد هەبێ.

«ئەحمەدقـازی لە کتێبـی «خلاصه تاریخ کردسـتان»دا دەڵـێ: «کۆماری کوردستان شاد و سەرزیندوو بوو،ولەوێدا بە پێچەوانەی ئازەربایجان کرداری پۆلیسـی بە شـێوەی توندوتیـژ نەبوو. خەڵـک لەوپەڕی ئـازادیدا دەژیان ،گوێیان لە رادیۆکانی خاریجی دەگرت. توندوتیژی و قەتڵ و تیرۆری سیاسی نەبوو. «د. یاسـین سەردەشتی» لەوبارەیەوە لە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جووڵانـەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد لە کتێبی «کوردسـتانی ئێـران»دا ئاوا باس لە هەلومەرجی ئەوکات دەکا: « بۆ پڕکردنەوەی بۆشـایی ئیـداری و راپەڕاندن و بەڕێوەبردنی کاروباری هەرێمەکە کومیتەی ناوەندیی ،ح.د.ک،چەنـد کۆبوونەوەیکـی سـاز دا و لە ئاکامدا بڕیـاری پێکهێنانی حکوومەتێکی دا لەژێر ناونیشـانی «هیئت رئیسەی میللی» بەسەرۆکایەتیی حاجی باباشێخ.» د. یاسین لەدرێژەدا دەنووسێ: «دوور لە ژاندارم و ئەرتەشی شاهنشاهی لەژێر سایەی حکوومەتی کوردستاندا هاووڵاتییان بەیەک چاو سەیر دەکران و شتیک نەبوو بە ناوی هاووڵاتی پلەیەک و پلەدوو، کەمینەکان تێکـڕای ئەومافانەیان هەبوو کە کورد هەیبوو و لەسـەر جیاوازیی بۆچوون و دیدی سیاسـی کەس نەدەگیرا و تینوتاویان بۆکـەس نەدەهێنا.زیندانێکی نهێنی یا خود ئاشـکرا بەناوی زیندانی سیاسی نەبوو. ئەوە لەکاتیکدا نەک تەنیا لەوناوچانەی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ئێران بەڵکوو لە ناوچەکانی ژێر دەسـەڵاتی حکوومەتی ئازربایجان گرتن وکوشتن لەسەر جیاوازیی بیروڕای سیاسی زۆرئاسایی بوو.»

کۆماری کوردسـتان بێجگە لـە بەڕێوەبردنی ناوچەکانی ژێر دەسـەڵاتی خـۆی وەک دەوڵەتێـک هەوڵی داوە پێوەندیـی دۆسـتانە وهاوتەرازلەگەل دەراوسـێکانی خۆی پێک بێنی ولەریگای قانوونەوەوبەسـتنی پەیماننامەی هاوکاری کێشـەکان چارەسـەر بکا.ئەوەی خوارەوە دەقـی ئەوپەیماننامەیە کەلەرۆژنامەی کوردسـتان ژمارە ٤٥ لەرۆژی ١٨ی بانەمەری١٣٢٥ لەلاپەرە

٣داچــاپ وبڵاو بۆتەوە وەک خۆی دەنوســینەوە. رۆژی ســێ شــەممە ٣ی بانەمەری١٣٢٥ بەئامــادە بوونــی ســەرانی هــەر دووحکومەت(کۆمــاری کوردســتان-حکومەتی میللــی ئازربایجان)لەعمارەتــی میللــی ئازربایجان لەشــاری تەورێزئەوریکەوتننامەییــە خــوارەوە ئیمزاکــرا. پیماننامەی نیوان کۆماری کوردستان وحکومەتی میللی ئازرەبایجان: «....بۆقایم ومحکم کردنی دۆســتایەتی کە لەبینی آزربایجــان ومیلتی کوردســتان دا بووەبۆ پایەداری وصمیمــت ودۆســتایەتی زیاتر بــوون لەبینــی ئەودوومیللەتەدائەوقرارانەی خوارەوەیــان قبول کردوهر دووکیان لەآینده دالەگەل ژیانی خۆیان تطبیقی دەکەن

*١ -لەوجێگایانــەی پێویســت بزانری هــەردووک حکومەتی میللی نوێنەر دەگۆرنەو.*

*٢ - لەئازربایجاندائەوجێگایانــەی کەدانیشــتوانی کوردبــن کاری ئیــداری دەولەتــی بەکــوردان دەبێ...وەهەروهالەکوردســتانیش لەوجیگایانەی کەبەشــی زۆری دانیشتوان ئازربایجانی بن لە تەرەف ماموورانی حکومتی میللی آزربایجان ایدارە دەکری.*

*٣ -بوحــەل بوونی موضوعی اقتصادی لەبینــی هەردوک میلەتان کومیســیونیکی تیکەلاوداده‌مــزری وەقــەراری ئەوکومیســیونەی بەکۆششی سەرانی ئەودووحکومەتی اجرادەکری.*

*٤ -لەکاتــی پی ویســت دالەبینــی حکومەتــی میلــی آزربایجان وکوردســتان هاوکاری پێشــمەرگەیی دەکری ودەبی ئــەوی لازم بی بۆکۆمەکی یەکتری ئەنجام بدرێ .*

*٥ -هەرکاتیک پێویست بێ لەگەل حکومەتی تاران گوفتاری بکری دەبێ بەموافق نظری حکومت میلی آزربایجان وکوردستان بێ .*

*٦ -حکومتــی میلــی آزربایجــان بۆئــەو کوردانــەی کە لــە خاکی آزربایجانــدا دەژین تائــەو ئەندازەی کە بتوانی بۆ پێشــکەوتنی زمان*

*وتەرەقی پیدانی فرهنگی وان هەول دەدا، هەر وەها حکومەتی میلی کوردیش بۆئەو آزربایجانیانەی کەلەخاکی کوردستان دا دەژین بۆ پێشکەوتنی زمان وتەرەقی پێدانی فرهنگی میلی وان ئەو ئەندازەی بتوانی هەول بدا.*

*٧-هر کەس بۆ تیکدانی دۆستایەتی تاریخی نەتەوەی آزربایجان وکورد ولەبین بردنی برایەتی وەدیموکراتی میلی یا لەکەدار کردنی یەکەتی وان هەول بداهەر دوولابەیەک دەست ئەومزتکیبانە بەجزای خۆیان دەگەیین.»*

ئەو نموونانەی سەرەوە دەرخەری ئەو ڕاستی‌یەن کە بەڕێوەبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کەهەر لەوکاتەدابەڕێوەبەرانی کۆماری کوردستانیشن، دەستیان لە سەر دەست دانەناوەو بۆ چرکەیەکیش نەیانهێشتوە کات بە فیڕۆ بچێ؛ بەومانایە کە لە هەموو بوارەکانی ژیان‌دا بە پێی گرنگیی بابەتەکە بڕیاریان دەرکردووەو بە ڕای گشتیی کۆمەڵگایان ڕاگەیاندوە. دوای ڕاگەیاندنی بابەتەکە، دامودەزگای پێوەندیدار لە حکوومەتی کۆماری کوردستان‌دا هەوڵیان داوە بڕیارەکە جێبەجێ بکەن، واتە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو پێوەندی‌یەدا وەک پارڵمان کاری کردووەو هەیئەتی وەزیران وەک دەزگای ئیجرایی، قانوونەکان‌و پرۆژەو گەڵاڵەکانی جێبەجێ کردوون.

بۆ سەلماندنی ئەو قسەیە دەتوانین ڕۆژنامەی «کوردستان» کە لە سەردەمی کۆماری کوردستان‌دا چاپ‌و بڵاو بۆتەوە وەک نموونە بە بەڵگە بێنینەوە، چونکە لە هیچ لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەی کوردستان‌دا نابینرێ ئەو بابەتانەی پێوەندی‌یان بە هەموو کۆمەڵگاوە هەیە بێجگە لە ئیمزای کۆمیتەی ناوەندی، ئیمزای دیکەیان لەسەر بێ؛ تەنیا ئەوبابەتانە نەبێ کە تایبەتن‌و ڕەهەندێکی ژیانی کۆمەڵگا لە خۆ دەگرن کە لە ڕێگای سەرۆکانی ئیدارەکان

یان وەزیرەکانەوە دەرچوون.

لە زۆربەی سەرچاوەکانی بەردەستدا ناوی ئەندامانی کابینەی کۆماری کوردستان بە شێوەی خوارەوە نووسراوە، بەڵام دەبێ سەرنج بدەینە ئەو خاڵە کە هەیئەتی دەوڵەتی کوردستان هەروەکی لەپێشدا باس کرا بەناوی هەئیەترەئیسەی میللی و وەزیرەکانیش بەناوی سەرۆکی دەزگاو ئیدارەکان کاریان دەکرد.

| | |
|---|---|
| پێشەوا قازی مەحمەد | سەرکۆماری کوردستان |
| حاجی بابەشێخی سیادەت | رەئیسی هەیئەتی میللیی کوردستان |
| محەممەد حوسینی سەیفی قازی | وەزیری جەنگ |
| مەحمەد ئەمینی موعینی | وەزیری نێوخۆ |
| ئەحمەدی ئیلاهی | وەزیری ئابووری |
| کەریمی ئەحمەدەین | وەزیری پۆست وتێلیگراف |
| خەلیلی خوسرەوی | وەزیری کار |
| حاجی مستەفای داودی | وەزیری بازرگانی |
| مەحموودی وەلیزادە | وەزیری کشتوکاڵ |
| سەدیقی حەیدەری | وەزیری راگەیاندن |
| سمایلئاغای ئیلخانیزادە | وەزیری رێگاوبان |
| سەید مەحمەدی ئەییووبیان | وەزیری لەشساغی |
| مەلا حوسینی مەجدی | وەزیری داد |
| منافی کەریمی | وەزیری فەرهەنگ |
| عەبدورڕەحمانی ئێلخانیزادە | وەزیری موشاویر |

بێجگە لەو کەسانەی سەرەوە کە لە کابینەی دەوڵەتی کۆماری کوردستاندا وەک وەزیر کاریان کردوە لانی کەم دوو ئیدارەی دیکەش هەبوون کە کاری

پێوەندیدار بە ئەرکی سەرشانی خۆیان راپەڕاندوە:

**ئیدارەی دارایی کوردستان بە سەرۆکایەتیی ئەحمەدی عیلمی**
**ئیدارەی گشتیی ئەوقاف بە سەرۆکایەتیی مەلا محەممەدی لاهیجانی**

ئەوانـــەی خوارەوەش کاروباری شـــاری مەهابـــاد وەک پێتەختی کۆماری کوردستانیان رادەپەڕاند:

**شارەداریی مەهاباد بە سەرۆکایەت ی غەنیی خوسرەوی**
**شارەبانیی مەهاباد بە سەرۆکایەتیی سەید پیرەی خزری**
**ئیدارەی باربەری و گەیاندن بە سەرۆکایەتیی وەهابی قازی**

## پێناسەیەکی کورت:

بڕیارەکانـــی ســـەردەمی کۆماری کوردســـتان زۆربـــەی بوارەکانی ژیانیان گرتۆتـــەوەو بە واتایەکی دیکە تایبەتمەندیـــی قانوون لە خۆ دەگرن چونکە لە ســـەرچاوەکانی قانوون کەڵکیـــان وەرگرتووە لە هەر بوارێـــکدا بە زمانی ئەو بوارەو لە بەرژەوەندیی کۆمەڵگا قەرارو بڕیاریان داوە.

**بە پێـــی دەقی قانوونەکان لە زۆربەی نزیک بـــە تەواوی قانوونەکانی وڵاتانی جۆراوجۆردا ئەو خاڵانەی خوارەوە دەبن بە سەرچاوە:**

*١ - پارلمان وەک ناوەندی قانووندانان*
*٢ - قانوونی بنەڕەتیی ئەو وڵاتە*
*٣ - داب و نەریت (عورف)*
*٤ -ئایین*
*٥ - ئەو حوکمانەی پێشـــتر لە لایەن دەزگای دادوەرییەوە لە سەر مەسەلەیەک دەرچووبن.*

قانــوون کاتێک دەکەوێتە خانــەی جێبەجێکردنەوە کە ئەو چەند خاڵەی خوارەوەی لەخۆ گرتبن، واتە دەقێکی قانوونی دەبێ ئەو تایبەتمەندییانەی تێدا بن.

*١- ڕوون و شەففاف بێ.*

*٢- لەلایەن دەسەڵاتی گشتیی پێوەندیدارەوە دانرابێ.*

*٣- لە تەواوی هەرێمی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتدا بەڕێوە ببرێ.*

*٤- خێرایــی هەبــێ لــە دانــان و پەســەندکردنی و هەرلەوحاڵەدا کارئاسانیی بۆ هەموارکردن تێدا هەبێ.*

*٥- کاریگەریی گرینگی لە سەرگەشەکردنی کۆمەڵگا هەبێ.*

-بێجگە لە وانە دەسەڵاتی سیاسی و حوکمڕانیی وڵات کە مافی پێ‌دەدرێ قانوون لەســەر کۆمەڵگادا جێبەجێ بکا، پێویستە قانووندانەرەکە گرینگی بەو سێ خاڵەی خوارەوە بدا.

١- دەستنیشان کردنی ئەو کردارو گوتارانەی سزایان پێویستە واتە بە ڕوونی دەستنیشان بکرێ کە کام کردار یا گوتار تاوانە.

٢- دیتنەوەی ئەو کەسانە کە تاوانەکە دەکەن و شێواوی لە کۆمەلگادا دروست دەکەن، ســزادانی ئەمانەش دەبێ بە پێی کۆمەڵێک مەرج و ڕێکاری قانوونی بەڕێوە بچێ.

٣- دیاریکردنی سزاکان لە بەرامبەر تاوانەکاندا.

ئێســتا بــەو پێشــەکییە کورتــە و دەستنیشــان کردنی خــاڵ و تایبەتمەندییەکانی قانوون چەند نموونەیەک لەو بڕیارانە کە لە ســەردەمی کۆماری کوردســتاندا دەرچوون لێرەدا باس دەکەین و شی‌یان دەکەینەوەو لــە کۆتاییدا هەموو یان زۆربــەی زۆری ئەو بابەتانە کــە ڕۆژانە وەک قانوون کۆمەڵگای ســەردەمی کۆماری کوردستانیان پێ بەڕێوە چووە و لە ڕۆژنامەی «کوردستان»ی ســەردەمی کۆماری کوردستاندا بڵاو بوونەتەوە وەک خۆیان دووبارە دەنووسینەوە.


## - گرنگی‌دان بە زمانی کوردی

زمانی هیچ نەتەوەیەک بێ‌بوونی دەسەڵاتی سیاسی ناتوانێ وەک پێویست لە بوارەکانی» قانوون، سیاسەت، ئابووری، دیپلۆماسی»دا گەشە بکا.

هەر نەتەوەیەک دەسەڵاتی سیاسیی هەبوو، واتە خۆی چارەنووسی خۆی دیاری کرد زمانەکەشی گەشە دەکا. بەو مانایە دەسەڵاتی سیاسی هەموو قەرارو بڕیارو قانوونەکانی بەو زمانە دەردەکاو هەوڵ دەدا گەشەپێدانی زمانەکە درێژە پێ‌بدا.

نەوشیروان مستەفا لە کتێبی «کورد لە گەمەی سۆڤیەت‌دا» بەو شێوەیە باسی گرینگی‌دانی کۆماری کوردستان بە زمانی کوردی دەکا: «حکوومەتی کوردستان لە کاروباری ڕۆژانەی خۆیدا وازی لە زمانی فارسی هێناو هەر لە سەرەتاوە هەنگاوی ئازایانەی هاویشت بۆ دانانی بناغەی ئەو زمانە پێویستە. کۆمیتەی مەرکەزی کە بەکردەوە ئەرکی دانانی قانوون‌و، هەیئەتی رەئیسەی میللی‌و، وەزارەتەکانیش یاخود وەکووخۆیان ناویان بردوون؛ئیدارەکان کە ئەرکی بەڕێوەبردنی کاروباری رۆژانەو جێبەجێ‌کردنی بریارەکان ئەبینێ بەکوردی کارەکانیان ئەنجام دا، لەوەش‌دا سەرکەوتوو بوون‌و بەشێنەیی خەریک بوو زمانی کوردی دەبوو بە زمانی دەوڵەت‌و حوکمرانی.»

هەروەکی لەسەرەوە باس کرا دەسەڵاتی کۆماری کوردستان هەستی بە گرینگیی زمان کردوە، هەر بۆیە هەوڵی داوە زمانی کوردی وەک زمانی رەسمی لە دامودەزگای بەڕێوەبەریی کۆماری کوردستان‌و بە تایبەتی لە قوتابخانەکان کاری پێ بکرێ‌و دەرسی پێ بخوێندرێ. ئەوەتا بەمجۆرەو لە بڕیارێک‌دا گرینگیی ئەو بابەتە دەردەخا:



آگاداری

بەتەواوی ئەهالی خوشەویستی (سابلاغ)
رادەگەیندرێت ـ لەسەر ئەمری پیشوای معظم
وقەراری (حزبی دیمو کراتی) کوردوستان
لەوەی بەولاوە پیویستە بوپەرە پیدانو رواجی
زمانی .کوردی خویندن لەمەدرەسەکاندا بە
کوردیە لەو (تاریخەوە) تا ١٠ روژی دیکە
هەر کەسیک کورو کچی هەبی کەعومری ئیقتضای
خویندن بکا دەبی بی نیریتەمەدرەسە ئەلبەتە هەر.
کەس لەو ئەمرە رووەرگیری بەتوندترین مجازات
تەنبی دەکری .
کومیتەی مەرکەزی (حزبی دیمو کراتی کورد
وستان ـ (معاون حزب طەزادە)

[ ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارەی ١، لاپەڕەی ٤، پێنجشەممە ١٣٢٤/١٠/٢٠ (١١ ژانویەی ١٩٤٦ ) ]

ئاگاداری

بە تەواوی ئەهالی خۆشەویستی « سابڵاغ» ڕادەگەیندرێت لە سەر ئەمری پێشەوای معظمو قەراری «حیزبی دێموکراتی کوردستان» لەوەی بەولاوە پێویستە و بۆ پەرەپێدان و ڕەواجی زمانی کوردی خوێندن لە مەدرەسەکاندا بە کوردیە، لەو تاریخەوە تا ١٠ ڕۆژی دیکە هەر کەسێک کوڕ و کچی هەبێ و عومری ئیقتضای خوێندن بکا دەبێ بێ نێرێتە مەدرەسە ئەڵبەت هەرکەس لەو ئەمرە ڕوو وەرگێڕێ بە توندترین موجازات تەنبێ دە کرێ.

کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دێموکراتی کوردستان
معاون حیزب: طه زاده»

ئەو ئاگاداری‌یە چەندە بابەتی گرینگی سیاسی‌و قانوونی لە خۆ دەگرێ.

*١- بە کوردی کردنی خوێندن لە قوتابخانەکان‌و هەوڵدان بۆ گەشەکردنی زمانی کوردی‌و بە ڕەسمی کردنی ئەو زمانە.*

*٢- ئەرکدارکردنی دایک‌و باب لە بەرامبەر خوێندەوارکردنی منداڵەکانیاندا.*

*٣- خوڵقاندنی هەلێکی باش بۆ منداڵانی کەمداهات، چونکە لەو ئاگاداری‌یەدا بە گشتی باس لە ناردنی منداڵان بۆ قوتابخانە دەکا.*

*٤- کردنەوەی دەروازەیەکی نوێ بە ڕووی کچانی کورددا، چونکە هەتا ئەو کات کچی کورد لە مافی خوێندن‌و چوون بۆ قوتابخانە بێبەش بوو.*

*٥- لە کۆتایی‌دا ئەو ئاگاداری‌یە حوکمی برگەیەکی قانوونی لە خۆ دەگرێ، چونکە ئەمر دەکا بە ناردنی منداڵان بۆ قوتابخانەو هەرلەو حاڵەدا سزای ئەو کەسانە دەدا کە سەرپێچیی ئەو ئەمرە دەکەن.*

*٦- ئەو ئەمرە لەلایەن لایەنی سەلاحیەتداری بەڕێوەبەریی وڵاتەوە دەرچووە.*

چونکە لە سەرەتادا دەڵێ بە ئەمری پێشەوا، کە پێشەوا سەرۆکی کۆماری کوردستان بووەو لە ژێرەوە ئیمزای کۆمیتەی مەرکزیی حیزبی دێموکراتی لە سەرە کە خودی ئەو حیزبە پێکهێنەری کۆماری کوردستانە.

**[ ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١٥ لاپەڕە٤،**
**شەممە ٢٧ی ڕێبەندانی ١٣٢٤، ١٦ ی فێوریە ١٩٤٦ ]**

ئاگاداری

ڕەدوو کەوتنی کچان‌و ژنان قەدەغەیە

لە سەر قەراردادی هەیئەتی میللی کوردستان هەر پیاوێک بە زۆر ژنی بە

مێرد، گوێزرابێتەوە یا نەگوێزرابێتەوە ڕاکێشێ، دەبێ بکوژرێ، ئەگەر کچیکیش بێ وراکێشرێ دەبێ ئەو پیاوە بکوژرێ، ئەمما کچ خوازبینی بکاو نەیدەنێ و مانعی شەرعی نەبێ، بە مێرد نەبێ و کچەکە ڕەزای ببێ جەزای نییە وەگەرنە لە سێ مانگەوە هەتا سێ ساڵ حەبس دەکرێ.

٢٤ی ڕێبەندان ١٣٢٤

ڕەئیس هەیئەت ڕەئیسەی میللی کوردستان

حاجی سید بابا شێخ

## ( آگاداری )

رەدو کوتن کچان وژنان قەدەغەیە
لەسەر قراردادی هیئەتی ملی کوردستان هەر پیاویك بەزور زنی بەمیرد گوبزرابیتەوە یانە گوبز-رابیتەوەراکیشی دەبی بکوزری وئەگر کچیکیش بێ وررراکیشری دەبی او پیاوە بکوزری ئەما کچی خوازبینی بکا ونەیدەنی ومانعی شەرعیش نەبی بەمیرد نەبی وکچکەرضای ببی جزای نیە وەگر نەلەسیە مانگەوە تاسیە سال حبس دەکری
٢٤ ری‌بندان ١٣٢٤هـ رئیس هەیئەتی میلی کردستان حاجی سید بابا شیخ

لــە ســەردەمی کۆماری کوردســتان‌دا ڕەنگە بە فکرو بیــری کەم کەس‌دا هاتبــێ کە کچ بتوانێ بە دڵخوازی خــۆی مێرد بکاو تەنانەت کوڕیش کەم وا هەبــووە بە دڵی خۆی ژن بێنێ، چونکە هەل‌و مەرجی کۆمەڵایەتی‌و ئابووری وای بە سەرکۆمەڵگادا سەپاندبوو.

لەو ئاگاداری‌یەدا ئەو چەند خاڵە سەرنج ڕادە کێشن:

١-نێوەڕۆکی ئەو ئاگاداری‌یە واقیعی کۆمەڵگای ئەو سەردەمە پیشان دەداو ئەوکات باو بوو کە کاتێک دوو بنەماڵە یان عەشــیرە پێکەوە شــەڕو کێشەیان دەبــوو، لاوازترین ئاڵقە لەو گێرەو کێشــەیەدا ژنان بــوون‌و زۆرجار یەکێک لە لایەنەکانی شــەڕ، ژن یان کچی لایەنەکەی دیکەی بە مەبەستی ئەتک‌و بێ حورمەتی‌پێ کردن دەڕفاند کە پێی دەگوترا ڕاکێشان‌و، لەو ئاگاداری‌یەدا زۆر بە توندی ئەو کارە مەحکوومو قەدەغە کراوە و بۆ کەسانێک کە سەرپێچی لەو بڕیارە بکەن سزای کوشتن دیاری کراوە کە باڵاترین سزایە لە نێو سزاکان‌دا.

٢-لە برگەی دووهەمی ئەو ئاگاداری‌یەدا لایەنێکی داب‌و نەریتی نالەباری کۆمەڵایەتی شکاوە و لە ڕێگای قانوونەوە ڕێ بۆ کچ‌و کوڕ خۆش کراوەو ئیزنیان پێ دراوە ئەگەر خۆیان خوازیاری ژیانی هاوبەش بوون پێکی بێنن، ئەگەر بە هەڵگرتنیش بێ.

٣-دەڵێ کچ ئەگەر مانیعی شــەرعیی لە ســەر نەبێ واتە بە تەمەنی بلووغ گەیشــتبێ‌و خۆی ڕازی بێ بەو شــەرتە کوڕە خوازبێنیــی کردبێ‌و بنەماڵەی کچە نەیاندابێ؛ ئەگەر پێکەوە بڕۆن هیچ سزایەکی قانوونی‌یان لە پێ‌دا نیە.

ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە قانوون‌دانەر لە کۆماری کوردستان‌دا دەیەوێ داب‌و نەریتی هەڵەو نالەبار بشــکێنێ‌و مافی هەڵبژاردنی هاوســەری ژیان دەدا بە کچ‌و کوڕو ڕێگری لەوە دەکا کە ئەو مافەیان لێی زەوت بکرێ.

لێرەدا دوو شت سەرنج ڕادە کێشن:

الف. دەبینین ئەو ئاگاداری‌یە هــەم مەنعی کردنی کارێکی تێدایەو هەم

سزای بۆ ئەو کەسانە دیاری کردوە کە سەرپێچی لەو قانوونە دەکەن.

ب. لە لایەن دەسەڵاتی باڵای کۆماری کوردستانەوە دەرچووە و لە ڕۆژنامەی ڕەسمیی وڵاتدا بڵاو بۆتەوە.

## کۆنترۆڵی بازاڕو بازرگانی

کۆمیتەی مەرکەزیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێگای دامودەزگای کۆماری کوردستانەوە هەوڵ دەدا لە بواری جۆراوجۆری وەک «دیاریکردنی نرخی کەلوپەل» کۆنترۆڵی هاوردەو هەناردە کردنی کەلوپەلو دیاریکردنی نرخی گومرگ چاوەدێریی سەقامگیریی بازار بکا بۆ ئەوەی خەڵک زیانیان پێنەگاو قورسایی نەکەوێتە سەر شانی فەقیرو هەژار.

**« ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٤٨، لاپەڕەی ٤ شەممە**
**٢٨ی بانەمەڕی ١٣٢٥، ١٨ مەی ١٩٤٦**

ئاگاداری

بە گوێرەی ئەوەی کە ماڵی گزی حاڵی حازر لە مەنتەقەی کوردستان زۆرە لەبەر ئەوە لە سەر قەراری کۆمیتەی مەرکەزی موافقەتی سەرۆکی معظم جمهور بۆ پێشگیری لە زەرەرو خسارەتی ئەوانەی جنسی قطورە یا زۆرە بە تەواوی میللەت ڕادەگەیەندرێت لەو بڕوارەوە هەتا هەوەڵی مانگی ٩/ ٢٥ هیچ کەس حەقی واردکردنی ماڵی گزی لەهیچ جێگایەکی نییەو بێتوو کەسێک بەرخەلافی ئەو دەستورە ڕەفتار بکات سەهلە کە ماڵەکەی لە لایەن گومرگیدا تەوقیف دەکرێ بەڵکوو زۆر بە توندیش مجازات دەکری.

کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دێموکراتی کوردستان

هەروەک پێشتر باسم کرد کۆمیتەی ناوەندیی حیزب دەیەوێ بازاڕ کۆنترۆڵ بکاو ئیزن نەدا قەیران لە بازاڕدا دروست بێ. کە چاو لەو ئاگاداری‌یە دەکەین:

١-وبیر خەڵک دێتەوە کە پارچە (ماڵی گەزی ) لە بازاڕی کوردستان دا زۆرە بۆ ئەوەی کاسبکارو بازاڕیی کورد زیانیان پێ نەگا دەبێ لە هێنانی پارچەو قوماش پێشگیری بکرێ.

٢-بڕیارە کە ماوەکەی دیاری کردوە و دەڵێ لەو ڕێکەوتە هەتا ئەو ڕێکەوتە هێنانی پارچە قەدەغەیەو دوای تەواوبوونی ماوەکە دەتوانرێ پارچە (ماڵی گەزی)ی دیکە بهێنرێتە کوردستان، ئەویش بۆ ئەوەیە کە یەکەم بازار تووشی کەمیی پارچە نەبێ، دووهەم بازاڕیو بازرگانی کورد بتوانێ لە گەڵ دەرەوەی خۆی ئاڵوویر بکا.

٣-بۆ ئەوەی بڕیارەکە سیفەتی قانوونی وەربگرێ هەم سەرچاوەی بڕیاردانەکە دیارەو هەم دیارە ڕووی لە چ کەسانێکەو هەرلەو حاڵەدا لە لایەنی پێوەندیدارەوە دەرچووە ئەوەتا دەڵێ: « لە سەر موافقەتی سەرۆکی معظم جمهور» واتە سەرکۆماری وڵات کە سەرۆکایەتیی دەوڵەت دەکا ئەو بڕیارە دەرچووە و هەر بۆیە حوکمی قانوون وەردەگرێو قابیلی ئیجرایە هەتا ئەوکاتەی دەبێ بە پێی قانوونەکە ماوەکەی تەواو.

٤-ئەو بڕیارە هەم مەنعی تێدایەو هەم سزاش بۆ ئەوانە دیاری کراوە کە لێی لادەدەن؛ بۆ بەڕێوەچوونی سزاکەش دوو ئۆرگانی دەوڵەتیی کردۆتە مەسئوولی ئیجراکەی هەم ئیدارەی گومرگ کە دەڵێ ماڵەکەی لە لایەن ئیدارەی گومرگەوە دەستی بە سەردا دەگیرێو هەم دەزگای دادوەری کە بە حەبس یان غەرامە سزای سەرپێچیکار دەدا.

**«ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٦، لاپەڕەی ٣، دووشەممە ١ی ڕێبەندانی ١٣٢٤، (٢١ ژانویەی ١٩٤٦ی ز)**

ئاگاداری

چونکە دەو مەوقعەدا بە ئەمر و دەستوری سەدری حیزبی دێموکراتی

كوردســـتان دەست بە وەرگرتنی ماڵیاتی دوو ســـاڵە (٢٣) و (٢٤) لە تەواوی ئەشخاس كراوە و بەرامبەر بە قانوون هەموو كەس بەشی خۆی دەبێ ماڵیات لە دەرامەتی خۆی بە سەندووقی بگەیەنێ لە دوای دوو سێ جار ئاگاداری دیكە بە تەواوی ئاغایانی ماڵک- تاجر- مەعامەلەچی ڕەسمەن ڕادەگەیندرێ. كەبۆ وەی بزاندرێ تابعی ڕێوشـــوێنی دەستورات و پێشكەوتنی میللی خۆتان لە مەوقع ئیستفادە بفەرموون و بۆ پەرداخت كردنی ماڵیاتی خۆتان پێشدەستی بكەن مەخسوســـەن بە عەرزوو دەگاكە بۆ تێگەیشـــتن لە وەزعییەتی ماڵیات و پەرداخت كردنی دەتوانی مراجعە بە ئیدارەی ماڵیە لە تەنیشـــت مزگەوتی شادەرویشە بفەرموون و ئەلبەتە لێتان مەعلوومە كە ڕووحی میلەت ماڵیاتە و مـــادام وەزعییەتی ماڵی تەئمین نەبێ كارێـــک لە پێش ناچێ و ئیدارە لەبەر دەستوراتێكە كە دەدرێتی و بە عەرزو دەگەینیو دە سوورەتێک‌دا بۆخۆشتان حازر نەبن ماڵیاتی تەواوی ئەشـــخاس لە تەرەف كۆمیســـیونەوە ڕۆدەندرێ و ئەو وەختیش ڕای كۆمیسیون بە هیچ كلۆجێک ئیعترازی لێ ناگیرێ و دەبێ بەبێ خۆگرتن پەرداختی بفەرموون.

رئیسی ماڵی شاری مەهاباد .

لەوئاگاداری‌یە دا بەباشـــی بۆمان دەردەكەوێ كـــە بەڕێوەبەرانی كۆماری كوردستان بە ئاگا بوون لەو ڕاستی‌یە كە یەكێک لە ڕێگاكانی بژیوی دەوڵەت بۆ بەڕێوەبردنی كارەكانی، وەرگرتنی ماڵیاتە و دەبێ خەڵک لە باری ماڵی‌یەوە خەرجەكانـــی دەوڵەت دابین بكەن، كە لێرەدا بەڕوونـــی ئاماژەی پێ كردووەو دەڵـــێ «لێتان مەعلوومە ڕووحـــی میللەت ماڵیاتە و مـــادام وەزعییەتی ماڵی تامین نەبێ كارێک پێش ناچێ». هەروەها داوا دەكا ماڵیات‌دەر خۆی ئامادە بێ‌و ئەگەر ئامادە نەبوو كۆمیســـیۆن بڕیاری خۆی لەســـەر ڕادەی ئەو ماڵیاتە دەدا كە دەبێ ماڵیات‌دەر بیدا بە كۆماری كوردستان‌و بڕیاری كۆمیسیون بە

هیچ جۆر ئێعترازی لێ ناگیری. لێره به دواوه هەوڵ دراوه بەشێکی بەرچاو لەو فەرمان و بڕیارانه که له ژماره جیاوازه‌کانی رۆژنامەی کوردستانی سەردەمی کۆماری کوردستان‌دا بڵاو بوونەتەوە، وەک خۆیان به هێندێک دەستکاری له شێوەی نووسین‌دا بێنینەوە.

**رۆژنامەی کوردستان، ژماره ۹، لاپەڕەی ٤**
**شەممه ۱۳ی ڕێبەندانی ۱۳۲٤، (۲ی فێوریەی ۱۹٤٦ ز)**

ئاگاداری

به تەواوی ئەهالی محترم مەهاباد ڕادەگەیندرێ که نرخی گۆشتی مەڕ و بزن سیەی سێ تمەنه (۳۰ قڕان)و گۆشتی ڕەشەوڵاغ دوو تمەنه (۲۰قڕان) مەعلوم کراوه. تا ئاگاداری دووەم هەر قەسابێک زیاتری بفرۆشێت فەورەن به ئیدارەی شارەداری خەبەر بدەن تا به نێوی گران فروشی و تخلف له مقرراتی شارەداری تنبیه و جەریمه دەکرێ.

سەرۆکی شارەداری مەهاباد- خسروی

**ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارەی ۱۱، لاپەڕەی ۳، چوارشەممه ۱۷ی ڕێبەندانی ۱۳۲٤، (٦ی فێوریەی ۱۹٤٦ ز)**

بۆ ئاگاداری

به ئەمری ریاسەتی بەرزی جمهوری کوردستان ڕەچاو گیراوه کتێبخانەیەک بۆ ئیستفادەی هەموو به تایبەتی نوسەرانی ڕۆژنامه و گۆڤاری کوردستان له ئیدارەی ڕۆژنامەدا دابمەزرێنین. لەبەر ئەوه بەو کەسانه که کتێبی قەرائەتخانەی عیسی‌زاده و کتێبخانەی فەرهەنگیان لەلایه ڕادەگەیندرێت که بێ وچان هەر کتێبێکی لەلا هەیه به ئیدارەی ڕۆژنامەی کوردستانی تەسلیم بکاو رەسید وەرگرێ دەنا پاش تەحقیق کتێبەکانی لێوەردەگیرێ و به سزاش دەگا.

## گۆرینی عینوانەکانی نیزامی

سوپای میللی لەلایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە پێش ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان دامەزرابوو و کۆمەلیک ئەلقاب و عینوان بۆ کەسانیک کە لە ڕیزی سوپای میللیی کوردستان‌دا خزمەتیان دەکرد، بەکار دەبردران. بەڵام بەرپرسانی کۆمار لە سەرووی هەمووانەوە پێشەواو هەروەها ئەفسەرانی سوپای کوردستان خوازیاری ئەوە بوون کە بە زمانی کوردی ئەو ئەلقابو عینوانانە بەکار بێنن. وەک دەبینین لە ئاگاداریی خوارەوەدا ناوە کوردییەکان دیاری کراون‌و وشەی پێشمەرگە بۆ یەکەم جار بەرەسمی بۆ چەکداری سپای کوردستان بەکار هاتوە .

**ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١٢، لاپەڕەی ٣ ، شەممە ٢٠ی ڕێبەندان ١٣٢٤، (ی فێوریەی ١٩٤٦ ز) ژمارە ٣٧ی ڕۆژی ٢٤/١١/١٥**

ئیدارەی ڕۆژنامەی میللی کوردستان

بەرگە یەک لە ئەلقابی قەدیم کە بە تازەگی لە دانیشتنی ئەفسەران‌دا تەسویب کراوە لەگەڵی دەنێردرێت پێویستە لە ڕۆژنامەیدا دەستور بە چاپ کردنی بفەرموون.

| | ئیستلاحاتی قەدیم | ئیستلاحاتی تازە |
|---|---|---|
| ١ | سەرباز | پێشمەرگە |
| ٢ | جوخە | لیزگە |
| ٣ | گروە | قۆڵ |
| ٤ | دەستە | دەستە |
| ٥ | گورهان | چڵ |
| ٦ | گردان | لک |
| ٧ | هنگ | پۆل |
| ٨ | تیپ | تیپ |
| ٩ | لشکر | لشکر |

زمارە ۳۷ بروار ۱۵ ـ ۱۱ ـ ۲۴

## ادارەی روزنامەی میللی کوردستان

بەرگەیەك لەالقابی قەدیم کەبەتازەگی لەدانیشتوی ئەفسەراندا تصویب کراوە لەگەل دەنیز دریت پیویستە لەروژنامەیدا دستور بەچاپ کردنی دەفەرەون

| اصطلاحات قدیم | | اصطلاحات تازە |
|---|---|---|
| ۱ ـ سەر باز | : | پیش مەرگە |
| ۲ ـ جوگە | : | لیزگە |
| ۳ ـ گروە | : | قول |
| ۴ ـ دەستە | : | دەستە |
| ۵ ـ گورهان | : | چل |
| ٦ ـ گردان | : | لك |
| ۷ ـ هەنگ | : | پول |
| ۸ ـ تیپ | : | تیپ |
| ۹ ـ لشکر | : | لشکر |
| ۱۰ ـ سپاە | : | هیز |
| ۱۱ ـ وەکیل گروهی یەك | : | قولی یەك |
| ۱۲ ـ : : دو | : | : دو |
| ۱۳ ـ : : سە | : | : سە |
| ۱۴ ـ جوگە | : | لیزگە |
| ۱۵ ـ سەر جوگە | : | سەر لیزگە |
| ۱٦ ـ گروهبانی ۳ | : | سەر قولی ۳ |
| ۱۷ ـ : : ۲ | : | : : ۲ |
| ۱۸ ـ : : ۱ | : | : : ۱ |
| ۱۹ ـ واحد | : | گەل |
| ۲۰ ـ استواری ( ۲ ) | : | سەر دەستەی ( ۲ ) |
| ۲۱ ـ . ( ۱ ) | : | : ( ۱ ) |

| | |
|---|---|
| ١٠ سپاه | هێز |
| ١١ وەکیل گروهی یەک | قۆڵی یەک |
| ١٢ وەکیل گروهی دوو | قۆڵی دوو |

| | |
|---|---|
| ١٣ وەکیل گروهی سێ | قۆڵی سێ |
| ١٤ جوخە | لیزگە |
| ١٥ سەر جوخە | سەر لیزگە |
| ١٦ گروهبان ٣ | سەر قۆڵی ٣ |
| ١٧ گروهبان ٢ | سەر قۆڵی ٢ |
| ١٨ گروهبان ١ | سەر قۆڵی ١ |
| ١٩ واحد | گەل |
| ٢٠استوار ٢ | سەردەستەی٢ |
| ٢١ استوار١ | سەردەستەی١ |
| ٢٢ سەرکاروسایردەرەجەداران | برا |
| ٢٣زۆرباشە | زیاتر-فیدا-کارم |
| ٢٤ئەفسەر | سەرکردە |
| ٢٥ستوان یەک | ناوداریەک |
| ٢٦ستوان دوو | ناوداردوو |
| ٢٧ستوان سێ | ناودارسێ |
| ٢٨سەروان | سەربەرز |
| ٢٩سەرگورد | سەرلک |
| ٣٠نایب سەرهنگ | سەرپۆلی دوو |
| ٣١سەرهنگ | سەرپۆلی یەک |
| ٣٢سەرتیپ | سەروەر |
| ٣٣سەرلشکر | سەردار |
| ٣٤سپهبد | سەرهیز |

سەرۆکی ستادی هیزی

مەرکەزی دیموکراتی کوردستان-مرادی

بوونی برگەیەکی قانوونی لەسەر سزادانی بەرتیل‌خۆر و بەرتیل‌وەرگر لە قانوونی سزادانی گشتی زۆربەی وڵاتانی جیهاندا کە وەک تاوان پیناسەی بۆ کراوە، نیشانەی ئەوەیە ئەو کردارە چەندە دەبێتە هۆی پەرەپێدانی گەندەڵی لە بەڕێوەبردنی وڵات‌داو ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر پێشێلکردنی مافی گشتی دەبێ و گەلێک جار زیان بەمافی تایبەتییش دەگەیەنێ. بە دەرکی ئەو ڕاستی‌یەو هەلومەرجی ئەوکات، کومیتەی مەرکەزیی حیزب بە دەرکردنی ماددەیەکی قانوونی بە ڕای گشتی رادەگەیەنی کە دان و وەرگرتنی بەرتیل تاوانەو سزای حەپسی بۆ دیاری کردوە کە نابێ لە ١٠ ساڵ کەمتر بێ هەتا ئیعدام .

**ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١٢ لاپەڕەی ٤، شەممە ٢٠ی ڕێبەندانی ١٣٢٤، ( ٩ی فێوریەی ١٩٤٦ز)**

ئاگاداری

بە هۆی ئەو نوسراوە لەسەر قەراری کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تەواوی مەئمورینی حکومەتی کوردستان‌و میللەت ڕادەگەیندرێت هەرکەس لەهەر مەمەرێکەوە بەهەر نێوێک لە تمەنێک تا چەند تمەن بۆ هەڵسوڕاندنی کارێکی ( چ قانوونی چ شەرعی‌و غەیرە ) بەرتیل‌و ڕشوە بدات و یا وەربگرێ لە پاش مەعلوم بوون بە خاینی میللەت و مەملەکەت دەناسرێ قەراری موجازاتی ئەو کەسانەش لە دە ساڵ حەپسی هە تا کوشتن (ئیعدام) تسویب‌و موقەرەر کراوە.

کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دێموکراتی کوردستان

**ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە١٣، لاپەڕەی ٣، دووشەممە ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ (١١ی فێوریەی ١٩٤٦ز)**

ئاگاداری

لــە دوای ئاگاداری ژمارە ١٩/٢٤٦- ١٠- ٢٤ بــە ئێتلاعی تەواوی مالکی ئەتراف و توجارِ و کەســەبەی شــاری مەهاباد ڕادەگەینــدرێ لەوە بەدوا هەر کــەس وەرەقەی مالیات بەر داهاتی پێ ئیبلاغ بکری مەتابقی تەشخیســی کۆمیســیون ماڵیاتێک کە بۆی تەعین کراوە بە فەوری تەحویلی سەندووقی ماڵیــە نــەدا و دەو مەوزوعەدا خۆگیــری بکا جەریمەی تەئخیــری بۆ تەعین دەکرێ؛ لەبەر ئەوە لە ئاغایان مۆعیدیان ماڵیاتی ڕەجا دەکەم کە بۆ تەحویلی ماڵیات پێش دەستی بفەرموون کە ئیحتیاج بە جەریمە نەبێ.

ڕەئیسی ئیدارەی ماڵیە کوردستان مەهاباد ــ عیلمی

**ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارەی ١٤، لاپەرەی٤، چوارشەممە ی٢٤ ڕێبەندانی ١٣٢٤،(١٣ی فێوریەی ١٩٤٦ز)**

عینوانی نووسراوە بۆ ریاسەت جمهور

بەپێــی دەســتوری ژمــارە ١١٥٩/ ڕێکەوتــی ١٣٢٤/١١/٢٢ کۆمیتەی مەرکــەزی حیزبــی دێموکراتی کوردســتان ،لە کاتێکدا میللــەت بیهەوێ دەردی دڵی خۆیان یا ئیحساساتێک بە نووسین پێشکەشی ڕەئیس جمهوری کوردستان بکەن، عینوانی نووسراوە تەنیا دەبێ: (ڕەئیســی جمهور) بێت.

کۆمیتەی مەرکەزیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

**ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارەی ١٥، لاپەڕەی ٤، شەممە ٢٧ی ڕێبەندانی ١٣٢٤، (١٦ی فێوریەی ١٩٤٦ز)**

ئاگاداری

لەتـەرەف هەیئەتـی میللـی کوردسـتانەوە قـەرارە درا کەلیـرە بەو لاوە سەرەخۆشی کردن دەبێ بە ئەمری شەرعی ئیسلام بێ.

مـردوودار حەقـی نییە بـە هیچ جۆرێـک زەحمەت و مەخاریج بکێشـێ مەجلیسـی سەرەخۆشـی بۆ پیاوان دەبـێ لە نیزیکترین مزگـەوت دابنرێ و نابـێ پەزیرایی لە سەرەخۆشـی کەران بکرێ؛ هەروەکو شـەرع دەفەرموێ مەجلیسـی سەرەخۆشـی رەسـمەن ڕۆژێکە. ئەو قەرارداده بۆ هەموو شـارو دێهاتی کوردستان حوکمی هەیە.

٢٤ی ڕێبەندامی ١٣٢٤
رەئیسی هەیئەتی رەئیسەی میللی کوردستان
حاجی سەید بابا شێخ

**ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارەی ١٥ لاپەڕەی ٤، شەممە ی٢٧ ڕێبەندانی ١٣٢٤، (ی١٦ فێوریەی ١٩٤٦ ز)**

ئاگاداری

بەتەواوی زانایانـی بەڕێزی کورد ڕادەگەیندرێت بۆ بەکارهێنانی وشـەی کوردی کە تا ئەورۆ وەکار نەهێندراوە دەبێ لەپێشـدا بە هەیئەتی فەرهەنگی پێشـنەهاد بکرێو لەوێدا تەسـویبو ئیجازەی وەکارهێنانـی بدرێ. کەس حەقی نیە وشەیەک ڕوون نییە دەکاری بێنێ.

**ڕۆنامەی کوردستان، ژمارەی ١٧ لاپەڕەی ٤، چوارشەممە ١ی ڕەشەمەی ١٣٢٤، (٢٠ی فێوریەی ١٩٤٦ ز)**

ئینتساب

جەنابی ماموستا مەلا حسین مەجدی بە سەرۆکی ئیدارەی عدلیە مەهاباد ئینتساب کرا و حوکمی بە ژمارەی ١٣٠٧ بڕواری ٢٧-١١-١٣٢٤ بۆ ناردرا.

**ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٢٢، لاپەڕەی ٤، دووشەممە، ١٣ی ڕەشەمە١٣٢٤ی ، (٤ی مارسی ١٩٤٦ز)**

ئاگاداری

لەسـەر قەراری کۆمیتەی مەرکەزی بە تەواوی کوردستان ڕادەگەیندرێت هەرماڵێک کە لە خاریج (خاریج لە کوردسـتان) وارید دەبێ بە جۆرێکی کە کۆمیتەی مەرکەزی مەعلوومی کردوە، ئیدارەی گومرگی کوردستان حقوقی دەوڵەتـی لێ دەسـتێنێ و هـەر ماڵێکی خاریجـی ئەگـەر لای بازەرگانان مەوجودە پێویسـتە بە فەوریەت بە ئیدارەی گومـرگ خەبەر بدەن چونکە لە کاتێکدا ئەگەر ماڵی خاریجی بێ مۆری گومرگی ببیندرێ موتابقی مقەڕەراتی گومرگی کوردستان مجازات دەکرێ.

کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دێموکراتی کوردستان

**ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارەی ٢٦ ، لاپەرەی ٤ ، دووشەممە، ٢٧ی ڕەشەمەی ١٣٢٤، ( ١٨ی مارسی ١٩٤٦ز)**

ئاگاداری

بەهۆی ئـەو نووسراوە لە قەراری کۆمیتەی مەرکـەزی حیزبی دێموکراتی کوردســتان بە تەواوی قەپانداران و دەڵاڵـەکان ڕادەگەیندرێت لەو وەختەدا کە دەست بە کڕینی توتن دەکرێ دەڵاڵان بە پێچەوانەی پێشوو دەبێ پووتی توتن تمەنیک دەڵاڵی یانی ٥ قڕان لە کڕیار و ٥ قڕان لە خاوەن توتن بستێنن لــەوە زیاتر حەقیان نییە و هەروەها قەپاندارەکانیش بە غەیری تای دوو ڕیاڵ نەبێ بە هیچ ناوێکی دیکە مەســەلەن بە نێوی بارانە و فروفێڵی دیکە حەقی ئەستاندنی بەهایەکی دیکەیان نییە و لە کاتێکدا کەسێک بەو قەرارانە ڕازی نەبێ حکومەتی کوردستان بۆخۆی بە فەوری ئەوانە دادەمەزرێنیت.

کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دێموکرای کوردستان

**ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارەی ٢٦ ، لاپەڕەی ٤ ، دووشەممە ی٢٧ ڕەشەمەی ١٣٢٤، (١٨ی مارسی ١٩٤٦ز)**

ئاگاداری

بــە بۆنەی ئەوە کە ئەســپابی بازەرگانــی لە مەنتیقەی کوردســتاندا زۆر مەوجــودە لەو بڕوارەدا بــە تەواوی بازەرگانانی کوردســتان ڕادەگەیندرێت تا دەستووری دوایی هیچ کەس حەقی وارد کردنی ئەو چەند شتانەی خوارەوەی نیە.

١ ماڵی گەزی لە قەبیلی خوریو لۆکە، وەتەنیو خاریجیو هەموو نەوعە.
٢ بلوریاتی چینیو هەموو نەوعە.
٣ کرمیت.

لە کاتێـکدا کەسـێک پێچەوانەی ئەو دەسـتورالعملە ماڵــی وارید بکا ماڵەکــەی بــۆ جێگایەکی کە لێــی هێنــاوە دەگێردرێتــەوەو ٢٠ پوتیش بە قازانجی دەوڵەتی کوردستان لێی دەستێندرێت زمنن ئەو حوکمەیە لە ٢٤ی ڕەشــەمەی ١٣٢٤و لە تەواوی شارەکان‌دا دەبێ ئیجراو بە جێ بگەیندرێت‌و گومرگی مەجلیســی پێی ڕابگاو لە جێگایەک کە ئیــدارەی گومرگی نەبێت پێویستە ئیدارەی ماڵییە ئەو ئەمرە ئیجرا بکا.

کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دێموکراتی کوردستان

**ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٢٧، لاپەڕەی٤، دووشەممە ٥ی خاکەلێوەی ١٣٢٥ (٢٥ مارسی ١٩٤٦)**

ژمارە٢٠٢٠

«دەئیجــرای دەســتوری ژمــارە ٢٨/٢٨٣٨-١٢-٢٤ کۆمیتــەی بەرزی مەرکەزی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌دا ئەوە بۆ دەفعەی سێهەم بە تەواوی آغایانی مالک دێهات ڕادەگەیندرێ. کە وەکوو دەبیندرێ تائێســتا کەمترین قەدەمێک‌و کۆمەگی دەوڵەت دەقسمەت پەرداختی ماڵیات‌دا هەڵ نەهێناوەو ماڵیاتێکی جزئی کە لە تەرەف ماڵیەوە بۆ ئێوە تەعین کراوە، هەرچەند دەبوو پەرداختــی ئــەو ماڵیاتە فەوری بێ‌و بــە تەواویش ئاگادار کراون دیســان بە سندوق تەحویل نادەن‌و هەروا بە تەفرەو سەهل‌ئەنگاری ڕادەبوێرین‌و دەگەڵ ئەوەش کە ســەندووق ئــەوڕۆ موحتاج بە پووڵەو مخارجاتێکــی زۆرە. دووبارە دەوڵەت محض ئیرفاق دەگەڵ ئێوە تا ١٥ی مانگی خاکەلێوە ســاڵی ١٣٢٥ کە پازدە ڕۆژ لە بەهاری ڕادەبرێ مۆڵەت بۆ ئێوە قائیل بووە کە لەو مودەتەدا ئیســتفادە لە وەخت بکــەن‌و ماڵیاتی خۆتان وەکوو پێوراگەیوە بە ســندووق تەحویل بدەن؛ هەرگاە لە مودەی نیوبراو تەجاوزبکا لێتان مەعلووم بێ کە بە وەسیلەی مەقاماتی هێزو شارەوانی دەگەڵ ئێوە معاملە دەکرێ کە بەرلە ئەوە ئومیدەوارین کە کارێکی وانەکەن کار بگاتە ئەومەقامەی.

ڕەئیس ئیدارەی دارایی کوردستان- عیلمی

**ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٢٨ لاپەڕەی ٤، چوارشەممە ٧ی خاکەلێوەی ١٣٢٥، (٧ی مارسی١٩٤٦ )**

«ئاگاداری

بـەدوای ئاگاداری ژمـارە ١٨٢٨ بەرواری ٨- ٢- ٢٤ بـە تەواوی ئەهالەی خۆشەویسـت ڕادەگەیندرێـت ئیـدارەی گومەرگی مەهاباد بە سـەرۆکیی ئیبراهیم فەهمی لە خانووبەرەی ئیدارەی توتنێ داندراوەو لەو ڕۆڕا بەڕەسمی خەریکی کارن. پێویستیە کەسـانێکی کاری گومرگیان بێت بەوەی مراجعە بفرموون.

کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دێموکراتی کوردستان

هەربە دوای ئـەو ئاگادارییەدا لە هەمان ژمارەی ڕۆژنامەی کوردسـتان‌دا باسـی دامەزراندنی ئیدارەی گومرگ لە شـاری نەغەدەو خانێ (پیرانشـار) دەکا:

مودیری موحتەرەمی چاپخانەی کوردستان

لە لایەن گومرگی کوردسـتان ئیدارەی گومرگ لە شـاری نەغەدەو خانی بەرقەرار کرا. سەرۆکی ئیدارەی گومرگی نەغەدە ئاغای میرآخوری‌و سەرۆکی ئیدارەی خانی ئیسماعیلی ساڵحییە. بۆ خەبەردان بە عەرز دەگا.

سەرۆکی ئیدارەی گومرگی مەهاباد، فەهیمی

**ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٩، لاپەڕەی ٣،**
**شەممە ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٥ (٣٠ی مارسی ١٩٤٦)**

# چەند نموونەیەک لە ئاگادارییەکانی ڕۆژنامەی کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا

## آگاداری

بەبونەی ئەوە کە ئەسپابی بازرگانی لە
منطقەی کوردستاندا زورموجودە لەبروار
ەوەبەتەواوی بازرگانانی کوردستان رادە
گەیندریت تادەستوری دوائی هیچ کەس
حەقی وارد کردنی ئەو چەند شتانەی خوارە
وەی نییە.

١ـ مالی گەزی لەتیپای خوریو لوکەو
وطنی وخاریجە هەمو نەوعە.

٢ـ بلوریات چینیوو هەمو نەوعە

٣ـ کرمیت. سوله کاتیکدا کەسیك
پیچەوانەی ئەودەستورە عەمل ومالی وارد
بکات مالە کەی بوجیگای یەکی کەلیی
هیناوە دەگیردریتەوە و ٢٠ـ پوتیش بە
قازانجی دولەتی کوردستانی لیدەسندریت
ضمنا ئەوحوکمە یەلە ٢٤ رەشەمەی ١٣٢٤
ولەتەواوی شارەکاندا دبی اجرا و بەجی بکە
یندریتو گومرکی مجلیسی پی دا بکاوله
جیگایەك کە ایدارەی گومرگی نیبیت
پیویستە ایدارەی مالیيە ئەو نمرەا اجرا بکات
کومیتەی مەرکەزی حزبی دیموکرات
کوردستان

## بۆ آگاداری

بەامری ریاستی بەرزی جمهوری کورد
ستان رەجاو گیراوە کتیبخانەیەك بو
استفادەی هەمو بەتایبەتی نوسەرانی روژ
نامە و گواری کوردستان لەادارەی رو
ژنامەدا دابمەزرینین لەبەر ئەوە بەو کەسا
نەی کە کتیبی قرئەتخای عیسی زادە و
کتیبخانەی فەرهنگیان لەلایە رادەگە
یەندریت کەبی وچان هەر کتیبی کی لە
لاهەیە بەادارەی روژنامەی کوردستانی
تسلیم بکا ورسید وەرگری دنا پاش تحقیق
کتیبەکانی لیوەردەگیری و بەسزاش دەگا

## آگاداری

برایانی خوشەویست ونەخویندەوار کەتا
وبستا لەبەر نەبون ویان ظلم بلەوزەکان نەیان
توانیو لەنعمەت زانست وفەرهەنگ بهرەوربن ئەوابتا
بە ای مبارك پیشوای بەرز وقەراری کومیتەی
مەرکەزی حزب دیموکراتی کوردستان لەهەولی
سالی تازە ١ ـ ١ ـ ٢٥ چەند پول لەمەدرەسەی
کوردستان شەوانە بوخویندەوارەکان کراوەتەوە
بەهوی ئەو نوسراوە بیورا دەگەیندریت کە
شەوانە مرتب حاضربن تالە مدەیکی کەمدا زمانی
دایکی خوو فیربن هیوادارم کەلە بونی ئەو
نعمەتە بیش دەستی بکەن وئەگەر خودای
نەخواستە بەپیچەوانەی ئەودەستورە رفتار بکریت
فەرهەنگ مجبور دەبی کەبەوسیلەی شارەوانی
نەخویندەوارن بوخویندن جلب کات ـ د
پشکنی فەرهەنگ کوردستان ـ علی خسروی

## آگاداری

لەسەر قەراری کومیتە مەر کەزی بەتەواوی کورد.
ستان رادە گەیندریت هەر مالیکی کەلەخارجە
(خارج کوردستان) واردەبی بەجوریکی کە
کومیتەی مەرکزی معلومی کردوە ادارە گمرگ
کوردستان حقوقی دولتی لی دەستینی وهەر مالیکی
خارجە اگر لەلای بازرگانان موجودە پیوستە بەفەوریت
بەادارە گمرگ خبربدەن اچونکو لەکاتیکدا ئە..
گەرمالی خارجەبدون موری گمرگی بەیندری مطابق
مقررات گمرگی کوردستان مجازات دەکری.
کومیتەی مەر کزی حزبی دیمو کرات کوردستان

## آگاداری

برایانی خوشەویست ونەخویندەوار کەتا
ویستا لەبەر نەبون ویان ظلم بلەوزەکان نەیان
توانیوە لەنعمەت زانست وفەرهەنگ بهرەوربن ئەوابنا
بەای مبارك پیشوای بەرز وقەراری کومیتەی
مەرکەزی حزب دیموکراتی کوردستان لەهەولی
سالی تازە ١ ـ ١ ـ ٢٥ چەند پول لەمەدرەسەی
کوردستان شەوانە بوخویندوارەکان کراوەتەوە
بەهوی ئەو نوسراوە بیورا دەگەیندریت کە
شەوانە مرتب حاضرین تالەمدەیکی کەمدا زمانی
دایکی خوو فیربن هیوادارم کەلەبونی ئەو
نعمەتە بیش دەستی بکەن وئەگەر خودای
نەخواستە بەپیچەوانەی ئەودەستورە رفتار بکریت

## ( آگاداری )

بەهوی ئەونوسراوە لەسەرقراری کومیتەی
مەرکزی حزبی دیموکرات کوردستان بەتەواوی
مأمورینی حکومتی کوردستان وملت رادە گەیندەریت
هەر کس لەهەر مەعەریکوە بەهەر یولك تەنیك تا
چەند تمن بوهەلسوراندنی کاریکی (چەقانونی
شرعی وغیرە) بەرتیل وریشوەبدات وباوەربکری لەپلش
معلوم بون بەخاینی ملت ومملکت دەناسریو قراری
مجازاتی ئەو کەسانش لە دمبال حبسی هەتا کوشتن
(اعدام) تصویب ومقرر کراوە .
کومیتەی مەرکزی حزبی دیموکرات کوردستان

## آگاداری

بەهوی ئەونوسراوە لەسەر قەراری کومیتەی مەرکەزی
حزب دیموکرات کوردستان بەتەواوی قەپانداران
ودلالەکان رادەگەیندریت لەووەختەداکەدەست بەکرینی
توتونی دەکری دەلالان پیچەوالەی پیشودە بی پوطی
توتنی تمەنیك دەلالی یانی ٥ قران لەکریارو ٥ قران
صاحب توتون بستینن لەوەزیاتر حقیان نیە وهەروەها
قەپاندارەکانیش بەغیری تای دوریال نەلی بەهیچ نیویکی
دیکە مثلا بەنیوی بارانە وفروفیلی دیکەحقی ئەستاندنی
هایکی دیکەیان نیەولە کاتیداکەسیك بەوقەرارانە
راضی نەبی حکومەی کوردستان بوخوی بفوریت
ئەوانە دادەمزرینیت .
کومیتەی مەرکەزی حزبی دیموکرات کوردستان .

## آگاداری

لەسەر امریە ژمارە ۱۴۷، کومیتەی بەرزی مەرکزی حزب دیموکراتی کوردستان بواوکسانەی کەمالیاتیان دپیداماپی هرگاە پولی نەغدیان لەدست دانبی حوالەرسمی یا سپردەی کارخانە قند میاندواو بدەن اداره دارائی لەباتی مالیات لی یان قبول دکا لەبراوەی بوسیلە او آگاداریە بعموم آعایان مالکین و اهالی رادگەیندری کەهر کس مالیاتی دپیدابی بوتصفیه حسابی خوی باداره دارائی مراجعه بفرموی۔

رئیس اداره دارائی مهاباد ـ علمی

## آگاداری

بەتەواوی ئەهالی خوشەویست ودەفتەرە کانی تابعەی مەرکەزی رادە گەیندریت کەلە ژوول مانگی خاکەلیوە برواری ۲۵-۱-۱ دەفتەری پست وتلگراف شنو بسەروکی آغای اسکندری رآدبر برقرارە ناردنی مراسلات غیراز (بیمە) بوشاری ناوبراو مانەی نیەوە بولدە کریت

سەروکی پست وتلگراف وتلیفون

کوردستان باباخانی

## آگاداری

بەتەواوی دانیشتوانی خوشە ویستی شاری مهاباد رادە گەیندری آغایان کەلە کەناری خیابان ملکیان هەیە وەنیوە تەواو یا اینکە خرابە دەبی تا ۱۵ روژ چاکیان بکەنەوە وەپیادەرەوی پیش ملکی خوبان کەمحتاج بەتعمیرە تعمیری بکەن وەضمناً دەبی نوعیکی وای درست بکەن کەمنظری خیابان ناحەز نەکا لەصورە تیکدا تا آخری ئەو مدتە تعین کراوە صاحب ملک اقدام بە تعمیریان نەکا شارداری ناچارە بوخوی دروستیان دەکا وەهەر چند مخارجی بیی لەصاحب ملکی دستینی تەوە۔۔

سەروکی شارداری مهاباد ـ خسروی

## آگاداری

بەبونەی ئەو اعلامیە هیزی ناوەندی دیموکرات کوردستان لەاشخاص داوطاب (پیشمەرگە) کەصاحبی اسبی ئەخصبن وسابقاً بویان لەهیزدا نوسراوە واد داشتیان دراوەتی ویااشخاصیکی خەیال و نظریان ئەوەیە داخل بەخذمەتی پیشمەرگەیی ببن پیویستە بەانتشار وبلاو کردنەوی ئەو اعلامیە خویان بەهیزی ناوەندی کوردستان معرفی و ناسین تاتەحەل وجیی وان بەهیز دابدری و تکلیفیان کەئەامرومنتظر وون معلوم کری.

سەروکی ستادهیزی مرکزی دیموکراتی کوردستان : صەلاح

## آگهی

به دوای آگادری زماره ٥٣ – ١٨ – ١٠ – ٢٤ بو وەبیرهێنانەوەی خەلکی شاری بە تەواوی زابانی خوشەویست دوبارە رادە گەیندری هەر کەس لەنیو شاریدا تفەنگ یا دەمانجە باوێژیت بخصوص لە شەویدا بەپێ قانون زندانی وجریمە دەکریت . ٨١٢ – ٢١ – ١ ١٣٢٥

قەرماندەی هێزی نەتەوەیی – نانوا زادە

## آگادری

بەعەوم ئەهالی خەبەر دەدری لەروژی شەمویەوە ٢٨ ر ٢ ر ٢٥ دەست ئەبرداخت پولی سپردەی تونی مهابادی دەکری هەر کەس قبض سپردەی تونی لەدەست دیە بە تصدیق دوخانەی مهابادی بگەیێنی وجون تونی توکان نەفروشراوە پولی سپردەی توکانی جاری قابلی برداخت نیە .

سەروك ادارەی دوخانەی مهاباد فتاحی قاضی

## آگـاداری

بەتەواوی دانیشتوانی حوشەویستی شاری مهاباد رادە گەیندری آغایان کەلە کەناری خیابان ملکیان هەیە وەنیوە تەواو یااینکەخرابەیە دەبی تا ١٥ روژ چاکیان بکەنەوە وەپیادە رەوی پیش ملکی خوبان کەمحتاج بەتعمیرە تعمیری بکەن وەضمناً دەبی نوعیکی وای درست بکەن کەمنظری خیابان ناجەز نەکا لەصورە تیکدا تاآخری ئەو مدتە تعین کراوە صاحب ملك اقدام بە تعمیریان نەکا شارداری ناچارە بوخوی دروستیان دەکا وەهەر چند مخارجی ببی لەصاحب ملکی دەستینی تەوە .

سەروکی شارداری مهاباد – خسروی

## آگـاداری

لەسەر قەراری کمیتەی مرکەزی حزب دیموکرات کوردستان دولت کوردستان دەنظر گرتوە توتونی درجە ١ لەقەراری هرکیلودووتومان وەتوتونی درجە ٢ لەقەراری هرکیلو ١٤ قران بکری کاتیکی بفیردولت کوردستان توتونی بفروشی خارج بکری صدی ..جای قیمتی توتونکەی بەنیوی حقوقی گمرگی بفروشندەی وەردەگری لەموقع خرید داجیگای حویل دانی توتون معلوم دەکری – .

سروك ادارە دوخانە مهاباد – فتاحی قاضی

# آگاداری

زمارە ٥٣

بروار ٦ - ٣ - ٢٥

لەسەر قەراری زمارە ٣٦ وزارت بهـداری پیویستە ئەو کەسانەی کە مندالیان آبلە کوبی دە کەن روزانـی دوشـەممو و پینجشەممو ساعت ٤ پاش نوبژی بو تلقیح آبلە کوبی بـە بهداری مراجعە بکەن .

سەرو کی ایدارەی بهداری کوردستان

د کتر مبصری

٢١٩٨ ۲۰ ر ۴ ر ۲٥

# اگاداری

چونکو مطابق معمول هرعرضەیکی لەطرف اشخاص بەادارانی دولتی بدری دەبی تمبریکی بکربالی پیوە الصاق بکری لەبرئەوە بە اطلاع عموم رادە گەیندریت کەلەوەی دوا بەعرضحالی خویان بەعنوانی هرادارەیك دەبی تمبریکی ربالی پیوە الصاق بکەن وضمناً بەتەواوی ادارات دولتی عرض کرا کەبەعرضحال بی تمبر اشخاص ترتیبی اثرنادەن پیویستە تەواوی اشخاص مطابق آگاداری سەرەوە اقدام بەتقدیم عرضحال خویان بەادارانی دولتی بکەن وبو کرینی تمبر بکربالی بەادارەی دارائی مراجعە بفرمون .

سەرو کی ادارەی دارئی کوردستان ـ علمی

( وزارت پوست و تلگراف و تەلیفون کوردستان )

زمارە ۱۹۷

بروار ۲٥

# آگاداری

لەسەر امر مبارك حضرت پیشوای معظم کوردستان وزارت پستو تلگراف وتەلیفون لەنظر ماهیە عدیك داوطاب کەدارای سوادی شش سالی ابتیدائی ویازیاتر بیت فن تلگراف وپوست فیربن استخدام بکرین آغایان داوطاب دەبی تاروژی پازدە جوزردان خویان بەوزارت پوست وتلگراف وتەلیفون کوردستان معرفی بە کن دەورەی مدرسەشش مانگە لەپاش خاتمە مدت معینە وەدانی امتحان بـەحەتوقی کافی لەطرف حکـومت کوردستان معین و استخدام دە کرین ـ ف

لەطرف وزیری پوست و تلگراف و تلیفون کوردستان ـ باباخان

# بخشنامە

لەسەر دستوری وزیری بەرزی جنگ بەتەواوی برایانی کورد وهاو نیشتمانانی کوردستان رادە گەیندریت کەهەرگاه کاریکی خلافی اصولی دیموکراسی وبرابەتی لەلایەن مامورانی هیز کوردستان بەرلەپیش هەرگە یا افسر نسبت بەافرادی نەتەوەی کورد رویدات ویاداوای رهوەوغیرە بوییک هینانی کاروبار بکەن پیویستە بەزویی مقاماتی هیزوایە بکەلە حقیقتی موضوع آگادار بفرمون والا بەپیچوانەی ئەو بخشنامە اگرفتار بکری قطعاً مجازات هەردوك لابەاندازە بێ دەبی

معاونی حزب وزارت جنگ کوردستان جعفر کریمی

# ئاگاداری

زماره ۹ — ۲۵ - ۲ - ۲۴

بەمنظورت رفاهینی حالی عامه چاترین نفت و بنزین و ماسله و گازول ونفتیساختی اتحادی جماهیری شوروی وارد بوه کە لە جینی چاکی وبی بونی وروناکالی بە مراتب لە هەمو مواد نفتیچاترو و هەرزانترە محل فروش جیگای پیشوی ادارە نفت بەرابەر تە کیەی پا‌. خلیفه . نماینده فروشی نفت و بنزین مهاباد .

کریم خسروی

---

# ئاگاداری

بەهوی ئەونوسراوە لەسەر فەرمانی موبارەك (جمهوریەتی کوردستان) بەناوی میللەتی خوشەویستی کورد رادە گەیەندریت هەر کەس بەبی ئاگاداری حکومەتی کوردستان‌توتن یا تریاکی وارد مەناطق حکومەتی آذربایجان بکا قاچاقه وئە گەر ماله کەی لی بگیری‌شخصی صاحب مال علاوە ئەوە کە جریمەی قانونی لی دەستیندری بە مجازاتیش دەگا خو لە کاتیکا حکومەتی آذربایجانیش پیتو لەریگای بە کەیەتی کوردو آذربایجانیوە لیان خوش بیتو ماله کەیان بدانەوە حکومەتی کوردستان بەهیچ جوریك لی خوش بوونی‌نابی‌ضمنی‌زەوت کردنی‌ماله کەی زور توندیش‌بەمجازاتی‌خوی‌ان دە گەیەنی .

کومیتەی‌مەر کەزی‌حزب‌دیمو کرات کوردستان

مهاباد چاپخانەی کوردستان

---

# ئاگاداری

زماره ۲۰۲۰
۲۴ ۱۲-۲۸

دە اجرای دەستوری زماره ۲۸۳۸ - ۲۸ - ۱۲- ۲٤ کمیتەی بەرزی مرکزی حزبی‌دیمو کرات کوردستان دا ئەوە بودفعەی سی‌یەم بەناوی آغایانی مالك دەهات رادە گەیەندری . کە وەکو دەبیندری تاویستا کەمتریز قەدریکبو کومەکی دەولەت دە قسمت برداختی‌مالیات دا هەل‌نەهیناوە و مالیاتیکە جزئی کەلەطرف‌مالیەوە بو ایسوە تعین کراوە هەر چەند کە دەسو پرداختی ئەو مالیانە فوری بی و بە ئەواویش آ گادار کراون تیسان بە صندوقی تحویل نادەن و هەروا بەنەفرەوسهل‌انگاری‌رابدەبوبرن و دە گەل ئەوەش کەصندوقئەو رو محتاج‌بەبوله و [redacted] مخارجاتیکی زورە دوو بارە دەولت محض ارفاق دە گەل ایوە تا ۱۵ ی مانگی خا کەلیوە سالی ۱۳۲۵ کە یازدەروز لە بەهاری رادەبری مولت بوابوە قابل بوە کە دەو مدتەدا استفاده لەوەخت بکەن ومالیاتی خوتان وەکو پیو را گەبوە بەصندوقی تحویل ‌‌بدەن هەرگاه لە مدەتی نیوبراو تجاوز بکا ‌‌یتان معلوم بی کەبەوەسیلەی مقاماتی هیزو ‌‌ار‌ەوانی دە گەل ایوە معامله دە کری لەبەر ‌‌ەوە ئومیدەوارین کەکاریکی وانە کەن کار ‌‌گاتە ئەو مقامەی .

رئیس ادارەی‌دارائی کوردستان ـ عباسی

## آگاداری

بەبونەی ئەوە کە ئەسبابی بازرگانی لە
منطقەی کوردستاندا زور موجودە لەبروار
دوەبەت، واوی بازرگانانی کوردستان رادە
گەیندریت تادەستوری دوائی هیچ کەس
حەقی وارد کردنی ئەو چەند شتانەی خوارە
وەی نییە .

١ـ مالی گەزی لە تیپای خوریو لو کەو
وطنی و خاریجە هەمو نەوعـە .

٢ـ بلوریات چینیو هەو نەوعە

٣ـ کرمیت . ـ وله کاتیکدا کەسیك
پیچەوانەی ئەو دەستورە عەمەل و مالی وارد
بکات مالە کەی بوجیگای یەکی کەلیی
هیناوە دە گیر دریتەوە و ٢٠ـ پوتیش بە
قازانجی دولەتی کوردستانی لیدەسندریت
ضمنا ئەوجو کە یەلە ٢٤ رەشەمەی ١٣٢٤
ولە تەواوی شارە کاندا دیی اجرا و بەجی بکە
یندریتو گومرگی مجلیسی پیدا بکاو لە
جیگایەك کە ایدارەی گومرگی نیبیت
پیویستە ایدارەی مالیە ئەو نمرە اجرا بکات

کومیتەی مەرکەزی حزبی دیموکرات
کوردستان

---

## آگاداری

ژمارە ٩ — ٢٥ - ٢ - ٢٤

بەمنظورت رفاهیتی حالی عامە چاترین نفت و
بنزین و ماسلە و گازول و نفتی ساختی اتحادی
جماهیری شوروی وارد بوە کە لە حیثی
چاکی و بی بونی و روناکائی بە مراتب لە هەمو
مواد نفتی چاترو و هەرزانترە محل فروش
جیگای پیشوی ادارە نفت بەرانبەر تەکیەی با
خلیفە . نمایندە فروشی نفت و بنزین مهاباد .
کریم خسروی

---

## آگاداری

بەهوی ئەونوسراوە لەسەر فەرمانی موبارەك
(جمهوریەتی کوردستان) بەتەواوی میللەتی
خوشەویستی کورد رادە گەیەندریت هەر کەس
بەبی آگاداری حکومەتی کوردستان توتن یا
تریاکی وارد مەناطق حکومەتی آذربایجان
بکا قاچاقە وئەگەر مالەکەی لی بگیری شخصی
صاحب مال علاوە ئەوە کە جریمەی قانونی
لی دەستیندری بە مجازاتیش دەگا خو لە
کاتیکدا حکومەتی آذربایجانیش پیتو لەریگای
کەبەتی کوردو آذربایجانیوە ایان خوش
بتو مالە کەیان بداتەوە حکومەتی کوردستان
بەهیچ جوریك لی خوش بوونی نابی ضمنی زەوت
کردنی مالە کەی زور توندیش بە مجازاتی خویان
دەگەیینی .

کومیتەی مەرکەزی حزبدیموکرات کوردستان

مهاباد چاپخانەی کوردستان

ئاگاداری

برایانی خۆشەویســـتو نەخوێندەوار کە تا ئێســـتا لە بـــەر نەبوونو یا زوڵم بلـــەوەزەکان نەیانتوانیوە لە نیعمەتی زانســـتو فەرهەنگ بەهرەوەر بن، ئەوە بنابە ئەمری موبارەکی پێشـــەوای بەرزو قەراری کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دێموکراتی کوردســـتان، لە هەوەڵی ســـاڵی تازە ١/ ١/ ١٣٢٥ چەند پۆل لە مەدرەسەی کوردستان، شەوانە بۆ نەخوێندەوارەکان کراوتەوە.

بـــە هۆی ئەو نوسراوە پێو ڕادەگەیێندرێت کە شـــەوانە مرەتب حازربن تا لە مدەیەکی کەمدا زمانی دایکی خۆ فێربن. هیوادارم کە لە بوونی ئەونیعمەتە پێش‌دەســـتی بکەنو ئەگەر خوای‌نخواســـتە بـــە پێچەوانەی ئەو دەســـتورە ڕەفتار بکرێ. ئیدارەی فەرهەنگ مەجبوور دەبێ کە بە وەســـیلەی شارەوانی نەخوێندەوارن جەلب کات.

پشکنەری فەرهەنگی کوردستان علی خسروی.

لەوئاگاداریەبۆمان دەردەکەوی کەحیزبی دیموکراتی کوردستان بەتەواوی هەســـتی بەوە کردوە کە یەکیک لەســـەرەکی‌ترین ریگاگانـــی بەختەوەریی نەتەوەیەک بردنەســـەری ڕێژەی خویندەواری‌یە.هەروەکی پێشتر ئیشارەمان پێ‌کرد کۆماری کوردســـتان زمانی کوردی کردە زمانی رەســـمیی ئیدارات و قوتابخانەکان و نووسین و هەرلەو کاتەدا بە بریاری حیزب و پێشەوای حیزب خوێنـــدن بۆ کچان و کـــوڕان وەک یەک ئیجبـــاری کرا و لـــەو ئاگاداری‌یەدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەوانەی تەمەنیان چۆتە سەرێ و بەهەر هۆکارێک نەیان‌توانیوە بخوێنن دەبێ بڕۆنە قوتابخانەی شـــەوانە و لە کۆتایی‌دا ئەمری تێدایە کە خوێندنی ئەوجۆرە کەسانە واجبە و ئەگەر کەسیک لەو ئەمرە لابدا لەرێگای شارەوانی‌یەوە جەلب دەکری بۆ قوتابخانە .

**ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٣١ لاپەڕەی ٤، چوارشەممە ١٤ی خاکەلێوەی ١٣٢٥، (٣ی ئاوریلی ١٩٤٦ )**

ئاگاداری

بە تەواوی ئەهالی خۆشەویست و دەفتەرە کانی تابعەی مەرکەزی ڕادەگەیندرێت کە لە هەوڵ مانگی خاکەلێوە بەرواری ١٣٢٥/١/١ دەستەی پۆست و تلگرافی شنۆ بە سەرۆکیی ئاغای ئەسکەندەری دائیرو بەرقەرارە. ناردنی مراسلات غەیرە از (بیمە) بۆ شاری ناوبراو مانعی نییەو قەبووڵ دەکرێت.

سەرۆکی پۆست و تلگراف و تەلیفوون کوردستان / باباخانی

**مزگێنی!**

لە سەر ئەمری حەزرەتی پێشەوای کوردستان لە ژمارە ٣٢ ڕۆژنامەی کوردستان ڕا دەرسی زمانی کوردی بۆ ئەو کەسانە کە تازە دەست بە خوێندن دەکەن (پۆلی ئەوەڵ) چاپ دەکرێ. پێویستە برایان و خوشکان کە دەیانهەوێ نووسین و خوێندنەوە فێر بن لەم نیعمەتە گەورە ئیستفادە بکەن.

**ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٣٢ لاپەڕە ٤، شەممە ١٧ی خاکەلێوە ی ١٣٢٥، (٦ی ئاوریلی ١٩٤٦ )**

ئاگاداری

بە بۆنەی ئەو ئیعلامیە هێزی ناوەندی دێموکراتی کوردستان لە ئەشخاس داوتەڵەب «پێشمەرگە» کە ساحبی ئەسپی شەخسین و سابقەن نێویان لە هێزدا نوسراوەو پاداشتیان دراوەتێ و، یا ئەشخاسێکی خەیاڵ و نەزەریان ئەوەیە داخل بە خزمەتی پێشمەرگەیی بن، پێویستە بە ئینتشارو بڵاوکردنەوەی ئەو ئیعلامیە خۆیان بە هێزی ناوەندی کوردستان مەعەرِەفی و بناسێنن تا مەحەل و جێی ئەوان لە هێزدا بدرێ و تەکلیفیان کە تا ئەمڕۆ مونتەزر بوون مەعلووم کرێ.

سەرۆکی ستاد هێزی مەرکەزی دێموکراتی کوردستان: سەلاح

**ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٣٣، لاپەڕەی ٣، دووشەممە ١٩ی خاکەلێوەی ١٣٢٥ ( ٨ی ئاوریلی ١٩٤٦ )**

ئاگاداری

بە برایانی خۆشەویست دانیشتووی مەهاباد ڕادەگەیندرێت کە لەو بڕوارەوە هــەر کەس منداڵی بووبێ‌و یا کەسـێکی لێ مردبێ‌و خەبــەری بە ئیدارەی نێونــووس نەدابێ فەوری تەشریف بە ئیدارەبێنــن کاری خۆیان جێ بە جێ بکەن‌و لەوەی دوواش ئەو دەستوورەی سەرەوە ئیجرا بفەرموون بۆ قسمەتی ژن هێنان‌و تەڵاق دان، ئەڵبەتە بە مەحزەراتی ڕەسـمی خەبەر بدەن‌و تێبکۆشن کە هەمیشــە کاریان بە صحیحی و ڕەسـمی جێ بە جێ بێ کە ئەو ئیدارە هەمیشــە بۆ بەجێهێنانی کاری میللەت ئاوەلەو حازرە. وە خودای نەخواستە ئەگەر کەسـێک لەو دەســتورە خۆ بگرێ لە سەر دەستوری کۆمیتەی بەرزی حیزبــی دێموکراتی کوردســتان موافق قانوونی حیزبــی جەریمەو مجازات دەکرێ.

سەرۆکی ئیدارەی کوللی نێونووسیی کوردستان

یوسفی

**ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٣٣، لاپەڕەی ٣، دووشەممە، ١٩ی خاکەلێوهی ١٣٢٥ ( ٨ی ئاوریلی ١٩٤٦ )**

ئاگاداری

بەتــەواوی ئەهالی موحتەرەمــی مەهابادو ئەتراف مخصوصا ســاحیبانی باغــات میــوە ڕادەگەیندرێت کە جێگای فرۆشــتنی میــوە مەیدانی عەباس ئاغا تەعین کراوە پێویســتە تەواوی مێوە فرۆشان لە مەوقعی هێنانی میوە لە مەیدانی نێو براو میوە خەریدو فرۆش بکەن‌و ئەڵبەتە هیچ کەس حەقی نییە لە محلی دیکە میوە بفرۆشێ.

سەرۆکی شارەوانی مەهاباد / خوسرەوی

ئاگاداری

لە ســەر قەراری كومیسیونی ئەنجومەنی شــارەداری كە لە بڕواری ٧/ ١/ ١٣٢٥ بە حەزووری قەســابانی شار لە ئیدارەی شارەداری تەشكیل دراوە لە تاریخ ١٦ی خاكەلێوەی ١٣٢٥ تا هەوەڵی مانگی خەرمانانی ١٣٢٥ نرخی گوشــت مەڕو بزن سیەی لە قەراری ســێ تمەن ( كیلۆی پازدە قران) تەعین كــراوە. لەو بڕوارەوە بــە ئەهالی خۆشەویســت ڕادەگەیندرێت كە هەركەس لە قەســابانی شــار لەو میزانە زیاتریان فرۆشت یا حەیوانی لاوازو نەخۆشیان كوشتەوە بە ئیدارەی شــارەداری ڕابگەیەنن تاكەسانەی تەخەلوفیان كردوە جەریمــەو تەنبیــە بكرێنو لە ســوورەتێك دا بە شــارەداری خەبــەر نەدەن تقصیریك متەوەجێی ئەو ئیدارەیە نییە.

سەرۆكی شارەوانی مەهاباد

خوسرەوی

**ڕۆژنامەی كوردستان، ژمارە ٣٨، لاپەڕە ٤، دووشەممە ٢ی بانمەڕی ١٣٢٥ (٢٢ی ئاوریلی ١٩٤٦)**

ئاگاداری

بــەدوای ئاگاداری ژمــارە ٥٣- ١٨/ ١٠/ ١٣٢٤ بۆ بیرهێنانەوەی خەڵكی شــاری بە تەواوی برایانی خۆشەویســت دووبارە ڕادەگەیندرێ هەركەس لە نێو شاردا تفەنگ یا دەمانچە باوێژێت بە خسوس لە شەوێدا بە پێی قانوون زیندانیو جەریمە دەكرێ.

٨١٢- ٢١/ ١/ ١٣٢٥

فەرماندەی هێزی ناوەندی

نانەوازادە

**ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٣٩ لاپەڕە ٤،**
**چوارشەممە ٤ی بانەمەڕ١٣٢٥، (٢٤ ی ئاوریلی ١٩٤٦)**

ئاگاداری

بە تەواوی دانیشتوانی خۆشەویستی شاری مەهاباد ڕادە گەیندرێت ئاغایان کـە لە کەناری خیابـان مڵکیان هەیەو نیوەتەواو یا ئینکـی خەرابەیە، دەبێ هەتا ١٥ ڕۆژ چاکیـان بکەنەوەو پیادەڕەوی پێش موڵکی خۆیان کە موحتاج بە تەعمیرە تەعمیری بکەن‌و، زیمنەن دەبێ نەوعێکی وای دروست بکەن کە مەنـزەرەی خیابان ناحەز نەکا. لە سـورەتێک‌دا تا ئاخری ئەو مودەتە تەعین کراوە سـاحیب موڵک ئیقدام بـە تەعمیریان نەکا شـارەداری ناچار بۆخۆی دروستیان دەکاو هەرچەند مەخارجی ببی لە ساحیب موڵک دەستێنێتەوە.

سەرۆکی شارەداری

خوسرەوی

**ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٣٩، لاپەڕەی ٤،**
**چوارشەممە، ٤ی بانەمەڕی ١٣٢٥، (٢٤ی ئاوریلی ١٩٤٦)**

ئاگاداری

لە سـەر قەراری کۆمیتـەی مەرکەزی حیزبـی دێموکراتی کوردسـتان، دەوڵەتی کوردستان دەنەزەری گرتوە توتنی دەرەجە١ لە قەراری هەر کیلۆ ٢ تمەن‌و تووتنی دەرەجە٢ قەراری هەر کیلۆ١٤ قران بکڕێ. کەسانێکە بەغێراز دەوڵەتی کوردستان تووتنی بفرۆشێ‌و خاریج بکرێ، سەدی پەنجای قیمەتی تووتنەکەی بە نێوی حقوقی گومرگی لە فرۆشەندەی وەردەگرێ.

لە مەوقعی خەریددا جێگای تەحویل‌دانی تووتن مەعلوم دەکرێ.

سەرۆک ئیدارەی دووخانیەی مەهاباد

فەتاح قازی

**ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە٤٠، لاپەڕەی ٣، شەممە ٧ی بانەمەڕی ١٣٢٥، (٢٧ی ئاوریلی ١٩٤٦ )**

تەسویبی قانوونی مجازات

بەرابــەر بە ئەمرییەی ژمارە ١٦٠٧ - ١ / ٢ / ٢٥ کۆمیتەی مەرکەزیی حیزب دیوانی حرب هێزی دێموکراتی تشکیلو قانوونی مجازاتیش وەک لە خوارەوە نوسراوە تەسویب بوو: قانوون

مادە ١- جاسوســی کە بە یەقین گەیشت جەزای ئەو ئیعدامە، ئەما ئەگەر دەلیلی تەخفییف لە کاردا بن تەواوی دارائی ئەو کەسە دەبێتە هی دەوڵەت، یان زیندانی بە کار لە شەش مانگەوە تا مردن.

مادەی ٢- مەستیو هەرزەیی لە دە ڕۆژەوە تا یەک مانگ زیندانی لە گەڵ کارو لە پەنجا تا دووسەد قەمچی. هەر نۆبەی لە پەنجا قەمچی زیاتر نەبێ.

مادەی٣- دزین یا لە نێو بردنی ماڵی دەوڵەت لە چاو ئەو گوناحە کە کردوویە ئیعــدام یان هەڵگرتنی دارائی ئەو کەســە بۆ دەوڵەتو یــا زیندانی بە کار لە دوومانگەوە تامردن. لە هەموو حاڵدا دەرکردن لە سەرخزمەت. کەسانێک کە بە تفەنگو یان ئەســڵەحەیەکی شەڕەوە جەردەییو ڕێگریو یان دزی بکەن ئەوانیش جەزایان هەروایە.

مادەی ٤- زۆر هێنان بۆ هاوســەر یان کەسانی دی یەک ساڵ زیندانی بە کارو لێ ئەستاندنەوەی ئەوەی کە سەندوویە.

مــادەی ٥- تریاک کێشــان بێبەش بوونــی لە تەواوی حقوقــی مەدەنی ئەوانەش کە لە سەر خزمەتن ئەگەر لە دوایەدا فێری تریاک بن لە دوای یەک ساڵ زیندانی بە کار لە سەر خزمەت دەردەکرێ.

مادەی ٦- هەڵاتن لە شەڕداو ئەسڵەحە بە دوژمندان جەزای ئیعدامە.

مادەی ٧- سزای خەیانەت بە میللەت یان دەوڵەت یان نیشتمان ئیعدامە ئەمما ئەگەر دەلیلی تەخفیف لە بەیندا بێ وەک لە مادەی ١ نوسراوە ڕەفتار دەکرێ.

مادەی ٨- دەســتدرێژی بە ناموسی خەڵک جزای هەر بەو جۆرەیە کە لە هەیئەتی ڕەئیسەی مللی دا گوزراوە.

مادەی ٩- بەرتیل وەرگرتنیش هەروەها.

تێبینــی ١: تەواوی گرتــووان ( دوکتور، لیســانس، دیپلومەو ناقص نەبێ) لە ڕۆژی گیرانەوە بە ئەمری ئەو مەقاماتەی کە ســەلاحییەتیان هەیە ممکنە کاریان پێ بکرێ ئەمما ڕۆژێ لە شەش ساعەت زیاتر نا و ڕۆژانی تەعتیلیش هەرنا.

تێبینی ٢: ئەفسەران و نەفەراتی هێزی دێموکراتی کوردستان و جاسوسانی خــارج ئەگــەر یەکێک لەو گوناحانە یــان لێ ڕووبدا هەر لــە دیوانی «حرب» پێ ڕادەگەن خەڵکــی خارج لە هێزەوەش بە پێ فەرمانی ڕیئاســەتی معظم جمهور ئەو دێوانە حوکمیان دەکات.

ئەوا بۆ ئاگاداری تەواوی هێزی دێموکراتی کوردستان ئەو قانوونە چوار جار لە دوای یەک لــە ڕۆژنامەدا چاپ و بڵاو دەکرێتــەوە. خودا بکات هیچکەس یەکێ لەو گوناحانەی لێ ڕوونەدات دەنا حەتمەن بەو مجازاتەی کە نووسراوە گرفتار دەبێ.

سەرۆکی دیوانی حربی هێزی دێموکراتی کوردستان: ابراهیم صلاح

**ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٤٦، لاپەڕەی ٤، شەممە ٢١ی بانەمەڕی ١٣٢٥ (١١ی مەی ١٩٤٦)**

ئاگاداری

بە هــۆی ئەو نوسراوە بەدوای بەخشــنامەی ژمارە.... بە تــەواوی ئەهالی ڕادەگەیندرێت دەســتوری ژمارە ٢٢٣٠ بۆ واردکردنی ماڵی وەتەنی لە ســەر قــەراری کۆمیتەی مەرکەزی لەودەکریت و هەرکەس ماڵ وارید بکا بە قاچاغ حیساب دەکرێ و موتەخەلفین مەجازات دەکرێت.

کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دێموکراتی کوردستان

**ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٤٨، لاپەڕە ٣،**
**شەممە ٢٨ی بانەمەڕی ١٣٢٥، (١٨ ی مەی ١٩٤٦)**

ئاگاداری

بە هۆی ئەونوسراوە لە سەر فەرمانی موبارەکی «جمهوریەتی کوردستان» بە تەواوی میللەتی خۆشەویستی کورد ڕادەگەیندرێت هەر کەس بە بێ ئاگادارییی حکومەتی کوردستان توتن یا تریاک واردی مەناتقی حکومەتی ئازەربایجان بکا قاچاغەو ئەگەر ماڵەکەی لێ بگیرێ شەخسی ساحیب ماڵ علاوە لەوە کە جەریمەی قانوونی لێ دەستێندرێ بە مجازاتیش دەگا، خۆ لە کاتێکدا حکومەتی ئازەربایجانیش بێتوو لە ڕێگای یەکێتی کوردو ئازەربایجانەوە لێیان خۆش بێتو ماڵەکەیان بداتەوە حکومەتی کوردستان بە هیچ جۆرێک لێخۆش بوونی نابێ زیمنی زەوت کردنی ماڵەکەی زۆر بە توندیش بە مجازاتی خۆیان دەگەینێ.

کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دێموکراتی کوردستان

**ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٤٨، لاپەڕە ٤،**
**شەممە، ٢٨ی بانەمەڕی ١٣٢٥، (١٨ ی مەی ١٩٤٦)**

ئاگاداری

بە گوێرەی ئەوە کە ماڵی گزی حاڵی حازر لە مەنتیقەی کوردستان‌دا زۆرە لە بەر ئەوە لە سەر قەراری کۆمیتەی مەرکەزیو موافقەتی سەرۆکی معظم جمهور بۆ پێشگیری لە زەرەرو خەسارەتی ئەوانەی جنسیی قطورەیا زۆرە بە تەواوی میلەت ڕادەگەیندرێت لەو بڕوارە هەتا هەوەڵی مانگی ٢٥/٩ هیچ

کەس حەقی واریدکردنی مالی گزی لەهیچ جێگایەکی نییەو بێتو کەسێک بەرخلافی ئەو دەستووره ڕەفتار بکا سەهلە کە ماڵەکەی لە لایەن گومرگەوە تەوقیف دەکرێ بەلکوو زۆر بە توندیش مجازات دەکرێ.
کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

**ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٥٤، لاپەڕە ٣، چوارشەممە ١٥ی جۆزەردانی ١٣٢٥، (٦ی ژوئەنی ١٩٤٦)**

ئاگاداری ژمارە ٥٣، بەروار ٦- ٣- ٢٥
لە سەر قەراری ژمارە ٤٦ی وەزارتی بێهداری پێویستە ئەو کەسانە کە منداڵیان آبلەکوبی دەکەن ڕۆژانی دووشەممەو پێنجشەممە سەعات ٤ی پاش نوێژێ بۆ تەلقیحی ئابلە کوبی بە بیهداری مراجعە بکەن.
سەرۆکی ئیدارەی بیهداری کوردستان
دوکتور مبصری

**ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٥٥، لاپەڕەی ٤، شەممە ١٨ی جۆزەردانی ١٣٢٥، ( ٩ ی ژوئەنی ١٩٤٦)**

ئاگاداری
بە دوای ئاگاداری ژمارە ٣٠٨- ١١/ ١/ ٢٥ پۆلی ٣ی هێزی ناوەندی جمهوری کوردستان بە هەموو برا خۆشەویستەکان ڕادەگەینێ کە پۆل بەم شەرتانەی ژێرەوە پێشمەرگە ڕادەگریت:
الف) هەتاومکینە سەڵت و بێ ژن و منداڵ بێت.
ب) تەمەنی نابێ لە ١٨ کەمترو لە ٣٠ زیاتر بێ.
ج) خاوەنی ئەخلاقی چاک و بەدەنی ساغ بێ.

وەسائیل زیندەگی و بەخێوکردنی پێشمەرگە لە تەرەف دەوڵەتی جمهوریە کوردستانەوەتعین کراوە بەوجۆرەیە:

الف) نان و چێشت و مەنزڵ و بەرگ و قەندو چاوتوتن و کاغذی سیغارو تەواوی وەسائیلی زیندەگی کە بۆ پێشمەرگەی دەوڵەتێکی ئابڕوومەند پێویست بێ، فەراهەم و حازرە.

ب) مواجبی مانگانەی پیادە ١٥ تمەن. سوار ئەگەر ئەسپ و زینی شەخسی بێ ٢٥ تمەن لە هەموو سەری مانگ‌دا ومورەتەب وەری دەگرن.

ج) دوای خاتمە خزمەتی چوارمانگەو فێربوونی تەعلیماتی پێشمەرگایەتی ئەگەر چوو بۆ مەئموریەت غەیراز جیرەی دەوڵەت ڕۆژی تمەنێکی فوق‌العادە دەدرێتی.

کاسانێک خاوەنی ئەو شەرتانەی سەرەوەن پێویستە خۆیان بە پۆلی ٣ی هێزی ناوەندی معەڕەفی و بناسێنن تا بە خزمەتی مەقەدەس و مەرامی پێشمەرگایەتی موفتەخەر بکرێ.

فەرماندەی پۆلی ٣ی هێزی ناوەندی: سەلاح

**ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٥٩، لاپەڕەی ٣، دووشەممە ٢٧ی جۆزەردانی ١٣٢٥، (١٨ی ژوئەنی ١٩٤٦)**

بەخشنامە

لە سەر دەستوری وەزیری بەرزی جەنگ بە تەواوی برایانی کوردو هاونیشتمانانی کوردستان ڕادەگەیەندرێت کە هەرگاە کارێکی خیلافی ئوسوولی دێموکراسی و برایەتی لە لایەن مەئموورینی هێزی کوردستان لە پێشمەرگە یا ئەفسەر نیسبەت بە ئەفرادی نەتەوەی کورد ڕووبدا یا داوای ڕشوەو غەیرە بۆ پێکهێنانی کاروبار بکەن پێویستە بەزوویی مقاماتی هێزو

ئـــی دیکە لە حەقیقەتی موزوع ئاگادار بفەرمـــوون؛ وەئیلا بە پێچەوانەی ئەو بەخشـــنامە ئەگەر ڕەفتار بکرێ قەتعەن موجازات هـــەردووک لا بە ئەندازەی یەک دەبێ.

معاوینی حزب وەزارەتی جەنگ کوردستان: جەعفەر کەریمی

**ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٦٩،**

**لاپەڕە ٤، یەکشەممە ٣٠ی پووشپەڕی، ١٣٢٥**

ئاگاداری

ژمارە ٢١٩٨ /٢٠-٤-٢٥

چونکە مەتابقی مەعموول هەر عەریزەیەک لە تەرەف ئەشخاس بە ئیداراتی دەوڵەتی بدرێ دەبێ تەمبرێکی یەک ڕیالی پێوە ئیلساق بکرێ. لە بەر ئەوەی بە ئیتلاع عموم ڕادەگەیندرێت کە لەوەی بەدواوە عەرزو حاڵی بە عینوانی هەر ئیدارەیـــەک دەبێ تەمبرێک یەک ڕیالی پێوە الصاق بکەن‌و ضمنا بە تەواوی ئیدارات دەوڵەتی عەرزکرا کە بە عەرزی حاڵی بێ تەمبری ئەشخاس تەرتیبی ئەسەر نەدەن. پێویستە تەواوی ئەشخاس مەتابقی ئاگاداری سەرەوە ئیقدام بە تەقدیمی عەرزو حاڵی خۆیان بە ئیداراتی دەوڵەتی بکەن‌و بۆ کڕینی تەمبر یەک ڕیاڵی بە ئیدارەی دارایی مراجعە بفەرموون.

سەرۆکی ئیدارەی دارایی کوردستان: علم

**ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٧١، لاپەڕەی ٤،**
**یەکشەممە ٦ی گەلاوێژی ١٣٢٥، ( ٢٨ ی ژوئیەی ١٩٤٦)**

**ئاگاداری**

بە تەواوی ئەهالیی موحتەرەمــی مەهابادو ئەترافی ڕادەگەیندرێت چۆن قەرار دراوە تەواوی ئەرمەنیان بۆ نیشــتمانی خۆیــان بگەڕێنەوە، هەر کەس حەق حیســابێکی دەگەڵ وان هەیە بەزوویەکــی زوو دەگەڵیان جێ بە جێ بکەن کە دەمەوقعی ڕویشتنیاندا مەحتەل نەبن.
لە تەرەف فەرمانداری مەهاباد: تقفی

**ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٧٥، لاپەڕە ٤،**
**یەکشەممە ٢٠ی گەلاوێژی ١٣٢٥، (١١ی ئوتی ١٩٤٦ )**

ئاگاداری ژمارە ١٦/٣٢-٥-١٣٢٦
لە بڕواری نەشری ئەو ئاگادارییەوە بە تەواوی قەسابان ڕادەگەێندرێت کە پێویستە هەر حەیوانێکی دەکوژریتەوە بە دەستووری دامپزشکیو لە معاینە دەرچێتو هەرکەســێک حەیوانــات لە هەر قەبیل بە عینوانـــی تیجارەت لە مەهاباد بۆ خاریج صادر بکا، پێویســتە ئەویش تەحتی نەزەری دامپزشکیی کوردستان ئەنجام بدرێ، کەسانیکی خیلافی قانوون بیطاری ڕەفتار بکەن بە پێی مقرراتی دێموکرات مجازاتو جەریمە دەکرێن.
سەرۆکی کشاورزی کوردستان: وەلیزاد

**ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٧٥، لاپەڕەی ٤،**
**یەکشەممە ٢٠ی گەلاوێژی ١٣٢٥،(١١ی ئوتی ١٩٤٦)**

ئاگاداری

بە عموم میللی کەلیمییانی دانیشــتوی مەهابــاد ڕادەگەیەنم کە لە ژێر حیمایەتی حەزرەتی پێشــەوای معظــمو مەحبووبی کوردســتانو نەزەراتی

ئیـــدارەی موحتەرەمی فەرهەنگ، بە ئیجازە لە مەقاماتی بەرزی کوردســـتان مەدرەســـەیەک بە ناوی تێکەڵی کـــوردی و عیبری دەکەینەوەو پێویســـتە لە بـــەڕواری ئەو ئاگاداریيـــەوە منداڵی خۆتـــان چ کوڕ چ کچ بـــە دەفتەری ئەو مەدرەســـە کە ڕووبـــەڕووی عیمارەتـــی داودزادەیـــە مەعەڕەفی و بە ســـەبتی بگەیەنن، لە غەیری ئەو ســـوورەتەدا مەجبوور دەبین بە وەســـیلەی شارەوانی حازر دەکرێن.

مودیرو سەرپەرەست مدرسەی عبری: داوودزادە

# کورتە باسیک لەسەر
# گەڵاڵەی کۆمیسیۆنی قەزایی‌و
# قانوونی سزادانی گشتی
# ساڵی٦٠-٦١

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی گەلانی ئێران و دەستپێکردنەوەی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، حیزبی دێموکرات لە قۆناغێکی دیکەی خەبات‌دا دیسان ئەرکی بەڕێوەبردنی وڵاتی کەوتە سەرشان؛ بەتایبەتی کە کۆماری ئیسلامی شەڕی بە ناحەقی بەسەر گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا سەپاندو کوردستانی لە هەموو بارێکەوە (ئابووری، فەرهەنگی و پەروەردە، تەنانەت هاتوچۆو ،راگواستن) ئابلۆقە دابوو. لەوقۆناغە هەستیارو ناسکەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان دوو ئەرکی گرینگی کەوتبوونە سەرشان: هەم دەبوایە لە بەرامبەر هێرشی سوپای کۆک و پۆشتەی کۆماری ئیسلامی‌دا دیفاع لە کوردستان و مافەکانی خەڵکی کوردستان بکاو هەم کاروباری رۆژانەی خەڵک ئیدارە بکا، واتە بەڕێوەبەری وڵاتی کەوتبووە سەرشان، چونکە لە کوردستان بۆشایی دەسەڵات و حوکمڕانیی دەوڵەت بە تەواوی دیار بوو و زۆربەی ئیدارەو شوێنە گشتی‌یەکان کە حکوومەت دەبوایە ئیدارەیان بکا، یان بە تەواوی داخرابوون، یان وەک لەکۆڵ‌خۆکردنەوە کاریان دەکرد.

لــە قۆناغێکی وا هەســتیاردا حیزبــی دێموکراتی کوردســتان کە حیزبی هەڵقوڵاو لە ناخی کۆمەڵانی خەڵکەوە بوو، شانی وەبەر هەر دوو بەرپرسایەتی داو، بــە پێــی توانــای خــۆی هەوڵــی دا بــە وەڕێ‌خســتنەوەی ئیــدارات‌و قوتابخانەکان‌و نەخۆشخانەکان بۆشایی دەسەڵات‌و حاکمیەت پڕ بکاتەوە.

دامەزراندنی نەخۆشخانەی شــۆڕش، پەروەردەو بارهێنانی مامۆستایانی شۆڕش‌و چاپی کتێبی دەرســی بە زمانی کوردی‌و ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگە لە بواری پێوەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکانەوەو چارەسەری کێشەکان لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانــی حیزبەوە؛ ئەمانــەو دەیان کاری دیکە لــە کارە بەنرخەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو قۆناغەدا بوون.

لــە هــەل‌و مەرجێکــی ئــاوادا کــە شــەڕێکی قــورس لەلایــەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە بە سەر خەڵکی کوردستان‌دا سەپابوو هەر وەکی گوترا ئەرکی قورســی بەرگری‌و بەربەرەکانیی شەڕو ڕێکخستنی کاروباری نێو کۆمەڵگەی کوردســتان کەوتبووە سەرشانی حیزبی دێموکرات. بۆیە ڕۆژبەڕۆژ ئەو حیزبە هەوڵــی دەدا بە بەرنامەکانی خۆی‌دا بێتەوەو باشــترو ڕێک‌وپێکتریان بکا بۆ ئەوەی بتوانێ خزمەتی زیاتر بە کۆمەڵگە بکا. ئەوەتا هەر لە پێشەکیی قانوونی ســزادانی گشتی‌دا لەگەڵ ئەوە ئیشــارەی بەســزا کردوە دەڵی تەمبێیی بۆ کەسەیە کە لە ڕێوشوینی دیاریکراو لای دابێ‌و، ڕوونی دەکاتەوە کە مەبەست لە هەموو ئەمانە ئەوەیە کە هەمووئەندامانی کۆمەڵ لەبەرامبەر ئەو قانوونەدا وەک یەکن‌و مەبەستی سەرەکیی ئەو قانوونەی بەم شێوەیە دەربڕیوە:

لەهەلومەرجی ئیستادا دەبێ بەهەموو تواناوە بۆ نیشاندانی ڕێگای ژیانی نوێ هەول بدرێ‌و ئەوانەی لە ڕێوشوێنی دیاریکراو لادەدەن بە زووترین کات سزا بدرین.

قانوونی ســزا، یان ســزادان لقێکە لە قانوونی گشــتی (عمومی) کە باس لە تاوانەکان‌و ســزاکانی ئەوان دەکا. قانوونی ســزادان بە شــێوەی گشــتی ڕێوشوێنێکە کە جوراوجۆریی تاوانەکان دەناسێنێ‌و کردن‌ونەکردنیان قەدەغە

دەکاو سزای هەرکام لەو تاوانانە دیاری دەکا. بەمجۆرە قانوونی سزادان لقێکە لە قانوون کە هێندێک لە کردار یا خۆپاراستن لە کردارو زەمانەتی پێشگیری بەهۆی سزادان دیاری دەکا.

بە واتایەکی دیکە قانوونی سزادان پێوەندیی هەیە بە تاوانەوە، واتا بابەتەکەی ڕاگەیشتن بەسزادانی تاوانبارانە. هەر کردارێک یا تەرکی کردارێک کە قانوون مەنعی کردبێ‌و، زیانی بە کەس یاکەسانێک یا بەرژەوەندیی کۆمەڵگا گەیاندبێ لە ڕوانگەی قانوونەوە دەبێ تاوانبارەکەی سزا بدرێ، چونکە دەبێتە تاوان‌و تاوان سزای بەدواوە دەبێ.

ئەوە ڕاستە کە لە قانوونی سزادان‌دا کەسی زیان‌ویکەوتوو بە بەرزکردنەوەی سکاڵا لە بەر دەمی دادگا بە مافی خۆی دەگا کە ئەوە یەکێک لە ئامانجەکانی قانوونی سزادانە؛ بەڵام ئامانج لە تەنزیمی قانوونەکانی سزادان دامرکانەوەی هەستی تۆڵەکردنەوە یا تەنیا قەرەبووکردنەوەی زیان دیتوو لە تاوان نیە؛ بەڵکوو بەو هۆکارە کە تاوانبار نەزمی کۆمەڵگا تێک‌دەداو ئەمنیەتی کۆمەڵایەتی‌و قەزایی کۆمەڵگا دەشکێنی‌و پێشێلی دەکا، قانوونی سزادان لە بەرامبەری‌دا ڕادەوەستێ.

تاوان‌و سزا دوو ڕووی دراوێکن، وەک دوو تووڵەڕێ بەشێوەیەکی یەکسان‌و شان‌بەشانی یەک بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی لە تەنیشت یەک‌دا جێیان کراوەتەوە، هەر بۆیە دەوڵەتەکان بە مەبەستی ڕێکخستن‌و پاراستنی مافی گشتی کۆمەڵە ڕێسایەکیان داناوەو پەسند کردوە کە لەوان‌دا باسی سەپاندنی سزا لە بەرامبەر تاوان‌دا کراوە. لێرەدا دەردەکەوێ کە قانوونی تاوان تایبەتە بە دەستنیشانکردنی ئەو ڕەفتارەی بەتاوان دانراوەو، دیاریکردنی ئەو سزایە کە بۆ ئەنجامدەری ئەو تاوانە بە گونجاو زانراوەو بڕیاری لە سەر دراوە.

هەر وەک پێشتر باسمان کرد حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەرکی بەڕێوەبەریی وڵاتی کەوتبووە سەرشان‌و، پێ‌بەپێی شەڕو بەربەرەکانی لەگەڵ نیزامی کۆماری ئیسلامی دەبوو لە بەرامبەر تاوان‌و دەستدرێژی‌دا دیفاع

لــە مافی تاک و کۆمەڵ بــکا، کە ئەویش تەنیا بــە دامەزراندنی دام‌ودەزگای قەزایی‌و بە قانوون کردنی کۆمەڵگا دابین دەبوو.

هەر بۆیە لە ڕەشــەمەی ســاڵی ١٣٦٠ی هەتــاوی (١٩٨٠ی زایینی)دا دەفتەری سیاســیی حیزب گەڵاڵەی کۆمیسیۆنی قەزایی‌و قانوونی سزادانی گشــتیی پەســند کرد. لە ســەرەتای ئەو گەڵاڵەیــەدا بەم شــێوەیە باس لە پێویســتیی دانانی قانوونێک کراوە کە بتوانێ مافەکانی کەسانی حەقیقی‌و حقووقی بپارێزێ:

«لــە کاتێکدا تــەواوی مافی مرۆڤایەتــی لە ڕێژیمی کۆماری ئیســلامیی ئێران‌دا پێ‌شــێل کــراوەو لە هەل‌و مەرجێک‌دا کە بزووتنەوەی نیشــتمانی‌و دێموکراتیکی گەلی کورد بە هەست کردن بە ئەرکی مێژوویی‌و شۆڕشگێڕانەی خۆی تێ‌دەکۆشــێ کەنــدو کۆســپەکانی کۆمەڵایەتی وەلا بنــێ‌و کۆمەڵی کوردەواری بەرەو ژیانێکی پێشکەوتووانە بەرێتە پێش، بۆ بەرگری لە پاراستنی مافەکانــی «اشــخاص حقیقــی و حقوقــی» پێویســتی هەیە. بــەم هۆیەوە قانوونی ســزای گشتی لەلایەن کۆمیسیۆنی قەزایی کە بەرهەمی تێکۆشانی بزووتنەوەی نیشــتمانی‌و دێموکراتیکــی گەلی کوردە ئامادە کــراوەو بەڕێوە دەچێ. ئەم قانوونە لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پەسندو تەئیید کراوەو هێزی پێشمەرگە زامنی ئیجرای ئەو قانوونەیە.»

لەو پێشەکییە کورتەڕا دەردەکەوێ کە حیزبی دێموکرات هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە وەک حیزبێک لە دایک بووە کە وەک دەوڵەت لەگەڵ ڕێکخستنی کۆمەڵگەو ڕووداوەکان هەڵســوکەوتی کردوەو خۆی لە بەرامبەر چارەنووسی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردســتان‌دا بە بەرپرســیار زانیوە. وەک چۆن لەو پێشەکی‌یەدا هاتوە:» بە ئەرکی مێژوویی‌و شۆڕشگێڕانەی خۆی تێ‌دەکۆشی کە کەندو کۆســپەکانی کۆمەڵایەتــی وەلا بنێ‌و کۆمەڵی کــوردەواری بەرەو ژیانێکی پێشکەوتووانە بەڕێتە پێش»و هەر لێرەدا باس لە پاراستنی مافەکانی

«اشــخاص حقیقی و حقوقی» دەکاو لە کۆتایی‌دا دەڵێ ئەو قانوونە لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بە پەسەند گەیشتوە، واتە حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک پارلمان و سیستمی بەڕێوەبەریی وڵات هەڵسوکەوتی کردوەو هەرلەو حاڵــەدا ئەرکی جێبەجێکردنی ئەو قانوونە دەخاتە ئەســتۆی هێزی پیشمەرگە کە لەژێر سازمان و رێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌دایە.

گەلاڵەی کۆمیســیۆنی قەزایی و قانوونی ســزادانی گشتی پەسەندکراوی رەشەمەی ۱۳٦۰ی هەتاوی لە چەند بەش پێک هاتوە.

**بەشــی یەکەم:** پێشــەکی‌یەکی کورت، پێناســەی کۆمیســیۆنی قەزایی و پێکهاتــەی ئەو کۆمیســیۆنە و ســەلاحیەتەکانی کۆمیســیۆن بەگشــتی و ســەلاحیەتی کۆمیســیۆن لە کاروباری قەزایی‌دا بەتایبەتــی بە وردی باس کراوە.

**بەشــی دووهــەم:** قانوونی ســزادانی گشــتی لــە خۆ دەگرێ کــە لە ۸۹ بەنــد «مادە» پێک‌هاتوەو ســاڵی ۱۳٦۱ هـــ.ش (۱۹۸۲ی میلادی) بەپێی پێویستیی کۆمەڵگە ۲۹ بەندی دیکەشی لێ زیادکراوە کە لە سەریەک ۱۱۸ بەنــد «مادە» لە خۆ دەگرێ کە تاوانەکانی جینایەت و جونحەو خیلافی تێدا دەستنیشــان کراوەو لە پاڵ هەرکامیان‌دا سزای شیاوی ئەو تاوانەش دیاری کراوە.

## هەڵسنگاندنیک بۆقانوونی سزادانی گشتی:

ئەو قانوونە بەپێی هەل‌ومەرج و سەردەمی خۆی و نیازی کۆمەڵگە لەلایەن پسپۆڕان و شارەزایانی قانوونەوە نووسراوەو تێکەڵاوێکە لە قانوونە نووسراوەکانی ئەو ســەردەمی ئێران و کۆمەڵێک عورف و عاداتی باو بۆ چارەسەرکردنی گیرو گرفت و کێشەکانی نێو خەڵک.

مامۆســتا عەبدوڵلا حەســەن‌زادە لە «نیو سەدە تێکۆشــان»دا کە باس لە ئەرک و کاروباری کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی دەکا بەو شێوەیە تیشکی خستۆتە

سەر بەشی قەزایی لە کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی دا:

« ... کاروباری قەزایی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتییش ئەگەرچی نای شارمەوە لــە هێندێ بــارەوە زیانی زیاتر لــە قازانجی بوو، بەڵام خزمەتــی گەورەی بە چارەســەری کێشــەو ناکۆکی یەکانی نێوان هاونیشــتمانان کردوە. تەنانەت پاش ئەوەش کە ناوچەی ڕزگارکراو لە دەســتی پێشــمەرگەدا نەماوە، زۆر لە هاونیشــتمانان چارەســەری گیرو گرفــتو ناکۆکی یەکانیــان هێناوەتە لای حیزبو لە سەردەســتی بەشی قەزایی کۆمیســیۆنی کۆمەڵایەتی یەکلایان کردوونەوە، ئەمە بۆخۆی بەڵگەیەکی یەکجار ڕوونی خۆشەویســتیی حیزبی دێموکرات لە نێو دڵو دەروونی کۆمەڵانی گەلی کورددایە».

لە قانوونی سزادانی گشتیدا ئەسڵ لە سەر بێ تاوانیی کەس یان کەسەکان دانراوە، واتە ئەسڵ ئەوەیە کە «هەموو کەس بێ تاوانە مەگەر بەڵگەو دەلیلێک لەسەر تاوانی هەبێ»، کە لە بەندی ٢٨ی ئەوقانوونەدا هاتوە. ئەوەتا هەر لە سەرەتای قانوونەکەدا کە باسی سزا دەکا دەڵێ: «تەمبێ بۆ ئەو کەسەیە کە لە ڕێو شوێنی دیاری کراو لابدا.» واتە کەس لە خۆڕا سزا نادرێو هەتا تاوانەکە لەلایەن دادگاوە لە ســەر تۆمەتبار نەسەلمێندرابێ هیچ سزایەکی بۆ دیاری ناکرێو بە تاوانبار دانانرێ.

لە قانوونی ســزادانی گشتیدا پێ لەسەر ئەوە داگیراوە کە» ئەم قانوونە بۆ بەڕێوەبردنی نەزمی نێو کۆمەڵگەیەو هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە بەرامبەر بەم قانوونە وەک یەکن».

لەسەر ئەسڵی پاراستنی مافی مرۆڤەکان کە نابێ بەبێ بەڵگە ئازادی یان لێ زەوت بکرێ لە بەندی ١ دا دەڵێ:» ســزا یان تــاوان دەبێ دیاری بکرێو تاوانێک کە لەم قانوونەدا ناوی نەبرابێ بەپێی شەرع و عورفی ناوچە سزای بۆ دیاری دەکرێ».

**لــە بەنــدی ١٨دا دەڵێ:** « ڕاگرتنی مرۆڤی بێ تاوان تاوانەو ئەو کەســەی بێ بەڵگەی تاوانباری گیرابێ دەســبەجێ ئازاد دەکرێو تاوانبار سزا دەدرێ.

« قانــوون دانەر » لە قانوونی ســزای گشــتیدا هەوڵــی داوە هەموو کەلێن و کەلەبەرەکانی کۆمەڵگا بە پێی نیازو پێداویســتیی ئــەوکات و ڕادەی توانای جێبەجێ کردن و جێگیرکردنــی ئەو قانوونە لە کۆمەڵگادا پڕ بکاتەوەو هەوڵی داوە ئــەو بابەتانەی بە تاوان دەژمێردرێن دەستنیشــان بکاو ڕێ و شــوێنی گونجاویان بۆ دابنێ هەتا کەس تووشــی تاوان و تاوانکاری نەبێ و مافی هیچ کەس پێشێل نەکرێ.

لەو قانوونەدا هەموو ئەو ڕێ و شوێنانە دەستنیشان کراون کە بتوانن مافی تاک لە کۆمەڵــگادا بپارێزن و هەرلەو کاتەدا مافــی کۆمەڵگاش کە بریتییە لە «حەقی گشــتی»، پارێزراو بێ. بۆ وێنە لەو قانوونەدا باســی بەرگریی ڕەوا (دیفاعی مەشرووع) کراوە بەڵام بە ڕوونی دەری خستوە کە دیفاعی مەشرووع مافە بۆ کەســێک کە هێرشی کراوەتە سەرو هەرلەو حاڵەدا ئەگەر ئەو دیفاعە لەو چوارچێوەیە کە قانوون دیاریی کردوە تێپەڕ بکا نابێتە دیفاعی مەشرووع و ڕەنگە تاوانی لێ بکەوێتەوە.

**بەنــدی ٧-** دیفاع لە خۆکردن هەقە. بەڵام دەبێ چەشــنی دیفاع لە گەڵ جۆری هێرشــەکە گونجاو بێ. دیفاع کاتێک بە حــەق دەناسرێ کە هێرش کرابێتە سەرگیان و ماڵ و ناmووس و سەربەستیی کەسەکە.

لێرەدا قانوون دانەر زۆر بە ڕوونی دەڵێ دیفاع لەخۆکردن مافە، ئەگەر وایە بۆ هەموو کەس ڕەوایە کە لە بەرامبەر هێرشێکدا کە دەکرێتە سەری بەرگری لە خۆی بکا. بەڵام لە کۆتایی برگەی بەندی ٧دا دەڵێ کە دەبێ دیفاع و هێرش لە گەڵ یەکتر هاوســەنگ بن واتە ئەگەر کەســێک بە دار هێرشــی کردبێتە سەر کەســێکی دیکە، ئەو کەسە کە هێرشــی کراوتە سەر مافی خۆیەتی بە دار یا شــتی لەو چەشــنە دیفاع لەخۆی بــکا، بەڵام لە بەرامبــەردا ئەگەر لە چەکی گەرم کەڵک وەربگرێ ئەوکاتە دیفاع و هێرش لەگەڵ یەکتر هاوسەنگ نین و ئەو دیفاعە بە ڕەوا دانانرێ، چونکە ئیمکانی هەیە تاوانی گەورەتری لێ بکەوێتەوە هەربۆیەبەڕوونی دەستنیشــان کراوە کە لە چ مەواردێکدا دیفاع

بە مشروع دادەنرێ و ئەگەر خاریج لەوانە بوو کردارەکە ناتوانرێ پێی بگوترێ دیفاع لەخۆکردن.

قانوون دانەر لە قانوونی سزادانی گشتیدا هەوڵی داوە هەتا ئەو جێگایەی دەگونجێ نەرمی تێدا بە کار بێنێ بۆ ئەوەی یارمەتیدەر بێ بۆ ئەوەی تاوانکار جارێکی دیکە بتوانێ بگەڕێتەوە نێو کۆمەڵگەو بەسەربەستی وەک تاکێکی کۆمەڵ لە هەموو مافەکانی ژیان بەهرەمەند بێ.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئیشارە بەوە بکەم کە لەمەودوا بە هەڵبژاردن هێندێک لە بەندەکانی قانوونی سزادانی گشتی باس دەکەین و ئەگەر پێویست بوو شییان دەکەینەوەو لە کۆتاییدا دەقی قانوونەکە وەک خۆی دێنینەوە.

**لە بەندی ٩**دا باس لەو بابەتانە دەکا کە دەبنە هۆی نەمان یا کەمبوونەوەی سزاو دەڵێ:

«ئەو شتانەی خوارەوە بە گشتی دەبنە هۆی نەمان یا کەمکردنەوەی سزا

الف: لێبوردنی زۆر لێکراو

ب: داننانی تاوانبار بە تاوانەکەی خۆیدا

ج: بژاردنی زەرەرو زیانی زۆرلێکراو

د: ئاگادارکردنی پێشمەرگە لە لایەن تاوانبار و پێش ئەوەی کە راپۆرت بگاتە دەستی پێشمەرگە

هـ: پیری و نەداریی تاوانبار ...»

لە قانوونی سزادانی گشتیدا هەر وەک پێشتر باس کرا تاوانەکان بە پێی ڕادەی توندو تیژی و زیان گەیاندن بە کۆمەڵگەو لایەنی زیان وێکەوتوو پۆلینبەندی کراون بە سەر جینایەت و جونحەو خیلافداو، بۆ هەر کام لەوانە ڕادەی زەمەنیی زیندان و حەپس و قەرەبوو «جەریمە، غەرامە»ی بۆ دیاری کراوە کە بە پیی تاوانەکە سزا لەلایەن دادگاوە دادەنرێ؛ واتە

حوکمدان و دیاری کردنی سزا لە سەلاحییەتی دادگادایە، بەلام لەو قانوونەدا بۆ جێبەجێکردنی حوکمی ئیعدام کۆمەڵێک ڕێوشوێنی دیکە گیراوەتە بەر:

**بەندی ١١:** سزای ئیعدام بە پێی بڕیاردانی دادگای گەل دیاری دەکرێ.

**بەندی١٢:** بەڕێوەبردنی حوکمی ئیعدام لەسەر تاوانی جینایی و ئاسایی بە پێشنیاری کومیسیونی قەزایی و پەسندی دەفتەری سیاسی دیاری دەکرێ.

لەو دوو بەندەدا بە تەواوی دەردەکەوێ کە هەر وا بە ئاسانی دادگایەک ناتوانێ حوکمی ئیعدام لە دژی کەسێک دەربکاو بیخاتە بواری جێبەجێ کردنەوە. یەکەم ،باس لەوە دەکا کە دەبێ دادگای گەل ئەو حوکمە بدا، واتە دادگایەکی بالاترو خاوەن سەلاحییەتر لە دادگاکانی ناوچەکەو لە هەمان حاڵدا ئەو حوکمە کە دادگای گەل بۆ سزادانی تاوانبارێک دەری دەکا، دەبێ کومیسیۆنی کۆمەلایەتی کە خۆی پێکهاتەیەکی چەند کەسی یە ئەو حوکمە تاوتوێ بکاو ئەگەر لەسەر جێبەجێ کردنی حوکمی ئیعدامی تاوانبارێک کە دادگای گەل بڕیاری لەسەر داوە ساغ بۆوە، ئەو کات دەبێ حوکمەکە لەگەڵ پێشنیاری خۆیان بنێرن بۆ دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕات کە لەو کاتەدا بەرزترین ئورگانی ئیجرایی حیزبەو حوکمی نەهایی لەسەر تەئیید کردنی حوکمی دادگا یا ڕەت کردنەوەی حوکمەکە دەدا.

لە قانوونی سزادانی گشتیدا قانوون دانەر هەوڵی داوە بە دەرکی ڕاستی یەکانی نێو کۆمەڵ و نیازو پێویستیی گۆڕینی هێندێک داب و نەریت کە سەرچاوەی خوڵقاندنی هێندێک کێشەو سەرئەنجام تاوانکاری بوون، بەقانوون ڕێ و شوێنی گونجاویان بۆ دابنێ؛ ئەوەتا لەبارەی مافی ژنانەوە کۆمەڵێک مادده لەو قانوونەدا گونجێندراون .

یەکێک لەوداب ونەریتەناحەزانەی کۆمەڵگای کوردەواری پەلپ وبیانووگرتنە لەسەر هەقەمارەیی کچ. دایک و باب لەسەر هەقەمارەیی بیانوو دەگرن و داوای دراوێکی ئەوەندە زۆر دەکەن کە لە توانای خوازبێنی کەردا نەبێ.

بۆ نەهێشتنی ئەو کەندو کۆسپانە چەند مادەو بەند لە قانوونی سزادانی

گشتیدا هاتوون که به کورتی ئاماژەیان پێ دەکەین.

- **بەندی ٦٧ :** «مارەیی لە نێو شارو گونددا نابێ لە ٢٠ مسقاڵ زێڕ زیاتر بێ» ئەو بەندە لە هەلومەرجی ئەو کاتدا زەمینەیەکی باشی خوڵقاند بۆ ئەو کەسانەی کەمداهاتو دەستکورت بوون کە بتوانن ژیانی هاوبەش پێک بێنن و جۆریک فەرهەنگی دروست کرد کە هەتا ئێستا بەردەوامەو مامۆستایانی ئایینی لە زۆر ناوچەی کوردستان ئامادە دەبن بەو بڕە مارەییە کچو کورێک لێک مارە بکەن.

- **بەندی ٦٨ :** « ژن تەڵاقدان بە کردەوەیەکی ناحەز دەناسرێ ئەگە کەسێک بۆ هێنانی ژنێکی دیکە ئەو کارەی کردبێ لە ٣ مانگ تا ٦ مانگ سزای بەندیی بەسەردا دەدرێ»

لەو بەندەدا قانوون دانەر هەم جیابوونەوەی ژنو مێردی بە کاریکی ناحەزو نەشیاو داناوەو هەم سزای بۆ ئەو پیاوە داناوە کە بە مەبەستی هێنانی ژنی دووهەم، ژنەکەی خۆی تەڵاق دەدا. قانوون دانەر هەوڵی داوە بە دیاری کردنی ئەو سزایە ژنتەڵاقدان قەدەغە بکاوهەوڵ دەدا پێکهاتەی بنەماڵە بپارێزێ چونکە لەو ڕاستییە گەیشتوە کە بەشێک لە سەرچاوەکانی تاوان دەگەڕێتەوە بۆ تێکچوونو هەڵوەشانەوەی خێزانو بێسەرپەرستمانەوەی منداڵ.

- **بەندی ٧٩ :** «ئەگەر کەسێک مەجبوور بێ دوو ژنی هەبێ پێویستە شوڕای دادپرسی بۆ ئەو کارە ئیزن بدا، ئەگەر بە بێ ئیزنی شوڕای دادپرسی ژنی دووهەمی مارە کردبی لە ٣ تا ٦ مانگ سزای بەندی بەسەردا دەدرێ»

لێرەدا قانوون دانەر هێنانی ژنی دووهەمی بەستۆتەوە بە ڕەزامەندیی شووڕای دادپرسی بۆ ئەوەی هەر کەس لە بەر خۆیەوە راست نەبێتەوە ژنی تازە بەسەر ژنەکەی بێنێ. بۆ ئەوەی ژن مافی ئەوەی هەبێ کە بۆخۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکاو خاوەن کەسایەتیی خۆی بێ. لەو قانوونەدا ڕێگا بە کچ دەدرێ کە مێردو شەریکی ژیانی خۆی بە دڵخوازی خۆی هەڵبژێرێ.

- **بەندی ٧١ :** « ئەگەر کەسێک ژنەکەی تەلاق داو پووڵی پێوە

ببەستــتی لە ٣ مانگ تا ٦ مانگ بەندی بۆ دیاری دەکریَو، ئەگەر پووڵەکەی وەرگرتبێ بە قازانجی بزوتنەوەی گەلی کورد دەســتی بەســەردا دەگیریَ».
لێرەدا دەبینین قانوون ســزای بۆ ئەو کەسە داناوە کە ژن تەڵاق دەداو پووڵی پێوە دەبەستێتەوە، واتە کاتێک ژنەکەی خۆی تەڵاق دەدا و لێی جیا دەبێتەوە ئیدی مافی ئەوەی نیە پارەی پێوە ببەســتێتەوە بۆ ئــەوەی ژنەکەی نەتوانێ جارێکی دیکە بە هاســانی ژیانی هاوبەش پێک بێنێتەوە کە ئەوە جۆرێک لە پێشــێل کردنی مافی ژنە، هەر بۆیە قانوون دانەر قەدەغەی کردووەو سزای بۆ دیاری کردوە.

- **بەنــدی ٧٢ :** «ژن‌بەژنە ســزای بەنــدی بۆ هەر دولا لــە ٢ مانگ تا ٧مانگ بە دواوەیە».

ژن‌بەژنــە یەکێک لە داب‌و نەریتە هــەرە ناحەزەکانی کوردەواری بووەو بە دەرەجەی یەکەم پێشــێل کردنی ڕاستەوخۆی مافی ژنە، چونکە لەو کردارەدا ژن وەک کاڵاو کەرستە ئاڵوگۆری پێ دەکرێو، گەلێک جاریش مافی پیاوەکە لە هەڵبژاردنی هاوژینەکەی‌دا پێشــێل کراوەو بە ناچاری ملی بۆ ئەو نەریتە دزێوە ڕاکێشــاوە؛ هەر بۆیە لە قانوونی ســزادانی گشــتی‌دا ژن‌بەژنە قەدەغە کراوەو سزا بۆ ئەو کەسانە دیاری کراوە کە ئەو قانوونە پێشێل دەکەن.

- **بەندی ٧٠ :** «مارەکردنی کیژێک کە تەمەنی لە ١٥ ساڵ کەمتر بێ سزای بەندی لە ٣ مانگ تا ٧ مانگ بۆ دادەندرێ».

مارەکردنــی کچ بــە منداڵی‌نەک هــەر داب‌و نەریتێکی ناحــەزە بەڵکوو تاوانیشــە. لەو کارە دا باوکی کــچ‌و مەلای مارە بڕیش تاوانبــارن، چونکە نە لە باری شــەرعی‌و نە لە باری قانوونی‌یەوە مەســڵەحەت‌و چاکەی کچ لەبەر چاو ناگیرێ. ئەو کچە نەگەیشتۆتە تەمەنێک کە چاکەو خراپەی خۆی لێک بکاتەوەو قازانج‌و زیانی خۆی بزانێ‌و چونکە لە باری ئەقڵی‌یەوە کامڵ نەبووە ناتوانێ لە باری رووحی‌و جیسمی‌یەوە ئامادەیی ئەوەی هەبێ ژیانی هاوبەش پێک بێنێ. لەو بەندە لە قانوونی ســزادانی گشتی‌دا دەبینین کە تەمەنی بۆ

مارەبرینی کچ دیاری کردووەو ئەگەر کچ لەو تەمەنە کەمتر بێ سزای بۆ وەلیی ئەمـری کچەو مـەلای مارەبڕ داناوە کە سـەرپێچیی ئـەو قانوونەیان کردوە. دیارە هەر چەند بەپێی قانوونەکانی ئێسـتا تەمەنی پازدە سال بۆ پێکهێنانی ژیان هاوبەش تەمەنێکی گونجاو نیەو بۆ کوڕو کچ تەمەنی ١٨ سـاڵ دیاری کراوە، بەلام ٣٤ سـال لەمەوبەرولە هەلومەرجی ئـەوکاتدا ئەوە یەکێک لە چارەسـەرەکانی کێشە کۆمەلایەتی‌یەکان بووەو پێشگیریی کردوە لە بە زۆرو زووبەشوودانی کچان.

# گەڵاڵەی کۆمیسیۆنی
# قەزاییو قانوونی سزادانی گشتی

## پەسەندکراوی ڕەشەممەی ١٣٦٠

لە کاتێـکدا مافی مرۆڤ بـە تەواوەتی لە ڕێژیمی جمهوریی ئیسـلامی ئێراندا پێ‌شـێل کراوەو لـە هەلومەرجێکدا کە بزووتنەوەی نیشـتمانی ـ دێموکراتیکی گەلی کورد بە هەست کردن بە ئەرکی مێژوویی و شۆڕشگێرانەی خۆی تێ دەکۆشـێ کەندو کۆسـپە کۆمەڵایەتی‌یەکان وەلا بنرێن و کۆمەڵی کوردەواری بەرەو ژیانێکی پێشـکەوتووانە بچێتە پێش، بۆ بەرگری لە کردەوە دژی مرۆڤایەتی و دواکەوتووانەکان هاتە سـەر ئەو بڕوایە کە دانانی قانوونێک بۆ پاراسـتنی مافەکانی «اشـخاص حقیقی و حقوقی» پێویستە؛ بەم هۆیەوە قانوونی سزادانی گشتی لە لایەن کۆمیسیۆنی قەزایی کە بەرهەمی تێکۆشانی بزووتنەوەی نیشتمانی ـ دێموکراتیکی گەلی کوردە ئامادە وبەڕێوەدەچێ.ئەم قانوونە لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیرانەوە پەسندوتەئید کراوەو ؛ هێزی پێشمەرگەش زامنی ئیجرائی ئەوە.

دیارە هەمووگومان لێکراوێک کەلە کوردسـتان بـێ بە گوێرەی ئەم قانوونە دوای لێکۆڵینەوەئەگەر بە تاوانبار بناسرێ سزا دەدرێ.

بـۆ ڕاگەیشـتن و لەناوبردنـی ناکۆکـی و دانی حـەق بە خـاوەن ماف لە کوردستان دا کۆمیسیۆنی قەزایی بە چەشنی خوارەوە پێک دێ.

## ناساندنی کۆمیسیۆنی قەزایی:

کۆمیسیۆنی قەزایی ئۆرگانێکی خەڵکی یە کە بۆ ڕاگەیشتن بە ڕووداوە کانی سزایی، حقوقی دانیشتوانی کوردستان پێک هاتوە.

## چۆنیەتی پێک هاتنی کومیسیونی قەزایی:

کۆمیسیۆنی قەزایی لە ٥ کەس بەم مەرجانەی خوارەوە پێک دێ:

*ئەلف: لە زانستی حقووقی شارەزا بێ.*

*ب: لە بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی گەلی کورددا بەشدار بێ.*

*ج: پێشینەی کاری قەزایی هەبێ.*

## بەشە کانی کۆمیسیۆنی قەزایی:

لە شارستان و ناوچە کان دا بە لەبەرچاوگرتنی قانوونی پێکهاتنی شووراکان بەشێکی قەزایی پێک دێ کە ئەرکیان بەرامبەری ئایین نامەی ناوخۆ دیاری دەکرێن و بەڕێوەدەچن و رادەی سەلاحیەتیان دیاری دەکرێ.

## بەشی یەکەم: چۆنیەتیی هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیسیۆنی قەزایی

ئەلف: ئەندامانی خاوەن سەلاحیەت لەسەر پێشنیاری بەشی کۆمەڵایەتی و بە پەسـندی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کورستانی ئێران دیاری دەکرێن (بەرپرس و ئەندامانی کۆمیسـیۆن لەلایەن دەفتەری سیاسـی یەوە هەڵدەبژێردرێ).

ب: لانی زۆری ئەندامانی سـەرەکیی کۆمیسـیۆنی قەزایی، ٥ کەسە، کە یەکێک لەوان وەک بەرپرس و چوار کەسـی دیکە وەک ئەندامانی سەرەکی دەبن.

## سەڵاحییەتی کۆمیسیۆنی قەزایی بە گشتی:

ئەرکی دیاری کراوی کۆمیسیۆنی قەزایی بەم چەشنەیە:
الف-ئەرکی ئیداری. ب-ئەرکی قەزایی.
ئەرکی ئیداری کومیسیونی قەزایی بەم چەشنەیە:
١ _ ئیعلامی نەزەر سەبارەت بەاستعلام وپەیمانەکان.
٢ _ لێکۆڵینەوەو پێشنیاری قانوونی بۆ پێشگیری لە زایەبوونی حەقی ئەشخاس.
٣ _ چاوەدێری کردنی کاری بەشە قەزاییەکان و زیندانەکان .
٤-پیشنیاری دیاری کردنی بەرپرسی زیندانی ناوەندی .
٥-کومیسیونی قەزایی بەرپرسی راپۆرتدانی مانگانەی خۆیەتی بە دەفتەری سیاسی، بە وەسیلەی بەشی کۆمەڵایەتی.
٦ _ کۆمیسیۆنی قەزایی هەر دوو مانگ جارێک کۆبوونەوەی دەبێ، کۆبوونەوەی «فوق العادە» لەسەر داوای زوربەی ئەندامان پێک دێ.
٧ _ کۆمیسیۆن دەبێ جێگەیەک بۆ راگرتنی کەرەسەی تاوان و شتومەکی بێخاوەن تەرخان بکا، کە بە حوکمی دادگا بڕیاری زەوت کردنیان بۆ دەدرێ.
٨_ بڕیارەکانی کۆمیسیۆن بە زۆربەی دەنگ ئیعتباریان هەیەو بەڕێوە دەچێ.
٩ _ خەرجی کۆمیسیۆنی قەزایی لەلایەن مەحکوومینی دادگاو لە بەرامبەر بەڵگەی تایبەتی، هەروەها یارمەتی خەڵک و سازمانە سیاسییەکان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەدرێ.
١٠ _ دانانی کلاسی قەزایی بۆ فێرکردنی ئەندامانی بەشە قەزاییەکان.

**سەلاحییەتی کۆمیسیۆنی قەزایی لە کاروباری قەزاییدا بە چەشنی خوارەوەیە:**

١ _ نەزەردان لەسەر ئیددیعای ماڵیی ئەشخاس.
٢ _ لەپێ ڕاگەیشتن بە تاوانە جینایییەکان. تەنیا کۆمیسیۆنی قەزایی دەتوانێ حوکمی ئێعدام دەربکا.
٣ _ کۆمیسیۆنی قەزایی لە دیاری کراوەکاندا بە لەبەرچاوگرتنی بەندەکانی ٩ و تێبینی٢ لە بەندی ١٢ - لە لێکۆڵینەوەو حوکمدان، سەربەخۆیەو دەستووری بەڕێوەبردنی حوکمەکان دەداو ڕێکخراوەکانی تر حەقی دەخالەتیان نیە.
٤ _ لە کاروباری ئایینیدا کۆمیسیۆنی قەزایی دەتوانێ لە هاوکاریی مامۆستایانی پێشکەوتنخوازی ئایینی کەڵک وەربگرێ.
٥ _ ئەندامانی کۆمیسیۆن لە کاروباری حقوقیدا بێلایەن و لە کاروباری سزاییدا پارێزەری مافی کۆمەڵن.
٦ _ ڕاگەیشتن بە کاروباری قەزایی لە کۆمیسۆندا بێپسانەوە.
٧ _ کۆمیسیۆنی قەزایی لە «امور حبسی»دا خاوەنی ئیختیارو سەڵاحیەتی تەواوە.
٨ _ ڕاگەیشتن و لێکۆڵینەوەی تاوان لە ئیختیارو سەڵاحییەتی بەشی قەزایی شوێنی ڕووداوی تاوانبارانەیە.
٩ _ لە کاروباری سیاسیدا کۆمیسیۆن دوای ڕاگەیشتن و لێکۆڵینەوەو پێک هێنانی پەروەندە، پەروەندەکە بە پێشنیارەوە تەسلیمی دەفتەری سیاسی دەکا.
١٠ _ دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەتوانێ ڕاگەیشتن بەو ڕووداوانەی کە بە مەسڵەحەت بزانی بدا بە کۆمیسیۆنی قەزایی.
١١ _ لە کاتێکدا کە قانوونی سزای گشتی، بۆ تاوانێک بڕیاری

*نەدابێ، رەسمی ناوچەو دادو ئینساف بۆ چارەسەری لەبەرچاو دەگیرێ.*

*١٢ ـ ڕاگەیشتن بە تاوانە جینابییەکان پێویستی بە سکاڵای خاوەن سکاڵا نیەو کۆمیسیۆن بەرپرسی ئیقدامو لێکۆڵینەوەیە. بەڵام لە تاوانە نامووسییەکان نیاز بە سکاڵای خاوەن سکاڵا هەیە.*

*تێبینی: ١ ـ کۆمیسیۆنی قەزایی بۆ پێکهێنانی دادگا لە ئەندامانی خۆی خاوەن دەسەڵاتە کە بە ئیبلاغی دەفتەری سیاسی دیاری دەکرێن.*

*تێبینی: ٢ ـ بەڕێوەبردنی حوکمی ئیعدام تاوانی جینایی، ئاسایی (هادی) بە پێشنیاری کۆمیسیۆنو پەسندی دەفتەری سیاسی بەڕێوە دەچێ.*

## بەشی دووهەم بەشە قەزاییەکانی شارستان

هەر شارستانێک خاوەنی بەشە قەزایییەکان دەبێ کە رادەی سەڵاحییەتو دەسەڵاتیان دیاری کراوە.

سەلاحییەتی بەشە قەزایی کان:

١ ـ ڕاگەیشتن بە تاوانی خیلافیو حوکمدانو دەستووری ئیجرای حوکم لە ناوچەدا لەلایەن بەشی قەزایی ناوچەو راگەیشتن بە تاوانی جونحەییو حوکمدانو دەستووری ئیجرایی حوکم لە شارستاندا لەلایەن بەشی قەزایی شارستان.

٢ـ بەدواداچوونو لێکۆڵینەوەو پێکهێنانی پەروەندە لە تاوانە جینابییەکانداو هەروەها کردەوەی تاوانبارانەی دژی گەلییەکان پێشگیری لە ، لەنێوچوونی ئاسەواری تاوانو ناردنی پەروەندەو گومانلێ کراو بۆ کۆمیسیۆنی قەزایی لەلایەن بەشی قەزایی شارستانەوە.

٣ـ دانی گوزارشی مانگانە لەلایەن بەشە قەزایییەکانی ناوچە بە بەشی

قەزایی شارستان.

٤_ ناردنی ڕاپۆرتی مانگانە لەلایەن بەشی قەزایی شارستانەوە بۆ کۆمیسیۆنی قەزایی.

٥_ بەڕێوەبردنی داخوازەکانی کۆمیسیۆنی قەزایی.

تێبینی ١: حوکمەکانی بەشی قەزایی ناوچە لە کاروباری خیلافی‌دا قەتعییە.

تێبینی ٢: حوکمەکانی بەشی قەزایی شارستان لە جونحەدا تا سێ مانگ زیندان‌و لە کاروباری حقوقی‌دا تا ڕادەی ٣٠٠٠٠ تمەن قەتعییە. زیاتر لەو ڕادەیە شیاوی پێ‌ڕاگەیشتنەوەیە کە لە سەڵاحییەتی کۆمیسیۆنی قەزایی دایەو ئەندامی کۆمیسیۆنی قەزایی بەرپرسی هەر شارستانێک بە نوێنەرایەتی لەلایەن کۆمیسیۆنی قەزاییەوە بەرپرسی بەڕیوەبردنی ئەو ئەرکەیە.

## ئەندامانی بەشە قەزاییەکان

١_ هەر بەشێکی قەزایی شارستان ١ یان ٣ ئەندامی دەبێ کە لە دانی حوکم‌دا دەنگی یەکسانیان هەیە.

٢_ هەڵبژاردنی بەرپرسی بەشی قەزایی شارستان لەسەر پێشنیاری بەرپرسی بەشی کۆمەڵایەتی‌و پەسندکردنی هەیئەتی ئیجرایی‌و تایبەتی کۆمیسیۆنی قەزایی دەبێ.

٣_ هەر ناوچەیەک یەک کەس بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکی دیاری کراوی قەزایی بە بەشی قەزایی شارستان دەناسێنێ کە دوای پەسندکردنی بەشی قەزایی شارستان بە ئیبلاغی ئەو بەشە دەستبەکار دەکا.

تێبینی: مامۆستایانی ئایینی پێشکەوتنخوازو ئەو کەسانەی کە پێشینەی کاری قەزایی‌و کۆمەڵایەتیان هەیە بۆ بەڕێوەبردنی کاری قەزایی لە پێش‌ترن.

# قانوونی سزادانی گشتی

ئـەم قانوونـە لە کوردسـتانی ئێـران بەڕێوە دەبـرێ و هێزی پێشـمەرگە بەڕێوەبردنـی ئەم قانوونە بە ئەرکی سەرشـانی خـۆی دەزانێ و لە مەتەرێزی شـەرەف و پیاوەتییەوە بۆ دامەزراندنی نیزامێکی ئینسانی تێدەکۆشی. ئەم قانوونە بریتییە لە ۸۹ بەند کە لەلایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پەسند کراوە و لە کوردستان بەڕێوە دەبرێ.

قانوون: دەستوورێکە کە بۆ بەڕێوەبردنی نەزمی نێو کۆمەڵ دیاری کراوە.

سزا: تەمبێیە بۆ کەسێک کە لە ڕێ و شوێنی دیاری کراو لا بدا.

گشتی: هەموو ئەندامانی کۆمەڵ بەرامبەر بەم قانوونە وەک یەکن.

لە هەل و مەرجی ئێسـتادا دەبێ بە هەموو تواناوە بۆ نیشـاندانی ڕێگەی ژیانـی نوێ هەوڵ بـدرێ و ئەوانەی لە ڕێ و شـوێنی دیاری کراو لا دەدەن بە زووترین کات سزا بدرێن

.

**بەندی ١:** سـزا یان تاوان دەبێ دیاری بکـرێ و تاوانێک کە لەم قانوونەدا ناوی نەبرابێ بە پێی شەرع و عورفی ناوچە سزای بۆ دیاری دەکرێ.

**بەندی ٢:** تاوان سێ جۆرە ١- جینایەت، ٢- جونحە، ٣- خیلاف.

سـزای جنایەت بە پێـی چۆنیەتیـی کردەوەکە، کوشـتن، بەندکردن بە درێژایی تەمەن و بەند کردن لە ٣ تا ١٥ ساڵ و لە ٢ تا ١٠ ساڵە. سزای جونحە بە پێی چۆنیەتیی کردوەکە، بەندکردن لە ٦١ ڕۆژ تا ٣ ساڵ، یان بژاردنەوەی نەغدی لە ١٠٠ تمەنەوە تا ١٠٠٠ تمەنە. سـزای خیلاف بە پێی چۆنیەتیی کردوەکە، بژاردنەوەی نەغدی لە ١٠ تمەنە تا ١٠٠ تمەن.

**بەندی ٣-** منداڵ (زارۆ) هەتا تەمەنی ١٢ سـاڵی لە سەر کردەوەی ناحەز بە پێی ئەم قانوونە سـزا نادرێ و بۆ کردەوەی ناحەز منداڵێک کە تەمەنی لە نێوان ١٢ تا ١٥ ساڵدا بێ، بە گوێرەی بڕیاری کۆڕی سێ کەسی سزا دیاری دەکرێ.

**بەندی ٤-** کردەوەی ناحەزی شێت و حۆل سزای نیە.

**بەندی ٥-** کردەوەی ناحەزی مرۆڤی سەرخۆش بێ‌سزا نامێنێتەوە، ئەگەر دەریش کەوێ کە بۆ ئەنجامدانی کردەوەی چەوت خۆی سەرخۆش کردوە، سزاکەی دوو هێندەی سزای دیاری کراو لەم قانوونە دایە.

**بەندی٦-** ئەگەر کەسێک ناچار کرابێ کردەوەیەکی ناحەز ئەنجام بدا، سزا نادرێ.

**بەندی ٧-** دیفاع لە خۆکردن هەقە. بەڵام دەبێ چەشنی دیفاع لە گەڵ هێرش تەناسوبی هەبێ. دیفاع کاتێک بە هەق دەناسرێ کە بەرامبەر بە هێرش بۆ سەر گیان و ماڵ و نامووس و سەربەستی کرابێ.

**بەندی٨-** بەرهەڵست کردنی پێشمەرگە دیفاع نییە. بەو مەرجە کە بۆ بەڕێوەبردنی قانوون دەستووری پێ درابێ، بەڵام ئەگەر پێشمەرگە لە سنووری دیاری کراوی قانوون لابدا، دیفاع ڕەوایە.

**بەندی ٩-** ئەم شتانەی خوارەوە بە گشتی دەبێتە هۆی نەمان یان کەم بوونەوەی سزا:

الف: لێبوردنی زۆر لێ کراو.

ب: دان‌نانی تاوانبار بە تاوانەکەی خۆی‌دا.

ج: بژاردنەوەی زەرەرو زیانی زۆرلێکراو.

د: ئاگادارکردنی پێشمەرگە لە لایەن تاوانبارەوە پێش ئەوەی ڕاپۆرت بگاتە دەستی پێشمەرگە.

ە: پیری و نەداریی تاوانبار.

**بەنـدی ١٠**- بـۆ پێ ڕاگەیشـتنی جونحە نابـێ پتر لە شـەش مانگ و بۆ پێ ڕاگەیشتنی جینایەت نابێ لە پازدە ساڵ بەسەر تاوانەکەدا ڕابردبێ.

**بەندی ١١**- سزای ئیعدام بە پێی بڕیاری دادگای گەل دیاری دەکرێ.

**بەندی ١٢**- جاسووسـی بۆ بێگانە بەو مەرجـە کە بووبێتە هۆی زایەبوونی مافی نیشتمانی گەلی کورد سزای ئیعدامی بەدواوەیە، هەروەها هاوکاری لە گەڵ جاسووس.

**بەنـدی ١٣**- ئەگەر جاسـووس یـان هاوکارەکەی پێش ئـەوەی بیگرێ و کردەوەکەی تەواو بکا، هێزی پێشمەرگە ئاگادار بکاو پەژێوان بێتەوە سزاکەی بۆ کەم دەکرێتەوە.

**بەندی ١٤**- سـزای شاردنەوەی جاسـووس ٢ تا ١٠ ساڵ بەندو ٥٠٠٠ تا ١٠٠٠٠ تمەن بژاردنەوەی نەغدی یە.

**بەندی ١٥**- پێک هێنانی تاقمی چەکداری دژی پێشمەرگە سزای ئیعدامە.

**بەندی١٦**- دژایەتی بە کردەوە لە گەڵ بزووتنەوەی نیشتنمانی و دێموکراتی کوردستان جینایەتەو دادگای گەل سزای بۆ دیاری دەکا.

**بەنـدی ١٧**- هەر کـەس بە ئەنقەسـت هەلی وەدست خسـتنی چەک و تەقەمەنی پێشمەرگە بۆ دوژمن پێک بێنێ سزای ئیعدامە.

**بەنـدی١٨**- ڕاگرتنی مرۆڤی بێ تـاوان تاوانەو ئەو کەسـەی بێ بەڵگەی

تاوانباری گیرابێ دەسبەجێ ئازاد دەکرێ‌و تاوانکار سزا دەدرێ.

**بەنــدی ١٩-** بەندەوانــەکان مافــی ئازادکردنــی بەندیەکانیــان نیەو بۆ ئازادکردنی بەندی پێویســتە لە لایەن شــوورای دادپرســی‌یەوە دەستوور بە لێپرسراوی بەندیخانە بدرێ.

**بەنــدی٢٠-** هیچ کەس مافی ئەوەی نییە بەنــدی لە لای خۆی ڕابگری‌و تاوانبار دەبێ لە بەندیخانەدا ڕابگیرێ.

**بەندی ٢١**- بەردانی بەندی بە بێ دەســتووری شــوورای دادپرســی لە ٢ مانگەو تا ساڵێک سزای بەندکردنی بەدواوەیە.

**بەندی ٢٢**- ئەگەر دەســتووری ئازادکردنی گیراوێــک بدرێ‌و لێپرسراوی بەندیخانە بە بێ بەڵگە سەرپێچی بکا، لە ٢مانگەوە تا ساڵێک سزای بەندی بۆ دادەنرێ.

**بەندی ٢٣**- سکە لێدان‌و چاپی ئەسکیناس تاوانەو لە ٦مانگەوە تا ٢ ساڵ سزای بەندی بۆ دادەنرێ.

**بەندی ٢٤**- هەرکەس قەبزو بەڵگەو ڕەســید بە زۆری لە کەسێک بستێنێ ٢مانگ تا ٦ مانگ سزای بەندی بە سەردادرێ.

**بەندی ٢٥**- ئەگەر پزیشک بڕوانامەی ناڕاست بدا بە کەسێک لە مانگێکەوە تــا ٦مانگ دەگیرێ‌و ئەگەر بەرتیلیشــی وەرگرتبێ بــە قازانجی بزووتنەوەی نیشتمانی گەلی کورد دەســتی بە سەردا دەگیرێ. ئەو کەسەی بەرتیلیشی داوە لە مانگێکەوە تا ٦ مانگ سزادەدرێ.

**بەندی ٢٦**- ئەگەر کەسێک دەرگا یان جێگایەک کە بە دەستووری شووڕای دادپرسی ناوچە داخراوە، بە بێ پرس بشکێنێ لە مانگێکەوە تا شەش مانگ دەگیرێ.

**بەنــدی ٢٧**- ئەگەر پارێزەری ئەو جــۆرە جێگایانەی بەندی (٢٦) لە گەڵ تاوانبــار هاوکاریی کردبێ، لە شــەش مانگەوە تا ســاڵێک ســزای بۆ دیاری دەکرێ.

**بەندی ٢٨**- هەر بەندییەک لە بەندیخانە ڕابکا بۆ ڕاکردنەکەی ٣ مانگ لە ماوەی بەندی‌یەکی زیاد دەکری. ئەگەر بۆ ڕاکردنەکەی دەرگای شکاندبێ، یان دیواری بڕیبێ شەش مانگ بەندیی بۆ زیاد دەکرێ.

**بەنــدی ٢٩**- ئەگەر بەندی لــە بەندیخانە ڕابکاو دەرەکــەی کە پارێزەری بەندیخانە ئەرکی ئاگاداری بە باشــی بەڕێوە نەبردوە، لە ٣ مانگەوە تا شەش مانگ سزای بەندی بەسەردا دەدری.

**بەنــدی ٣٠**- ئەگەر دەســتووری گرتنی کەســێک بە پێشــمەرگە بدرێو فەرمانەکە بەڕێوە نەبا، لە مانگێکەوە تا شەس مانگ بەندی بۆ دادەنرێ.

**بەندی ٣١**- ئەگەر کەسێک چەک بدا بە گیراوێک بۆ ئەوەی لە بەندیخانە ڕابکا لە ٦ مانگەوە تا ٢ ساڵ سزای بەندی بە سەردادەدرێ.

**بەندی ٣٢**- شــاردنەوەی تاوانبار بە ئەنقەســت لە دوو مانگەوە تا ٦ مانگ سزای بەندی هەیە.

**بەنــدی ٣٣-** ئەگەر ژن و مێردو باب و دایک و خوشــک و بــراو زاواو بووک و خەسوو و خەزوور تاوانباریان شاردبێتەوە سزانادرێن.

**بەندی ٣٤-** ئەو کەســەی شــتی ئەنتیکەی ژێــر زەوی دەدۆزێتەوە بە دز ناژمێردرێ، بەڵام پێویستە بە نزیکترین شوورای دادپرسی ڕابگەیەنێ. ئەگەر ســەربەخۆ بیفرۆشــی، یان لە کوردســتانی بەرێتە دەر یان بیشارێتەوە لە ٣ مانگەوە تا ساڵێک سزای بەندی بۆ دیاری دەکرێ.

**بەندی ٣٥-** ئەگەر کەســێک بەرتیل بدا بە پێشــمەرگە بۆ ئەوەی کارێکی چەوت بکا یان تاوانەکەی بۆ بشارێتەوە، هەردووکیان لە ٣ مانگەوە تا ساڵێک دەگیرێــن و بەرتیلەکەش بە قازانجــی بزووتنەوەی دێموکراتــی گەلی کورد دەستی بە سەردادەگیرێ .

**بەندی ٣٦-** لەنێو بردن و دەســت بە سەردا گرتنی شوومەک و کەرەستەی بزووتنەوەی دێموکراتی گەلی کورد بە قازانجی شەخسی تاوانەو تاوانبار دوای لێ ئەستاندنەوەی شتوومەک و کەرەستەکە ٣ مانگ تا ٦ مانگ دەگیری.

**بەندی ٣٧-** هێرش کردن بۆ سەر پێشمەرگە لە کاتی بەڕێوەبردنی ئەرکی سەرشانی‌دا تاوانەو بەم چەشنەی خوارەوە سزای بۆ دادەنرێ.

الف: ئەگەر تاوانبار بۆ هێرشەکەی کەڵکی لە چەک وەرگرتبێ لە ٢ مانگەوە تا ساڵێک دەگیری.

ب: ئەگەر چەکی پێ بووبێ و بەکاری نەهێنابێ لە ٢ تا ٦ مانگ بەندی بۆ دادەنرێ.

ج: ئەگەر بە بێ چەک بەرهەڵســتی پێشــمەرگەی کردبی لە ١٥ ڕۆژەوە تا دوومانگ دەگیری.

د: جنێودان بە پێشـــمەرگەو بەڕێوبەرایەتی بزووتنەوە قەدەغەیەو کەسێک ئەم کارە بکا ١٠ ڕۆژ بەندو ١٠٠ تمەن بژاردنەوەی نەغدی بۆ دادەنرێ.

**بەندی ٣٨-** سزای کوشتنی مرۆڤ ئیعدامە.

**بەندی ٣٩-** کەسـێک بە ئەنقەست لە یەکێک بدا، یان برینداری بکاو لە ئەنجامدا لێدراو یان بریندارەکە بمرێ، ئەو کەســە لە ٣ ساڵ تا شەش ساڵ سزای بەندیی بۆ دادەنرێ، بەو مەرجە کە بە تەور، تەورداس و خەنجەرو چەقۆو بوکس و شتی لەو بابەتەوە هەروەها بە نیازی کوشتنی لێ نەدابێ.

**بەندی ٤٠-** شــکاندنی ئەندامێکی لەشی مرۆڤ لە شەش مانگەوە تا دوو ساڵ سزای بەندیی بۆ دیاری دەکری. ئەگەر لێدراو لە هەقی خۆی خۆش بێ تاوانبار لە مانگێکەوە تا ٣ مانگ بەندیی بۆ دادەنرێ.

**بەندی ٤١-** ئەگەر بریندار بوون و شــکانی ئەندام ببێتە هۆی لەکار بوونی کەسـێک کە بە ئەنقەست لێی دراوە، تاوانبار لە ٢ تا ٦ مانگ سزای بەندیی بۆ دادەنرێ و دەبێ بەپێی ڕێ و شـوێنی ناوچە زەرەرو زیانی لێدراو ببژێرێ. ئەگــەر تاوانبار بە داس و مەڵەغان و تەورو شــتی لەو بابەتە لێدراوی بریندار کردبێ شەش مانگ تا ساڵێک بەندیی بۆ دادەنرێ.

**بەنــدی ٤٢ـ** ئەگەر کەسـێک بە غەیــرە عەمد بەڵام لەبــەر بێ موبالاتی ئەندامی کەسـێک بشـکێنێ یان برینداری بـکا، دەبــێ زەرەرو زیانەکەی ببژێرێ و ئەگەر هێرشی بۆ کراو لێی نەبووردبێ بۆ ئەندام شکاندن ٣ تا شەش مانــگ و بۆ بریندارکردن یــازدە ڕۆژ هەتا ٣ مانــگ تاوانبارەکە دەگیرێ. بەم مەرجە کە پزیشک بۆ چاکبوونەوەی یەکەمیان هەتا ٣ مانگ و بۆ دووهەمیان هەتا بیست ڕۆژ ماوەی دیاری کردبێ.

**بەندی ٤٣** _ شەڕی دوو دەستە لە خەڵک ئەگەر لێک نەبوورن و شکایەتەکەیان وەرنەگرنەوە دەبێتە هۆی گیرانی هەموویان و بەپێی قانوون سزایان بۆ دیاری دەکرێ.

**بەندی ٤٤**_ ئەگەر لە شەڕی دوو دەستەدا یەکێک بکوژرێ و قاتڵ ناسرابێ سزای قاتڵی بەسەردا دەرێ، ئەگەر قاتڵیش نەناسرابێ، هەر دوو لا لە شەش مانگەوە تا ٣ ساڵ دەگیرێن و خوێنی کووژراوەکەش لە دەستەی قاتڵەکە دەستێندرێ.

**بەندی ٤٥**_ ئەگەر لە شەڕی دوو دەستەدا ئەندامی لەشی کەسێک بشکێ و هەر دوو لا ئاشت ببنەوەو لێک ببوورن هەموو ئەوانەی لە شەڕەکەدا بەشدار بوون ١٥ ڕۆژ تا ٢ مانگ دەگیرێن.

**بەندی ٤٦**_ ئەگەر بە چەند کەس لە یەکێک بدەن هەر یەک لەوانە یەک هەتا دوو مانگ سزای بەندییان بەسەر دادەدرێ بەڵام ئەگەر لێدانەکە بووبێتە هۆی شکان یان برینداربوونی ئەندامێکی لەشی لێدراو، هەر یەک لەوانە ٣ هەتا شەش مانگ دەگیرێن، لێبووردنی لێدراو دەبێتە هۆی ئازادکردنی تاوانبارەکان.

**بەندی ٤٧** -دەرمان داو کردن ئەگەر ببێتە هۆی لەنێوچوونی کەسێک و بە ئەنقەست ئەو کارە کرابێ سزای ئێعدامی بەدواوەیە. ئەگەر بە ئەنقەست نەبووبێ تاوانبار لە شەش مانگەوە تا ٣ ساڵ دەگیرێ و خوێنیشی بۆ کوژراوەکە دیاری کراوە.

**بەندی ٤٨**- شاردنەوەی تەرمی کوژراو بەبێ ئاگادارکردنی هێزی پێشمەرگە تاوانە. ئەو کردەوەیە لە مانگێکەوە تا ٣ مانگ بەندی هەیە، ئەگەر ئەو کەسەی

تەرمەکەی شاردۆتەوە دەستی لە کوشتنەکەشدا بووبێ و هاوکاریی قاتڵی کردبێ بە قاتڵ دەژمێردرێ.

**بەندی ٤٩ ـ** ئەگەر پیاوێک پیاوێکی بێگانە لەسەر ژنی خۆی بگرێ و یەکیان یان هەردووکیان بکوژێ، سزا نادرێ، بەو مەرجەی کە لە حاڵی ئەنجامی کاری جینسیدا چاوی پێیان کەوتبێ، بەڵام ئەگەر لەپێشدا ئاگادار بووبێ کە پێوەندی نارەزایان پێکەوە هەیە، یان دوای پێکەوە دیتنیان بیان کوژێ بە تاوانبار دەژمێردرێ و بەپێی قانوون سزای بۆ دیاری دەکرێ.

**بەندی ٥٠ـ** هەڵگرتنی ژنی بەمێرد بۆ ژنەکەو پیاوەکە یەک تا ٣ ساڵ سزای بەندیی بەدواوەیە، ئەگەر مێردی ژنەکە تاوانبارەکانیش ببەخشێ دادگا لەو کارە خۆش نابێ و لە ٦ مانگ تا ساڵێک سزای بەندییان بۆ دادەنێ.

**بەندی٥١ـ** کەسێک دایک یان خوشک یان کچی خۆی لەگەڵ پیاوێکی بێگانە لە حاڵی ئەنجامی کاری جینسیدا ببینێ و یەکێک لەوانە بکوژێ لە شەش مانگ تا ٣ ساڵ سزای بەندیی بەسەر دادەرێ.

**بەندی ٥٢ـ** لەبار بردنی منداڵ بۆ دایک و کەسانی دیکە تاوانەو ئەگەر بە ئەنقەست کرابێ لە شەش مانگ تا ساڵێک سزای بەندیی بەسەر تاوانباردا دەدرێ. ئەو کەسانەش کە یارمەتی ئەنجامدانی ئەو کارەیان دابێ دوو تا شەش مانگ دەگیرێن، ئەگەر دوکتورو ماما لە وەختی پێویستدا ئەو کارە بکەن سزا نادرێن.

**بەندی٥٣ـ** کەسێک بۆ دیفاع لە گیان و ماڵ و نامووسی خۆی یان کەسێکی دیکە بەرهەڵستی هێرشکەر بکا، سزا نادرێ بەو مەرجە کە کردەوەکەی بۆ

دیفاع پێویســـت بووبێ، ئەگەر بتوانێ لە کاتی هێرشەکەدا داوای یارمەتی لە پێشمەرگە بکا پێویستە کۆمەک لە پێشمەرگە بخوازێ.

**بەندی ٥٤ـ** هەر کەس بە زۆری کچێک یان کوڕێک کەمتر لە ١٨ ســاڵ لاقە بکا سزای ئیعدامە.

**بەندی ٥٥**ـ هەر کەس ژنێک یان کیژێک بە زۆری ماچ بکا یان کردەوەیەکی سووکی لەگەڵ بکا، لە ٣ مانگەوە تا ساڵێک سزای بەندیی بەسەر دادەدرێ.

**بەندی ٥٦**ـ کەســێک کچێنیی کیژێک کە تەمەنی لە ١٨ ســال کەمترە بەرێ، بۆ ئەو کردەوەیە شــەش مانگ تا ٢ ســاڵ ســزای بەندی بۆ دادەنرێ، بەڵام ئەگەر مەســلەت لەگەڵ کەس و کاری کیژەکە بکاو کچەکەش مارە بکا سزا نادرێ.

**بەندی ٥٧**ـ کەسێک کچێکی کە تەمەنی لە ١٥ ساڵ زیاترەو نەگەیشتۆتە ١٨ ساڵ بە ڕەزامەندی کیژەکە لاقە بکا لە ٢ تا ٦ مانگ سزای بەندی بەسەر دادەدرێ.

**بەندی ٥٨**ـ هەر کەس دایک و خوشــک و کەســانی مەحرەمی خۆی لاقە بکا، سزای ئیعدامە.

**بەندی ٥٩**ـ هەر کەس کیژێکی کەمتر لە ١٨ ســاڵ بە زۆر بڕفێنێ ( ڕای کێشێ)، ٣ مانگ تا ساڵێک سزای بەندی بۆ دیاری دەکرێ.

**بەنــدی ٦٠**ـ ئەو کەســەی کچێک کــە تەمەنی لە ١٨ ســاڵ زیاترە، یان

بێوەژنێک بە زۆری برفێنێ، شەش مانگ تا ساڵێک سزای بەندیی بۆ دادەندرێ و ئەگەر مەسلەت لەگەڵ کەس و کاری بکا و ڕەزایەت بدەن سزاکەی تا یەک مانگ بەند کەم دەکرێتەوە.

**بەندی ٦١ـ** ئەو کەسەی کیژێکی تەمەن ١٥ تا ١٨ ساڵە بە ڕەزامەندیی خۆی هەڵبگری ١٥ ڕۆژ تا مانگێک دەگیرێ. ئەگەر تەمەنی کیژەکە لە ١٥ ساڵ کەمتر بێ ٦ مانگ تا ساڵێک بەندیی بۆ دادەندرێ.

**بەندی ٦٢ـ** هەر کەس ئەندامێکی کە دەبێ بشارێتەوەو نیشانی خەڵکی ئەدا بۆ سوکایەتیو نیشانی کچو ژنو کەسانی دیکە بدا بە ١٠ ڕۆژ تا مانگیک بەند یان ٥٠ تا ١٠٠ تمەن جەریمە مەحکووم دەکرێ.

**بەندی ٦٣ـ** سزای گەوادی ٦ مانگ تا ٢ ساڵ بەندکردنە.

**بەندی ٦٤ـ** ئەم کەسانەی خوارەوە سزایان ٦ مانگ تا ٣ ساڵ بەندە:

الف ـ ژنی بە مێرد کە بە ڕەزامەندیی خۆی لەگەڵ پیاوێک سەر جێیی بکا.

ب ـ پیاوێکی خاوەن ژن کە لەگەڵ ژنێکی بە مێرد سەرجێیی بکا.

ج ـ پیاوێک کە لەگەڵ ژنێکی بە مێرد سەر جێی بکا.

د ـ مەلایەک کە مارەیی ژنی بە مێرد یان عیددە هەڵنەهاتوو ببرێ.

هـ ـ پیاوێک کە ژنی بە مێرد مارە بکا.

بۆ ئەو حاڵەتانەی سەرەوە ئەگەر موددەعی شکایەتی وەرگرێتەوە، لێکۆلینەوە ڕادەوەستی.

**بەندی ٦٥ـ** هەر کەس بە ئانقەست خانوو یان دار یان گیشەی کەسێک بسوتێنێ شەش مانگ تا دوو ساڵ بەندیی بۆ دادەندرێ. ئەگەر زەرەر و زیانەکە ببژێردرێو زیان لێکەوتوو ڕەزایەت بدا یەک تا چوار مانگ دەگیرێ.

**بەندی ٦٦ـ** هەڵگرتنی کیژ لە ٢ مانگ تا ٦ مانگ سزای بەندی بۆ دادەندرێ ئەگەر کورێک خوازبێنی کیژێکی کردبێ بەڵام باوکی کیژەکە یان هەقدارەکەی رازی نەبووبێ پێویستە کوڕەکە بە شووڕای دادپرسی رابگەیەنێ دیارە شوورا دەگەڵ هەر دوولا وتوویژ دەکا و بۆ ئەنجامی ئەو کارە تێ دەکۆشێ ماوەی وتوویژ نابێ لە ١٠ رۆژ تێ پەرێ.

**بەندی ٦٧** ـ مارەیی لە نێو شارو دێ نابێ لە ٢٠ مسقاڵ زێر زیاتر بێ.

**بەندی ٦٨ـ** ژن تەڵاقدان بە کردەوەیەکی ناحەز دەناسرێ ئەگەر کەسێک بۆ هێنانی ژنێکی دیکە ئەو کارەی کردبێ لە ٣ مانگ تا ٦ مانگ سزای بەندیی بەسەر دادەدرێ.

**بەندی ٦٩ـ** ئەگەر کەسێک مەجبوور بێ دوو ژنی هەبێ پێویستە شوڕای دادپرسی بۆ ئەو کارە ئیزن بدا ئەگەر بە بێ ئیزنی شووڕای دادپرسی ژنی دووهەمی مارە کردبی لە ٣ تا ٦ مانگ سزای بەندی بەسەر دا دەدرێ.

**بەندی ٧٠ـ** مارەکردنی کیژێک کە تەمەنی لە ١٥ ساڵ کەمتر بێ سزای بەندی لە ٣ مانگ تا ٦ مانگ بۆ دادەندرێ.

**بەندی ٧١** ـ ئەگەر کەسێک ژنەکەی تەڵاق داو، پووڵی پێوە ببستی لە ٣مانگ تا ٦ مانگ بەندیی بۆ دیاری دەکری و ئەگەر پووڵەکەی وەرگرتبێ بە قازانجی بزوتنەوەی گەلی کورد دەستی بەسەر دا دەگیرێ.

**بەندی ٧٢** ـ ژن بە ژنە سزای بەندی بۆ هەر دولا لە ٢مانگ تا ٧مانگ بە دواوەیە.

**بەندی ٧٣**-ئەگەر کیژێک بە بێ رەزامەندیی خۆی مارە کرابێ مەلا و باوکی کیژەکە و ئەو کەسەی کە لێی مارە کراوە لە ٢ مانگ تا ٦ مانگ سزای بەندی یان بۆ دیاری دەکرێ بەو مەرجە کە کیژەکە دوای مارەکردن تا یەک مانگ بۆ لێکۆڵینەوە شوورای دادپرسی ئاگادار کردبێ.

# سووتمان

**بەندی ٧٤**ـ سوتاندنی خەرمان یەک تا دوو ساڵ سزای بەندیی هەیە.

**بەندی ٧٥**ـ زیانی کردن ١٥ رۆژ تا مانگێک بەندی بۆ دادەنرێ.

**بەندی ٧٦**ـ ئەگەر سووتمان ببێتە هۆی لە نێو چونی کەسێک، تاوانکار سزای قاتڵی بۆ دادەنرێ.

**بەندی ٧٧**ـ کەسیک بە ئەنقەست ئامرازی کشت و کاڵی کەسێکی دیکە لە نێو بەرێ یەک تا ٣ مانگ سزای بەندی بەسەر دادەدرێ.

**بەندی ٧٨**ـ کەسێک بە ئەنقەست ماڵاتی پێ رو یان پەلەوەری کەسێکی دیکە لە نێو بەرێ ١٥ رۆژ تا دوو مانگ سزای بەندی بەسەر دادەدرێ.

**بەندی ٧٩**ـ کەسێک بە ئەنقەست باغی کەسێکی دیکە بە هۆی ئاو لێ برین وشک بکا یان بیبرێ، یان حاسڵەکەی بۆ خۆی بەرێ بێجگە لە بژاردنەوەی ماڵی، ١١ رۆژ تا ٢ مانگ دەگیرێ.

**بەندی ٨٠**ـ داگیرکردنی ملکی خەڵک تاوانەو بۆ ئەو کارە یەک تا شـەش مانگ سزای بەند دیاری دەکرێ.

**بەندی ٨١**ـ داگیرکردنی کە ل و پەلی ماڵی خەڵک یەک تا شـەش مانگ سزای بەندی بەدواوەیە.

**بەندی ٨٢**ـ بڵاو کردنەوەی درۆو دەلەســەو دروشم دژی بزوتنەوەی گەلی کورد ئەگەر یەک جار بێ ١٠ رۆژ تا مانگێک سـزای بەندی بەدواوەیە. ئەگەر بۆ جاری دووهەمو سێهەم بکرێتەوە دادگا سزای زیاتری بۆ دادەندەنێ.

**بەنــدی ٨٣**ـ هەر کەس شـاهیدی بـەدرۆ بدا ١٥ رۆژ تا ٣ مانگ سـزای بەندیـی بۆ دیاری دەکرێ. بەو مەرجە کە شـاهیدی یەکـەی بووبێتە هۆی مەحکووم بوونی کەسێک. لە کردەوەی جینایی دا سزای شاهیدیی بەدرۆ ٦ مانگ تا دوو ساڵ بەندە.

## دزی

**بەندی ٨٤** ـ سزای دزی بەو مەرجانەی خوارەوە ٢ تا ١٠ ساڵ بەندە:

الف ـ دزی بە شەو کرابێ.

ب ـ دوو یان چەند کەس پێکەوە دزی‌یان کردبێ.

ج ـ دزی بە چەکەوە کرابی.

د ـ دزەکان لە دیوارێ ماڵێک وەســەر کەوتبن یان درگایان شکاندبێ یان لە ریسمە بردبێ.

هـ ـ لە کاتی دزی دا کەسیکیان ئازار و شکەنجە دابێ.

**بەنــدی ٨٥**ـ لێبوردنی ماڵ دزراو نابێتە هۆی ئــازاد بوونی دزەکان. بەڵام سزاکەیان بۆ کەم دەکرێتەوە.

**بەندی ٨٦**ـ کەسـێک بۆ دزی چووبێ بەڵام دزیەکەیی بۆ نەکرابێ یەک تا ٣ مانگ سزای بەندی بەسەر دادەدرێ.

**بەندی ٨٧**ـ کرینی شتومەکی دەزراوبەومەرجە کریار زانیبیەتی دزراوە ٢ تا ٦ مانگ سزای بەندیی بەدواوەیە.

**بەندی٨٨**ـ ســزای جەردەوە ڕێگری ئەگەر کەسێکیان کوشتبێ ئیعدامە و ئەگەر نا، ٢ تا ١٠ ساڵ بەندیی کردنە.

**بەندی ٨٩**ـ ســزای دزی لە غەیری ئەو حاڵەتانەی سەرەوەدا مانگێک تا ٢ ساڵ بەندە.

# بەشی زیادکراوی قانوونی سزادانی گشتی لە ڕێکەوتی ڕەشەمەی ١٣٦١

**بەندی ١ـ** هەر کەس کە چاوەدێری بنکەوشوێنی نیزامی و سیاسی پێ سپێردرابێ و بە ئەنقەست تەسلیمی هێزی دوژمنی بکا یا ڕەمزو ڕێ و نیشانی هاتووچوون یا نەهێنی عەمەلیاتی نیزامی یا سیاسی بدا بە دوژمن یا بڵاوی کاتەوە سزای نەمانە.

**بەندی ٢ـ** هەر کەس لە کاتی شەڕدا بۆراکردن بۆ ناو هێزی دوژمن هەوڵی دابی و خۆی بە دەستەوە بدا یان بە دژایەتی جوڵانەوەی میللی دیموکراتیکی گەلی کورد بەرهەڵستی چەکدارانە بکا بە سزای نەمان مەحکووم دەکرێ.

**بەندی ٤ـ** ئەو کەسانەی خوارەوە بە سزای نەمان مەحکوم دەکرین :

١ـ هەر کەس جاسووسی دوژمن بۆ ناسینو ئاگاداری شوێنەکانی نیزامی و سیاسی جووڵانەوەی میللی دیموکراتیکی گەلی کورد بە نەهێنی رابگرێو یارمەتەی بدا.

٢ـ هــەر کەس نهێنیی نیزامی یا سیاســی یا ڕەمزی نهێنی بە دژایەتی بە بێگانە رابگەیەنێ.

## بەندی ٥ـ دەست پێکردنی تاوان (شروع جرم)

هەر کەس قەسدی بە ئەنجام گەیاندنی جینایەتێکی کردبێ و دەستی پێ بکا بەڵام بە هۆی بەرگری دوور لە ئیختیاری ئەو کەســە قەستەکەی بە ئاکام نەگاو جینایەتەکە پێک نەیە بە شێوەی خوارەوە سزا دەدرێت.

الف: ئەگەر سزای دیاری کراو بۆ تاوانەکە نەمان بێ سزای دەست پێکردنی تاوان لە شەش مانگ تا یەک ساڵ زیندانە.

ب: ئەگەر ســزای تاوان حەبســی جنایی بێ تاوانبار بە ٦١ ڕۆژ تا ٦ مانگ زیندان و ١٠ هەزار تمەن بژاردنەوەی نەغدی مەحکووم دەکرێ.

تێنینی ١ـ قەستی تاوان بێ ئەنجامی کردەوە تاوان نیە ئەو کردەویەی کە پێشەکی ئەنجامی تاوان بێ بەڵام پێوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ پێک هاتنی تاوان نەبێ بە دەست پێ کردنی تاوان ناژمێردرێ.

تێبینی ٢ـ ئەگەر کەسێک بە کردەوە بۆ ئەنجامی جینایەتێک هەوڵی دابێ بــەڵام بە مەیلی خۆی دەســتی هەڵگرتبێ بۆئەو تاوانە ســزا نادرێ بەڵام ئەو کردەوەیە ئەگەر تاوان بێ بە سزای ئەو تاوانە مەحکوم دەکرێ.

## بەندی ٦ـ دووپات کردنەوەی تاوان (تکرار جرم)

هــەر کــەس بە حوکمــی مەحکەمە بە حەبســی جونحەیی یــا جنایەتی مەحکــووم کرابێ و دوای قەتعــی بوونی حوکم تا ڕۆژی گەرانەوەی شــەرفی کۆمەڵایەتی (اعادەی حیثیت) کە لە تاوانی جونحە دا دوو ساڵ و لە جنایەت پێنج ساڵە ئەگەر لەو ماوەیە دا لە تاوانبار تاوانێکی دیکە (جونحە، جنایەت) ڕوو بــدا لانی زوری ســزای دیاری کراو بۆ تاوانەکە مەحکــووم دەکری دادگا ناتوانێ لەو سزایە کەم کاتەوە.

## بەندی ٧ـ یاریدەدەری تاوانبار (معاونت در جرم)

ئەو کەسانەی خوارەوە یاریدەدەری تاوانبار دەژمێردرێن :

١ـ هەر کەس بە هاندان و بایی کردن یا هەڕەشـە یا فریودان کەسـێک بۆ ئەنجامی کردەوەیەکی تاوانبارانە ئامادە بکا یاریدەدەری تاوانبارە.

٢ـ هەر کەس بە ئاگادارییەوە کەرەسـەی ئەنجامی کـردەوەی تاوانبارانە ئامادە بکا یا شـێوەی ئەنجامی ئەو کردەوەیە بە ئاگاداری لە قەستی تاوانبار بەو کەسە نیشان بدا.

٣ـ هەر کەس بە ئەنقەست ئەنجامی کردەوەی تاوانبار هاسان بکا.

سزای یاریدەدەری تاوانبار لە جنایەت دا سزای تاوانکاری ئەسڵی یە بەڵام دادگا دەتوانێ بە لەبەرچاو گرتنی هەل و مەرجی پێک هاتوو لە سـزاکە کەم کاتەوە.

تیبینی: بـۆ پێـک هاتنـی یاریـدەدری لەتاوانکاریـدا یەکیەتی قەسـت وپێشکەوتن یاهاوکاتی کرەوەی تاوانبار ویاریدەدەر مەرجی سەرەکی یە.

تێبینـی ٢ـ ئەگەر گومان لێکراوی ئەسـڵی بە مەرجێک لـە مەرجەکانی قانوونی لە سزادان بپارێزرێ یاریدەدەری تاوانبار ناتوانێ لە سزادان بێبەش بێ.

## بەندی ٨ـ چەندتاوانی (تعدد جرم)

ئەگەرکەسـیک لەیەک کاتدا چەند کـردەوی تاوانبارانە ئەنجام بدا دادگا بۆ هەر کام لەو تاوانانە لانی زۆری سـزای دیاری کراو دیاری دەکا، لە پاشان زیاترین سزا بۆ تاوانبار بەڕێوەدەچی.

تیبینی: بۆخیلاف بریاری چەند تاوانی دیاری ناکری.

**بەندی ٩ جەعل ، جعل ،**

دروست کردنی نوسراوەو سەنەد یا شتێکی دیکە بە پێچەوانە یا دروست کردنی مۆرو ئیمزای بەرپرسانی جووڵانەوەی میللی دێمۆکراتیکی گەلی کورد یا بە قەستی کەڵک وەرگرتن یا تاشینو قەڵەم تێوەردان یا لە ناوبردن یا ڕەش کردنەوە یا گۆرینی رۆژی نووسراوی سەنەد یا زیاد کردنی نووسراوەی دیکە یا کەڵک وەگرتن لە مۆربە بێ ئیزنی خاوەن مۆرو وێنەی ئەو کردەوانە جەعلەو سزای تاوانبار لە شەش مانگ تا دوو ساڵ دیاری دەکرێ.

**بەندی ٩**- دزینی بەڵگەو سەنەدی جووڵانەوەی نیشتمانی میللی دیموکراتیکی خەڵکی کورد. هەر کەس بەڵگەو سەنەدی نهێنی جووڵانەوەی نیشتمانی میللی دیموکراتیکی خەڵکی کوردستان بە ئەنقەست بدزیو یا لە ناوی بەرێ بە شەش مانگ تا ٣ ساڵ زیندان مەحکوم دەکرێ.

**بەندی ١١- خۆناساندن بە پێچەوانە (غصب عنوان)**

هەرکەس بە پێچەوانەی ڕاستی خۆی بە لێپرسراو یا پێشمەرگەی بزووتنەوەی نیشتمانی میللی دیموکراتیکی خەڵکی کوردستان بۆ کەڵک لێوەرگرتن بە خراپە بناسێنێ بە شەش مانگ تا ساڵێک زیندان مەحکووم دەکرێ.

**بەندی١٢**- دەست بەسەر داگرتنی ماڵو کەل و پەلی جووڵانەوەی میللی دیموکراتیکی خەڵکی کورد (اختلاس)

هەر بەرپرسیک کەرەستەوماڵی جووڵانەوە بە قازانجی خۆی یا بە قازانجی غەیری خۆی داگیر کا بە شەش مانگ تا ساڵێک زیندان مەحکووم دەکرێو کەرەسەو ماڵی داگیرکراوی لێ دەستێندرێتەوە.

**بەندی ١٣ـ** شایەدی و سوێندی بەدرۆ (شهادت و قسم دروغ)

هـەر کـەس لە جنایـەت دا بە درۆ شـایەدی بداو شـایەدی ئەو کەسـە لـە حوکمی دادگا دا ئەسـەری بووبێ، بە شـەش مانگ تا سـاڵێک زیندان مەحکووم دەکری هەر وەهائەگەر کەسـێک لەجونعەدا شـایەدی یەکەی لە حوکمی دادگادائەسەری بووبێ بەدوومانگ زیندان وبژاردەنەوەی نەغدی تا ٥٠٠٠ تمەن مەحکوم دەکری.

**بەندی ١٤ـ کڵاو لەسەرنان (کلاهبرداری)**

هەر کەس بە فێڵ و تەڵەکە کەسێک مەغموون بکاو پووڵ و پەلی لێوەرگرێ یا بە ناوو عینوانی درۆ کڵاو لە سـەر خەڵکی بنێ بە شـەش مانگ تا ساڵێک زیندان مەحکووم دەکرێ.

**بەندی ١٥ـ خەیانەت لە ئەمانەت دا (خیانەت در امانت)**

هەر کەس لە فەقیرحاڵی یان لە نەزانی منداڵ یان مرۆڤی شـێت کەڵک وەربگرێ بە زەرەری ئەوان بەڵگە یا نووسراوەیەکیان لێوەرگرێ بە شەش مانگ تا سـاڵێک زیندان مەحکوم دەکری. هەروەها ئەگـەر ماڵ و پووڵی ئەمانەت دوای داوا کردنـەوە بە خـاوەن ماڵ نەداتەوە یا بە پیچەوانەی رێ وشـوێنی دیاری کـراو لەماڵی ئەمانەتی داکەلک وەرگرێ یالەنـاوی بەری بە ٦ مانگ تا سـاڵێک زیندان مەحکـووم دەکرێ و کـەل و پەل و ماڵـی ئەمانەتی لێی وەردەگرێتەوە.

**بەنـدی١٦ـ لە ناو بردنی حورمەتی ماڵ و مەسـکەن (هتک حرمت مال و مسکن اشخاص)**

هـەر کەس بە زور بچێتە ماڵـی غەیر بە ٦١ رۆژ تا شـەش مانگ زیندان

مەحکوم دەکرێ، ئەگەر ئەو کردوەیە لە شەڕدا بووبێ سزای تاوانبار شەش مانگە.

## بەندی ١٧- بوختان (افترا)

هەر کەس بە بڵاوکراوە یا قسە کردن لە ناو کۆمەڵدا بوختان بە یەک یا چەند نەفەر بکاو نەتوانێ سابیتی بکا بە ٦١ ڕۆژ تا شەش مانگ زیندان مەحکووم دەکرێ.

## بەندی ١٨- ڕاگرتنی بەڕێوەبردنی سزای دیاریکراوی مەحکووم (تعلیق اجرای مجازات)

دادگا دەتوانێ بەو مەرجانەی خوارەوە بەڕێوەبردنی سزا بۆ ماوەی دوو تا پێنج ساڵ ڕابگرێ.

١- تاوانبار مەحکوومییەتی پێشووی نەبووبێ.

٢- دادگا بەڕێوەبەردنی سزا بە قازانجی کۆمەڵ نەزانێ.

٣- تاوانبار بەرعودەبێ کە لە ماوەی دیاری کراو دا بە شەڕەفەوە ژیان رابوێرێ و بڕیاری دادگا بەڕێوە بەرێ...

٤- بژاردنەوەی دیاری کراوی دادگا بە زیان لێکەوتوو بداو ڕەزامەندیی خاوەن سکاڵا وەرگرێ.

تێبینی: دە حوکمی دیاری کراوی دادگا دا پێویستە ڕاگرتنی بەڕێوەبردنی سزا و هۆیەکانی بنوسرێ.

## بەندی ١٩- ئازادی بە مەرج (آزادی مشروط)

هەر کەس بۆ هەوەڵین جار کردەوەی جینایەت یا جونحە ئەنجام بدا. لە جونحەدا دوای تێپەڕبوونی نیوەی سزای دیاری کراو و لە جینایەتدا داوای تێپەڕ بوونی دوو بەشی ماوەی زیندانی دیاری کراو دادگا دەتوانێ بەو

مەرجانەی خوارەوە تاوانبار ئازاد بکا:

١ـ بەرپرسی زیندان ڕەفتاری زیندانی بە باش زانیبێ.

٢ـ پیش‌بینی بکرێ کە زیندانی دوای ئازاد بوون کردەوەی ناحەز دژی قانوون ناکا.

٣ـ زیانی زیان لی کەوتوو بژمێرێ.

## بەندی ٢٠ـ بەرگری لە ڕاگرتنی قەرزدار بە هۆی نەدانەوەی قەرزو بە ئەنجام نەگەیاندنی قەرزدار.

هیچ کەس بە هۆی نەدانەوەی قەرزو بە ڕێوەنەبردنی قەرارداد زیندانی ناکری، بەلام ئەگەر ماڵ یا کەل و پەلی هەبێ بە ئەندازەی قەرزەکەی لێ‌وەردەگیرێ، ئەگەر لەبەرێوەنەبردنی قەرارداد زیانێک بە تەرەفی قەرارداد گەیشتبێ دەبێ بیبژێرێ.

تێبینی: هەر کات دەرکەوێ کە قەرزدار دەتوانێ قەرزەکەی بداتەوە بەلام ماڵەکەی بشارێتەوە بە ٦١ ڕۆژ تا شەش مانگ زیندان مەحکووم دەکرێ، کەرەسەی ژیان‌و خواردەمەنی بە حەدی موتەعارف بۆ قەرزدارو خێزانی لە بەر چاو دەگیرێ .

## بەندی ٢١ـ ڕاو (شکار)

ئەو کەسانەی خوارەوە کە بەبێ لەبەر چاو گرتنی ئەم قانوونە دەست بەراو دەکەن بە دوو تا شەش مانگ زیندان مەحکوم دەکرێ و کەرەسەی ڕاوی ئەوانە زەوت‌و دەستی بەسەر دا دەگیرێ:

١ـ ڕاو لە بەشی قەدەغەکراوی ساڵدا بکرێ .

٢ـ بۆ ڕاو لە سەم‌و تەقەمەنی‌و دینامیت کەڵک وەرگیرابێ.

تیبینی: کاتی قەدەغە کراووەختی زەوزاو زیادبوونی جانەوەر وپەلەوەرە.

## بەندی ٢٢-موادی مخەددیر«مخدر»

١ـ تریاک، سووتووی تریاک، شیرەی تریاک، مورفین، هیروئین، کۆکائین، بە مەوادی موخەدیر دەناسرێن.

٢ـ بـە کارهێنانی ئەو مەوادە لە لایەن هەر کەسـێکەوە قەدەغەیە بە هەر چەشـنێک کەڵکیان لێ وەرگیرێ بۆ هەوەڵ جار سزای بەند لە شەش مانگ تا ساڵێک دیاری دەکرێ.

تێبینی: بەکار هینانی ئەو مەوادبەئیجازەی دوکتورتاوان نییە.

٣ـ سـزای کەسێک کە جێگا بۆ کێشـانی تریاک و هێروئین... و دروست بکا یەک تا سێ ساڵ زیندان و دەنا سەد هەزار تمەن بژاردنەوەی نەغدییە.

٤ـ هەر کەس تریاک هێروئین، کوکائین، مورفین دروست بکا یا لە دەرەوەی کوردستانی بێنێ یا بیفرۆشێ ئەگەر زیاتر لە دوو کیلۆ گرەم هێرۆئین یا مورفین یا کوکائین بێ، بە سزای نەمان مەحکوم دەکرێ. ئەگەر لەو میزانە کەمتر بێ سـزای یەک ساڵ تا ٣ ساڵ زیندانە. شتومەک و کەلوپەلی قاچاقچی ئەو مەواددە کە بۆ کڕین و فرۆشـتن ،دروست کردنی کەڵکی لێوەرگیرابێ زەوت و مەسادرە دەکرێ.

## بەندی ٢٣ـ دست تێوەردان لە کاری پزیشکی

هەر کەس بە بێ ئیجازەی ڕەسمی نەخۆشخانە ی بزووتنەوەی نیشتمانی میللی دیموکراتیکی خەڵکی کوردسـتان کارو باری پزیشکی بەڕێوە بەری، بە ٦١ ڕۆژ تا ٦ مانگ زیندان و بژاردنەوەی نەغدی لە یەک تا دە هەزار تمەن مەحکووم دەکرێ. دروسـت کردنی دەرمان ، ددان پزیشـکی پێویسـتی بە ئیجازەی پزیشکی جێی بروای حیزب هەیە.

تێبینی: پزیشـکی خۆ وڵاتـی و تەجرووبـی دەتوانن لە ژێـر چاوەدێری و مەشوەرەتی بەرپرسانی بەشی دەرمانی درێژە بە کارەکانیان بدەن.

## بەندی ٢٤ـ چەتەگەری و ڕێگری چەکدارانە (سرقت مسلحانە)

١ـ هەرکەس لە ڕێگا وبانەکان چەکدارانە ڕێگری بکا بە سزای نەمان مەحکووم دەکرێ.

ئەگەر ڕێگر چەکی گەرمی پێ نەبووبێ بە یەک ساڵ تا سێ ساڵ زیندان مەحکوم دەکرێ.

٢ـ دزی کردن بە چەکەوە لە غەیری ڕێگاوبانەکان و لە شەو دا بەو مەرجە کە ئازارو ئەشکەنجەی لەگەڵ بوونی سزای زیندان بۆ ٣ تا ٥ ساڵەو ئەگەر لە ڕۆژ دا بووبێ سزای زیندان لە ١ تا ٣ ساڵە.

## بەندی ٢٥ ـ گرانفرۆشی

پێویستی و خواردەمەنی گشتی کە لە دەرەوەی کوردستانەوە دێت نرخیان لەلایان ڕێکخراوەکانی جوڵانەوەی نیشتمانی دێموکڕاتیکی خەڵکی کوردستان بڵاو دەکرێتەوەو ئەگەر کەسێک زیاتر لە نرخی دیاری کراو شتومەکەکەی بفرۆشێ بە بژاردنەوەی نەغدی بە لە بەر چاوگرتنی نرخی شتوومەک مەحکووم دەکرێن.

## بەندی ٢٦ـ بڵاوکردنەوەی سەنەدی نهێنی جووڵانەوەی نیشتمانی دیموکراتیکی خەڵکی کوردستان

هەر کەس لە بەرپرسان کە ئەرکی دیاری کراوی ڕاگرتنی سەنەدی نهێنی جووڵانەوەی بێ ، یا بە پێی وەزیفە پێ ئەسپاردرابێ بڵاو بکاتەوە یا نەهێنی‌یەکان ئاشکرا بکا؛ یا بە هەر شێوەیەک بە ئاگاداریی خەڵکی ڕابگەیەنێ بە یەک تا ٢ ساڵ زیندان مەحکووم دەکرێ.

## بەندی ٢٧ـ ڕفاندنی مرۆڤ

١ـ هــەر کەس بە قەسـدی پـووڵ وەرگرتن یـا تۆڵە ئەسـتاندنەوە یا هەر قەسـدێکی خراپـی دیکـە بە زۆر یا هەڕەشـە یـا فێڵ ،کەسـێک بڕفێنێ یا بشـارێتەوە بە یەک تا سێ سـاڵ زیندان مەحکووم دەکرێ. ئەگەر تەمەنی ڕفاندراو لە پازدە (١٥) سـاڵ کەمتر بێ‌و بە هۆی ڕفاندن یا شاردنەوە تووشی نەخۆشـی دایم یا زیانی جسمی‌و ڕەوانی بێ یا بمرێ یا بەشێک لە ئەندامی لـە کار بکەوێ تاوانبار بە سـزای ئیعدام مەحکووم دەکـرێ. هەروەها ئەگەر تەمەنی ڕفاندراو کەمتر لە ١٥ سـاڵ بێ‌و نزیکی لە گەڵ کرابێ (عمل لواط) تاوانبار بە سزای نەمان مەحکووم دەکرێ.

## بەندی ٢٨ـ ئەسڵی بەرائەت

ئەسـڵ ئەوەیە کە هەمووکەس بێ تاوانە مەگەر بەڵگەو دەلیلێک لە سـەر تاوانی هەبێ.

## بەندی ٢٩ـ ئەسڵی شەخسی بوونی تاوان

خزم و کەسـی تاوانبار دوور لە سزان، مەگەر لەگەل تاوانبار هاوبەشی‌یان بووبێ.

# حیزبی دێموکڕات و سپاردنی دەسەڵاتی بەڕێوەبەری بە شووراکان

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە باوەڕی قووڵی بە دەســەڵاتدارەتیی خەڵک هەبــووەو هەموو کات خوازیاری ئــەوە بووە کە خەڵک ولاتی خۆیان ئیدارە بکەن‌و ئەو باوەڕە لە ماوەی ٧٠ ساڵی ڕابردوودا لە وتار و کارو کردارەکانی حیزبی دێموکڕات‌دا ڕەنگی داوەتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردســتان دوای دامەزران‌و کارکردن بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگەی کوردســتان‌و زەمینەخۆش‌کردن بۆ ڕاگەیاندنــی کۆمار لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤دا شەرعیەتی بە دەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی‌و بەڕێوەبەری ناوچەی ژێر دەسەڵاتی دوارۆژی کۆماری لە کۆبوونەوەیەکی ٢٠ هەزار کەسی‌دا لە خەڵک وەردەگرێ‌و خەڵک لەو کۆبوونەوەیەدا چاوەڕوانیی خۆی لە حیزبی دیموکراتت لە ٦ خاڵ‌دا گەڵاڵە دەکەن‌و ڕووبەڕووی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دەکەنەوەو داوا دەکەن کە حیزب جێ‌بەجێ‌یان بکا.

ئەوەی لەم نووســینەدا مەبەســتمانە ئیشــارەی پێ‌بکەین خاڵی ٢ی ئەو ڕاگەیاندراوەیە کە باس لە دامەزرانی مەجلیســی شــووڕا دەکاو داوا دەکا بۆ

ئەو مەبەستە بەستێنی هەڵبژاردن لە نێو کۆمەڵگەدا لە لایەن حیزبەوە ئامادە بکرێ. بەڵام بە داخەوە تەمەنی کۆمار ئەوەندە کەم بوو کە نەیتوانی ئەو هەل و بەستێنە بۆ هەڵبژاردنی مەجلیسی شوورا لە نێو خەڵکدا بڕەخسێنێ.

دوای ڕووخانی کۆمار حیزبی دێموکرات کەوتە قۆناغێکی دیکەی خەبات، بەڵام قەت لەو باوەڕەی خۆی پاشگەز نەبۆوەو هەموو کات و پێ بەپێی خەبات بۆ ئازادی کاری بۆ وەدیهاتنی ئەو مەبەستەش کردوە و کاتێک ساڵی ٥٧ی هەتاوی بە هۆی ڕووخانی نیزامی پاشایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان توانی خەباتی ئاشکرای خۆی دەست پێ بکاتەوە و، خەڵک بە لێشاو ڕوویان لە حیزب کردو لە ڕوانگەو بیری خەڵکدا حیزب هەردەسەڵاتدارەکەی سەردەمی کۆمار بوو و چاوەڕوانییان لە حیزب هەبوو کە بۆ بەڕێوەبەریی وڵات جێگاو وەزیفەی دەسەڵات و حاکمیەت بگرێتەوە. هەر بۆیەش بۆ چارەسەری گیرو گرفتی ڕۆژانەی خۆیان (ئابووری یان کۆمەڵایەتی) ڕوویان لە بنکەو دەفتەرو شوێنەکانی کاری حیزب دەکردو ئەمە ببووە هۆی ئەوە کە بەشێک لەو وزەو توانای کادرو پێشمەرگەو ئەندامە چالاکەکانی حیزب لە خزمەتی چارەسەرکردنی گیروگرفتی خەڵکدا بێ. ئەوە لە ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی ٤دا بەڕوونی ڕەنگی داوەتەوە کە لەگەڵ ئەوەی وەک گیروگرفتێک بۆکاری حیزب باسی دەکا، بەڵام بۆ چارەسەرو گرینگیدان بە مەسەلەکە، باس لە پێویستیی دامەزراندنی شووراکان دەکا.

«... داوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، زۆربەی خەڵک بە تایبەتی خەڵکی گوندنشین بۆ چارەسەری گیروگرفتی ڕۆژانەیان ڕوو لە ڕێکخراوەکانی حیزب دەکەن و ئەوە خۆی دەرخەری باوەڕمەندبوونی خەڵک بە حیزبەو ئێمە دەبێ ڕێز بۆ ئەو باوەڕمەندبوونە دابنێین، بەڵام لایەنی خراپیشی بۆ تەشکیلاتی حیزبی ئێمە هەیە ئەویش چونکە ڕێکخراوەکانی حیزبی بوون بە جۆرێک لە ئیدارەی دەوڵەتی و لە ئاکامدا ڕێکخراوەکانی حیزبی ئێمە ناتوانن چارەسەری گیرو گرفتی خەڵک بکەن، چونکە ئیمکاناتی پێویستمان لە بەردەستدا

نیــە؛ لەلایەكی دیكەوە لــە بەڕێوەبردنی ئەرك و پێســپێردە راوی حیزبی وە دوا دەكەون، بۆ چارەســەری ئــەو گرفتە دەبێ كارەكانی رۆژانــە و ئابووریی خەڵك بدرێتە دەستی شــووراكان. هەر بۆیە لە ئێستادا پێكهێنانی شووڕا لە گوندەكان و شارەكانی كوردستان یەكێك لە ئەركە گرینگەكانی سیاسی ئێمەیە...»

بە داخەوە داســەپاندنی شــەڕ لە لایەن كۆماری ئیســلامی‌یەوە بە ســەر كوردســتان ئەو هەلودەرفەتــەی نەدا كە هەر ئەوكات خەڵكی كوردســتان لە رێــگای هەڵبژاردنێكی دێموكڕاتیكەوە نوێنەرانی خۆیــان هەڵبژێرن و لە رێگای شووراكانەوە كوردستان ئیدارە بكرێ، بەڵام دیسان حیزبی دێموكڕات دەســتی لەسەر دەست دانەناو لە كۆبوونەوەی بەرینی كومیتەی ناوەندی لە رۆژی ١٣٦٠/٤/١٣دا بڕیاری دا هەتا ئاخری پاییزی ١٣٦٠ لە هەموو گوندو ناوچەو شــارو شارســتانە رزگاركراوەكانی كوردســتانی ئێران‌دا شووراكانی خەڵك هەڵبژێردرێن و بۆ ئەو مەبەستەش گەڵاڵەیەكی لە ژێر ناوی «گەڵاڵەی شووڕاكان» پەسەند كرد.

لە پێشــەكیی گەڵاڵەكەدا ئیشارەی بە پێویستیی بوونی شووراكان كردوە و نووسیویەتی:

«... لە هەل و مەرجی ئەمرۆی كوردســتان كە هەموو مافی رەوای خەڵكی كوردســتان لە لایــەن حكومەتی كۆنەپەرســتەوە پێشــێل كــراوەو جگە لە داسەپاندنی شەڕی ماڵوێرانكەر، گەمارۆی ئابووری، داخستنی ئیدارەكان و تەنانەت دەرمانگاو نەخۆشــخانەو فێرگــەكان، دەرەتانی ژینی لەگەڵی ئێمە بریوە پێویســتە بۆ بەڕێوەبردنی كارو بــاری نێوخۆیی و كۆمەڵایەتی لە ڕێگای دامەزراندنــی شــوڕاكانی گەل بە كردوە خەڵكی كوردســتان چارەنووســی خۆی بە دستەوە بگرێ و جارێكی تر بۆ گەلانی ئێران و جیهان دەری خا، كە ئازادیخوازو پێشكەوتووشۆرشگیرەو دەتوانێ لە رەشترین رۆژگاریش‌دا هەموو

کەندو کۆسپی ژیان لاداو بەسەر چارەنووسی خۆی دا زاڵ بێ...»

گەڵالەی شـووراکان لە سـەرەتایەک و ٧ بەش و ٢٢ خاڵ پێک هاتوە کە باسـی لە شـتە گشـتی یەکان، مەرجەکانی هەڵبژاردن و هەڵبژێران، ڕادەی سـەڵاحیەت و ئەرکـی شـووراکان، داهـات و دەرکەوتی شـووراکان وهێزی ئیجرایی شووراکان دەکا.

دوای پەسـەند کردنی ئەو گەڵاڵەیە لەلایەن کومیتەی ناوەندیی حیزبەوە لە زۆربەی گوندو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگە کە بەناوچەی ئازادکـراو ناودێر کرابـوون، هەڵبژادنی شـووراکان بەڕێوە چـوو. بە کردەوە شووڕاکان کارو باری ڕۆژانەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی خەڵکیان گرتە دەست و بۆ کاری ئیجرایی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕاتیان لە ئیختیاردا بوو، هەتا پێکهێنانی هێزێک کە بە تایبەت لە ئیختیاری شووڕاکان دا بێ.

لە تێبینیی خاڵ ٢٢ لە بەشی حەوتەمی گەڵاڵەکەدا هاتووە: «تا پێکهاتنی ئەو هێزە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ئێران لە سەر داوای شـوڕاکان ئەو ئەرکە بە جێ دێنن.» بەڵام هێرشـە یـەک لە دوای یەکەکانی کۆماری ئیسـلامی دەرفەتی ئارامی بە کوردستان نەداو حیزبی دێموکڕات و هێزی پێشـمەرگە تاکتیکی شەڕیان گۆڕی و بەرەو قۆناغی پارتیزانی شەڕیان گواسـتەوە؛ بەڵام بەو حاڵەش شـوراکان کارایی خۆیان هەر بوو. لە ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی ٦ بەو شـێوەیە باس لە گرینگیی شـوراکان و پێویستی پێشتگیریان لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە کراوە:

«...لـە ناوچـە ئـازاد کـراوەکان، شـووڕاکان هـەروا درێـژە بـە کارە کۆمەڵایەتیەکانی خۆیان دەدەن. لە زۆربەی گوندەکانی نیوە ئازادو تەنانەت لە هێندێک لە گوندە داگیرکراوەکانیش، شـووڕا هەڵبژێردەراوەکانی خەڵک هەر لە جێ خۆیان و پشـتگیری و بەهێزکردنی شووڕا هەڵبژێردەراوەکان بێ شـک لە پێویسـتە گرینگەکانە لە لایەن حیزب و بە تایبەتی لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە، چونکە شوراکان کۆسپێکی گەورەن لە سەر ڕێگای حاکمیەتی

کۆماری ئیسلامیو هەم وەک پێگەیەک دێنە ئەژمار کە حیزبی ئێمە دەتوانی پشتیان پێ ببەستی.»

گومانی تێدا نیە کە ئەگەر شەڕی داسەپاو و دیکتاتۆریو ملهوڕیی کۆماری ئیسلامی ئەو مەجال و دەرفەتەی بۆ حیزبی دێموکرات هێشتبایەوە، حیزبی دیموکرات هەروەکی بە کردەوە سەلماندبووی پشتی ئەو باوەڕەی خۆی دەگرتو سیستمی بەڕێوەبردنی وڵات لە لایەن شووراکانیەوە دەکرد بە ئەمری واقع. بە هەرحاڵ باوەڕ بە دەسەڵاتی خەڵکو ڕێکخستنی گەڵاڵەو قانوون بۆ هەڵبژاردنی شووراکان دەسکەوتێکی بە نرخە لە مێژووی ٧٠ ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا.

# گەڵالەی شوڕاکان

سەرەتا:

لە هەل و مەرجی ئەمڕۆی کوردستان کە هەموو مافی ڕەوای خەڵکی کوردستان لە لایەن حکومەتی کۆنەپەرستەوە پێشێل کراوەو جگە لە داسەپاندنی شەڕی ماڵوێرانکەر، گەمارۆی ئابووری، داخستنی ئیدارەکان و تەنانەت دەرمانگاو نەخۆشخانەو فێرگەکان، دەرەتانی ژینی لەگەڵی ئێمە بریوە پێویستە بۆ بەڕێوەبردنی کارو باری نێوخۆیی و کۆمەڵایەتی لە ڕێگای دامەزراندنی شوڕاکانی گەل بە کردوە خەڵکی کوردستان چارەنووسی خۆی بە دستەوە بگرێ و جارێکی تر بۆ گەلانی ئێران و جیهان دەری خا، کە ئازادیخوازو پێشکەوتووشۆڕشگیرەو دەتوانێ لە ڕەشترین ڕۆژگاریشدا هەموو کەندو کۆسپی ژیان لاداو بەسەر چارەنووسی خۆیدا زاڵ بێ.

بەوبۆنەوە کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە گویرەی تی بینی دوارۆژ وهەست بە بەرپرسی مێژوویی خۆی لە کۆبوونەوەی گشتی رۆژی ١٣٦٠/٤/١٣دا بریاری داپێشنیار بکری هەتا ئاخری پاییزی ١٣٦٠ لە هەموو گوندوناوچە وشاروشارستانی رزگارکراوی کوردستانی ئێران شوراکانی خەلکی هەلبژیردرین.

# بەشی یەکەم٤
# (تیکراییەکان: کلیات)

١. شووراکان بریتین لە:
الف- شـــووراکانی بەڕێوە بردنی کاری کۆمەڵایەتی ( گوند، ناوچە، شـــار، شارستان).
ب- شووڕای دانەری قانوون( شورای نیشتمانی یا سەرانسەری).
٢. گوند ئاوەدانیەکە کە لانی کەم ٢٠٠ کەســـی دانیشـــتوو هەبێ، ناوچە بریتیە لە کۆمەڵە گوندێک کە لانی کەمی دانیشـــتوانی بگاتە ٥٠٠٠ کەس، شـــار بە ئاوەدانیەک دەگوتری کە لانی کەم ٨٠٠٠ کەسی دانیشتوو هەبێ، شارستان بریتیە لە شارو هەموو ناوچەکانی دەوروبەری.
٣. لانی کەمی ژمارەی شووڕای ئەو گوندانەی کە تا هەزار کەسیان دانیشتوو هەیە ٧ کەســـە بەرامبەر بە زیادبوونی هەزار کەس ٢نەفەر لە ئەندامان زیاد دەکرێ بەڵام نابێ لانی زۆری ئەندامانی شورا لە ١١ کەس زیاتر بێ.
٤. لانی کەمی ژمارەی ئەندامانی شورای ناوچە ٩ کەسە و بەرامبەر بە زیاد بوونی هەر ١٥٠٠ کەس دوو کەس لە ژمارەی ئەندامان زیاد دەبێ، بەڵام ئەو پەڕی ئەندامان نابی لە ١٧ کەس تێپەڕێ.
٥. لانی کەمی ئەندامانی شووڕای شار ١١ کەسە و بەرامبەر بە زیادبوونی هەر ١٠ هەزار کەس دوو کەس بە ئەندامانی شورا زیاد دەبێ بەڵام ژمارەکەی

نابێ لە ٢١ کەس تێپەڕێ.

٦. لانی کەمی ژمارەی ئەندامانی شووڕای شارستان ١٥ کەسەو بەرامبەر بـە زیاد بوونی هەر ٢٠ هەزار کەس دوو کەس زیاد دەبێ بەڵام نابێ ژمارەی ئەندامان لە ٢٥ کەس تێپەڕێ.

تێبینێ: ١- ئەو گوندانەی ژمارەی دانیشـتوانی لە ٢٠٠ کەسـی کەمترە لە گەڵ گوندەکانی دەوروبەری کە ژمارەی دانیشـتوانیان بگاتە ٢٠٠ کەس شووڕا پێک دێنن.

تێبینی: ٢- ئەندامانی شـووڕای ناوچە لە کۆبوونەوەی گشتی ئەندامانی شووڕای گوندەکان دا هەڵدەبژێردرێن.

تێبینی: ٣- ئەندامانی شووڕای شارستان لە کۆبوونەوەی گشتی ئەندامانی شووڕای ناوچەکەکان دا هەڵدەبژێردرێن.

٧. کۆڕی هەڵسووڕێنەر (بەڕێوەبەرایەتی، هەیئەتی ئیجرائی) لە شووڕاکاندا بە چەشنی ژێرەوە دیاری دەکرێ:

گونـد ٣ کەس، ناوچە ٥ کەس، شـار ٧ کەس، شارسـتان ٩ کەس. ئەو کۆڕانە بڕیارەکانی شووڕا بەڕێوە دەبن.

٨. شـووڕای نیشـتمانی (شـورای سەرانسـەریی کوردسـتان) لە لایەن دانیشتوانی کوردستان بە چەشنێکی گشتیو ڕاستەو خۆو یەکسانو نەهێنی هەڵدەبژێردرێ.

٩. ئەندامانی شووڕای نیشتمانی بە پێی ڕادەی دانیشتوانی هەر مەڵبەند بەرامبەر بە هەر ٦٠ هەزار کەس یەک نەفەر هەڵدەبژێردرێ.

تێبینی: ١- لە هەڵبژاردنی شووراکان دا کەمە نەتەوەکانو کەمایەتییەکانی نەتەوایەتـی دانیشـتووی کوردسـتانی ئێـران دەگـەڵ گەلی کـورد مافی یەکسانیان هەیە.

تێبینـی: ٢- ژن و پیـاو لە هەڵبـژاردنو هەڵبژێرانی شـووڕاکاندا مافیان یەکسانە.

# بەشی دووهەم:
# مەرجەکانی خۆپاڵاوتن بۆ شوورِا

١٠. ئەو کەســەی بۆ شوورِاکانی گوندو ناوچە و شارستان هەڵدەبژێردرێ دەبێ ئەو مەرجانەی ژێرەویان تێدابێ:

الف- خۆشناوو تێکۆشەرو باوەڕ پێکراوی خەڵک بێ.

ب- خەڵکــی ئەو شــوێنە بێ یا لانی کــەم ٦ مانگ پێش هەڵبــژاردن لەو جێگایە نیشتەجێ بووبێ.

ج- تەمەنی لە ٢١ ساڵ کەمتر نەبێ.

١١- تەواوی ئەو کەسانەی دەنگ دەدەن و هەڵدەبژێردرێن ژن و پیاو لانی کەمی تەمەنیان دەبێ ١٨ ساڵ بێ.

١٢- مەحجوریــن، خائنین بە گەل و نیشــتمان ناتوانن لــە هەڵبژاردن‌دا بەشدار بن.

## بەشی سیهەم :
## (مەرجی پیویست بۆ ئەو کەسانەی کە ئەندامانی شوورای نیشتمانی هەڵدبژیرین و مەرجەکانی پیویست بۆ ئەندامەتی شوورا)

١٣. ئەو کەسانەی کە هەڵدەبژێردرین دەبێ:

الف- لانی کەم تەمەنی ٢١ ساڵ بێ.

ب- خۆشناوو خوێندەوار، تێکۆشەر و باوەڕ پێکراو بێ.

ج- خەڵکــی ئــەو مەڵبەندە بێ یــا لانی کەم ســاڵێک پێــش هەڵبژاردن نیشتەجێی ئەو مەڵبەندە بووبێ.

# بەشی چوارەم:
# (ڕادەی دەسەڵات و ئەرکی شووراکان)

١٥. ئەرکٚ و دەسەلاتی شورای گوندەگان:

الف- پێشـــنیاری کاری ســاختمانیو ڕاگرتنی پاکو خاوێنـــی ئاوەدانیو دامەزراندنـــی قوتابخانـــە، پاراســـتنی جێگـــە گشـــتییەکان وەک مزگەوتو مەوقوفات، مەدرەســـە و ئاوو لەوەڕگەو پردو ڕێگاو بان و لێرەوار، لوولەکەشیو بـــەرق بە تێکڕایی جێگـــەو کەلو پەل کە بە گشـــتی ئاوەدانـــی کەڵکی لێ وەردەگرێ.

ب- کۆکردنـــەوی داهاتـــی تایبەتی دیاری کـــراوی بەڕێوەبردنی کارو باری کۆمەڵایەتی.

ج- شـــوورای گوند لە کا و بـــاری دادپەروەریدا تا دیـــاری کردنی قانوون لە لایەن شـــوورای سەرانسەری کوردســـتانەوە بە گوێرەی گەڵالەی قانوونی سزادانی گشتی بەڕێوە دەچێ.

١٦. ئەرک و دەسەڵاتی شووڕای ناوچە:

الف- پێشنیار بۆ بەرەو پێش‌بردنی کارو باری ناوچە بە گشتی،پێ‌ڕاگەیشتن بە کارەکانی شوورای گوندەکان.

ب- لێکوڵینەوەو بڕیاردان لە سەر کارەکانی قەزائی شوورای گوندەکان.

١٧. ئەرک و دەسەڵاتی شوورای شار:

الف- ڕاگەیشـــتن بە ســـەر هەمووکارەکانی شـــارەداریو دانـــی گەڵالەی ئاوەدانی بۆشار.

ب- چاودێری بە سەر کارو باری فەرهەنگی، ئابووری، قەزائیو ئیدارەکانی دیکە بۆ باشتر بەڕێوە بردنی کارو باری کۆمەڵایەتی.

ج- دیاری کردنـــی ڕادەی عەوارێـــز دانانـــی نـــرخ و چاوەدێـــری بەرگری لە گرانفرۆشی.

١٨. ئەرک و دەسەڵاتی شورای شارستان:
الف- چاودێری بە ســەر کاروباری شووراکانی گوندو ناوچە، شار، لابردنی کەندو کۆسپ و ڕێنوێنی پێدان بە ئەوان.
ب- دارشتنی گەڵالە بۆ بەرەو پێش بردنی کاروباری کۆمەل.
ج- بەرپرس بوون سەبارەت هەموو کەم و کوڕییەک و بەڕێوەبردنی گەڵالە و بڕیارەکان لە لایەن شووراکانی گوند و ناوچە و شارەوە.
١٩. شووراکانی گەل بەرامبەر بە خەڵک کە هەڵی بژاردوون و بەرامبەر بە شووڕای سەرەوە بەرپرسن.

# بەشی پینجەم:
# چۆنیەتی بەڕیوەبردنی هەڵبژاردن

٢٠. دوای پەســەندکردنی دوایــی ئەم گەڵالەیە، مانگێک پێش دەســت پێکردنــی هەڵبژاردن چۆنیەتــی هەڵبژاردن شــووراکان و ئەندامان لە گوندو ناوچەو شارو شارستاندا لە ڕادیو دەنگی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە.
یازدە ڕۆژ پێش هەڵبژاردن هەیئەتی چاوەدێری بەو چەشــنە لە شارو دێ پێک دێ و کاری هەڵبژاردن بەڕیوەدەبا.
الف- گوند: سێ کەس لە باوەڕ پێکراوانی خەڵکی دێ بەو مەرجە کە خۆیان کاندیــد نەبن بۆ چاوەدێــری دیاری دەکرێ لە گەڵ نوینــەری کاندیداکان و هەڵگری سندووق یا بەرگەی پێویست کاری هەڵبژاردن بەڕێوە دەبن.
ب-شــار: هەیئەتی چاودێری :لە شــاردا لە نوێنەرانی چیــن و توێژەکانی دانیشتووی شارو هەروەها لە نوێنەرانی تاقمە سیاسیەکان پێک دێ.

# بەشی شەشەم:
# «داهات و دەرکەوتی شووراکان»

٢١. داهاتی شـوورا: بریتیە لە ماڵیات، سـەرانە، زەکات، عەوارێز، حەقی لەوەڕگـە، هەوارانـە و هەموو داهاتێک کـە وەرگرتنی لە ئەسـتۆی دەوڵەت و حکومەتە.

دەرکەوتی شـوورا: بریتییـە لە خەرج و یارمەتی هەمـوو موچەخۆرانی ئەم شوورایە.

تێبینی: ١- هەر شووڕایەک دەفتەری ماڵیی خۆی هەیە کە هەموو داهات و دەرکەوتێکی بڕیار لە سـەردراوی تێدا دەنوسرێ و هەر شەش مانگ جارێک پلانی بیلانی خۆی دەدا بە خەڵک و شوورای سەرەوتر.

تێبینـی: ٢- هەر شـووڕایەک دراوی زیـادی لە دەرکەوتـی خۆی هەبێ تەحویلی شـوورای سـەرەوەتر دەدا کە لە ئاکامدا دەچێتـە خەزێنە بە پێی بڕیاری شوورای سەرانسەری کوردستان خەرج دەکرێ.

بەشی حەوتەم:


هێزی ئیجرایی بەڕێوەبەری شوراکان

٢٢- هێـزی ئیجرایی شـوورا لـەو پێشـمەرگانە پێک دی کـە لە هەل و مەرجی تایبەتی لە ئاییـن نامەی خویـدا هەڵدەبژێردرێ و دادەمەزرێن، ئەو پێشـمەرگانەی پاراسـتنی ئاسـایش و هێمنایەتی ناوخۆ بەجـێ گەیاندن و بەڕێوەبردنی بڕیاری شووراکان بە ئەستۆ دەگرێ.

تێبینی: تـا پێکهاتنی ئەو هێزە، پێشـمەرگەکانی حیزبـی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەر داخوازی شووراکان ئەو ئەرکە بە جێ دێنن.

سەرچاوەکان:

١- رۆژنامەی کوردستان چاپی سەردەمی کۆمار
٢- چل سال خەبات ،ن:د.عبدولرەحمانی قاسملو
٣- کۆماری کوردستان ،ن:حامید گەوهەری
٤- ناسیونالیزم وناسیونالیزمی کوردی، ن:جەعفەرعەلی
٥- کیشەی کەسایەتی یاسایی نیونەتەوەیی گەلی کورد،ن:د.مارف عومەر کوڵ
٦- لەمەهابادی خوینین هەتا کەنارەکانی ئاراز،ن:نجفقلی پسیان
٧- خلاصە تاریخ کوردستان،ن:ئەحمەد قازی
٨- کوردلە گەمەی سۆڤیەت دا،ن:نوشیروان مستەفا
٩- راپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی ٤ی ح.د.ک.ئ
١٠- راپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی ٦ی ح.د.ک.ئ



تصويبى قانونى مجازات

بەرابەر بە امریەی ژمارە ١٦٠٧ – ٢٥٠٢٠١ کمیتەی مرکزی حزب دیوان حرب هیزی دیمو کراتی تشکیل وقانونی مجازاتیش وەك لەخوارەوە نوسراوە تصویب بو :

قانون

# THE RULE OF LAW AND THE DEMOCRATIC PARTY

OMAR BALAKI

KURDISTAN 2016